غازی حەسەن

# لە ئەمەریکاوە

## ناسین. مەعریفە، شیکردنەوە

بەشی دووەم

٢٠٢٤

* ناوی کتێب: لە ئەمەریکاوە ناسین، مەعریفە، شیکردنەوە (بەشی دووەم)
* نووسینی: غازی حەسەن
* تایپێست و نەخشەساز : نووسەر
* چاپ: یەکەم : ٢٠٢٥
چاپخانە:
تیراژ: ٥٠٠
نرخ: ٥ هەزار دینار

**ئەم کتێبەشم وەکوو بەشی یەکەم بەهۆی نەدارییەوە، تەنیا بە (PDF) چاپ و بڵاودەکەمەوە. کار و نووسینی یەک ساڵە لەبارەی ئەمەریکا. نرخی سوپاسێکە، تکا دەکەم بیخوێننەوە بۆ تێگەیشتنێکی قووڵ سوود بەخشە.**

* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی()ی ساڵی ی پێدراوە.

## بەری پەیڤین

ئەم کتێبە بەشی دووەمی ئەو لێکۆڵینەوەیە، کە لەبارەی ئەمەریکا وەکوو خۆی نووسیومە، لێکۆڵینەوە و ژمارە و زانیاریی جیاوازە، ئەو کەسانەی دەیانەوێت لە هەقیقەتی ئەمەریکا وەکوو دەوڵەتێکی پێشەنگی سەرمایەداری، خودان مێژووی دیموکراسی سیاسی و پێکهاتەی نەتەوەیی و زمان و ئایین و کەلتووری فرە بخوێننەوە، لێکۆڵینەوە بکەن، دەتوانن سوود مەندبن لەم لێکۆڵینەوانەم. بەشی یەکەمم لەساڵی ٢٠٢٤ بڵاوکردۆتەوە، کە قسەکردنە لەبارەی ساڵی ٢٠٢٣ی نێو ئەمەریکا. بەشی دووەمیش تایبەتە بەڕووداوە گرنگ و سەرەکییەکانی ساڵی ٢٠٢٤. کەسانی دیکە، بەشێواز و مەبەست و توانای جیاوازەوە لە دیاردە و هەواڵ و بابەتە جیاوازەکانی ئەم وڵاتە مەزن و هێزدار و گرنگە بڕوانن.

من لە ڕوانگەیەکی جیاوازتر لەوانی دیکە شتەکانم بینیوە، ژیانی خەڵک، سیاسەتی بنەڕەتی، بیناکردن و دۆخی دەروونی و دارایی تاک و ژیانی کەلتووریی و ئەخلاقی خەڵک. هێڤی دەکەم خوێنەر شتەکان بەوردی بخوێنێتەوە، لێکیان بداتەوە و سوود لە زمانی ژمارە و هەقیقەتە نادیارەکان وەرگرێت.

# ململانێی کۆمارییەکان و دیموکراتەکان لەساڵی ٢٠٢٣دا بەرەو کوێ؟

(1)

دوای هەڵبژاردنی نیوە هەرچەندە دیموکراتەکان چاوەڕوانبوون کە ژمارەیەکی کەمتر لەو ڕێژەیەی ئێستا لە کۆنگرێس بەدەست بهێننەوە، کۆمارییەکان بە چەند کورسییەک لەپێش دیموکراتەکانن، دیموکراتەکان لەئەنجوومەنی پیران بەیەک کورسی لەپێش کۆمارییەکانن. بێگومان لەململانێی دیموکراسیانەی سیاسیدا هێز لای دەنگدەرە، دەنگدەر دەتوانێت هێز ببەخشێتە ئەو لایەنەی، کە دەیەوێت لەماوەی حووکمڕانیدا زۆرینە بێت، یان سزای بدات لەبەر هۆکاری فکری و سیاسی و ئەخلاقی و ئابووری و دیپلۆماسی.

کۆمارییەکان لەسەرەتای ساڵی نوێدا، بەپێی یاسا دەبێت سوێندی یاسایی لەئەنجوومەنی نوێنەران (کۆنگرێس) بخۆن و سەرۆکی کۆنگرێس هەڵبژێرن، بانگەشەی تۆڵەکردنەوە لە (بایدن)ی سەرۆک کۆماری ئەمەریکا دەکەن و دەیانەوێت

ژمارەیەک مەلەفی گرنگی ساڵی ڕابردوو، کە بەشێکیان پەیوەندی بەسیاسەتی دەرەوە و ڕووداوە گەرمەکانی دونیا وەکوو بڕیاری کشانەوە لە ئەفغانستان و هاوکاری بە ملیارەهای ئۆکرەین هەیە، دژی سەرۆکی ئێستای وڵات بەکاربهێنن. سەرباری کێشەی ئابووری و ژمارەیەک دۆسیەی ئاڵۆزی دیکە لە کۆشکی سپی و مەسەلەی دادگایی کردنی (ترەمپ) و دۆسیەی کوڕەکەی (بایدن).




https://www.google.com/search?sca_esv=f4be2e87f9a954f4&rlz=1C1GCEA_enIQ763IQ763&sxsrf

**چۆن دیموکراتەکان بوونە زۆرینەی پیران**

لەهەقیقەتدا هەردوو حزب نیوە بەنیوە بوون لەئەنجوومەنی پیراندا، بەڵام هەرچەندە سیناتۆری دیموکراتەکان (کریستین سینما) وازی لەحزبەکەی هێنا و ڕایگەیاند ئەو وەکوو کەسێکی سەربەخۆ کار دەکات، هێشتا دیموکراتەکان پەنجا دەنگن بەرانبەر ٤٩ دەنگی کۆمارییەکان. ئەم جیابوونەوەیە گۆڕانێکی بچووکی لە ژمارەکان دروست کردووە. لەکاتێکدا کۆمارییەکان ٢٢٢ کورسی و دیموکراتەکانیش ٢١٤ کورسیان لە کۆنگرێس بەدەستهێناوە.

ئەم ئافرەتە نوێنەرایەتی ویلایەتی ئەریزۆنا لەئەنجوومەنی پیران دەکات، بڕیاری دراوە ئەو بەشێوەیەکی ئاسایی لە لیژنەکانیدا کاری خۆی بکات و وەکوو بێلایەنێک دەمێنێتەوە، هەندێک ئەمە بەگورزێکی گەورە دژی دیموکراتەکان دەزانن. (شۆمەر)یش گووتیەتی ئەمە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر بڕیارەکان و پێگەی دیموکراتەکان لە پیران نابێت، چونکە دیموکراتەکان لەلیژنە گرنگەکانی وەکوو دەرکردنی بڕیار و هەموارکردنەوەی یاساکاندا باڵادەستن و پێویستیان بەپاڵپشتی کۆمارییەکان نییە. دوای ئەوەی دیموکراتەکان لە جۆرجیا نوێنەرێکیان بەدەستهێنا، ئیدی ترسی زۆرینە و بڕیاردانیان لەئەنجوومەنی نوێنەران نەما. بەپێی ئەو وتارەی (سینما) لەڕۆژنامەی (ئەریزۆنا ڕیپابلیک) بڵاوی کردۆتەوە گووتیەتی: چی دیکە نایەوێت خۆ بەسیاسەتی حزبی ببەستێتەوە. کاتێک سیاسییەکان جەخت لەسەر بردنەوە دژی حزبی بەرهەڵستکاری

خۆیان دەکەنەوە، بیر لەباشترکردنی ژیانی ئەمەریکییەکان ناکەنەوە، بۆیە ئەوەی لەم ململانێیە دەدۆڕێت خەڵکی ئاسایی ئەمەریکایە. بۆیە من خۆم بە بێلایەن لە ئەریزۆنا دادەنێم، ئەوانەی سیاسەتی حزبی ڕەتدەکەنەوە و ڕایدەگەیێنم بێلایەنم.

**شەڕی ئۆکرانیا**

کۆمارییەکان ڕەخنە لەوە دەگرن لە کۆنگرێس لەدواین خوولی کارەکانیدا بڕیاری داوە ٤٥ ملیار دۆلاری دیکە بە ئۆکرەین ببەخشرێت، بەمەش تێکڕای هاوکارییەکانی ئەمەریکا بۆ شەڕی ئەو وڵاتە دەگاتە ١١٣ ملیار دۆلار. (بایدن) باش دەزانێت لەسایەی زۆرینەی کۆمارییەکان ناتوانێت ئەوها بەئاسانیی ئەم بڕە پارەیە بۆ هاوکاری شەڕی ئۆکرەین بەدەست بهێنێت. (مایک مکۆل) سەرۆکی کاروباری دەرەوە گووتیەتی لەبیر نەکەین (چاودێری و شەفافیەت و سزادان) لەگۆڕێ دایە، چی دیکە کاغەزی سپیان تەسلیم ناکەین و بە چەکی سپی پارەیان بۆ ئیمزا ناکەین. ئەو دەڵێت ئەگەر لەم جەنگە دۆڕاین ئەوا چین چاو دەبڕێتە تایوان و ئێران هاوکاری ڕوسیایە، سەرباری کۆڕیای باکوور و کێشەکانی و بەردەوامیش کەرەستەی جەنگی پێشکەشی ڕوسیا دەکات.

**کشانەوە لە ئەفغانستان**

کۆمارییەکان بڕیاریان داوە لێکۆڵینەوە لەسیاسەتی (بایدن) و بڕیاری کشانەوەی ئەمەریکا لە ئەفغانستان بکەن، داواش دەکەن بەهۆی ئەم بڕیارەوە سەرۆکی ئەمەریکا لەکار دوور بخرێتەوە. (ماکۆل) گووتیەتی (ئەم شێوە کشانەوەیە سەرشۆڕی و شەرمە بۆ ئەو سەربازانەی ئەمەریکا، کە لە ئەفغانستان خزمەتیان کرد). داوا دەکەین وەلامی هەموو ئەو پرسیارە زۆرانە بدەنەوە، کە پەیوەندییان بە پلانی کشانەوە و چۆلکردنی ئەوێ هەیە. هەر ئەو کاتەی بڕیاری کشانەوە لە ئەفغانستان درا، سەرۆکی ڕوسیا بڕیاری دا بچێتە نێو ئۆکرەین. ئەمانە بۆ و چۆن؟




https://www.google.com/search?sca_esv=f4be2e87f9a954f4&rlz=1C1GCEA

**ڕکابەری دژی چین**

(کیڤن مەکارسی) سەرکردەی کۆمارییەکان لە کۆنگرێس گووتیەتی پێویستە لیژنەیەکی پسپۆر بۆ ململانێ لەگەڵ چین دابنرێت و (مایک گالاگر)ی کۆمارییش وەکوو سەرۆکی لیژنەکە دیاریکراوە. بیرکردنەوەیان وایە پشت بەستن بە ئابووری چین کەمبکەنەوە و هێزەکانیان بۆ داکۆکی لە تایوان پتر بکەن و حزبی شیوعی چینی بەگەورەترین هەڕەشە دژی خۆیان دادەنێن. لەم پێناوەشدا چوار تەوەری سەرەکی وەکوو ئامانج و ستراتیژ دیاریکراوە لەوانە (کۆتایی هێنان بەپشت بەستن بە ئابووری چین، بەهێزکردنی سوپا لە پێناو داکۆکی لە تایوان و شوێنەکانی دیکە، کۆتایی هێنان بە دزینی زانیاریی کەسی داهێنانی فکری لەلایەن چینەوە، لەڕێگەی بەکارهێنانی بەهای ئازادییەکان ڕووبەڕووی چین ببنەوە). واتە کۆمارییەکان پێچەوانەی دیموکراتەکان دەیانەوێت پشت بەهێزی سوپا و وازهێنان لەپشت بەستن بە ئابووری چین و پەرەدان بەپەیوەندیی و ململانێکان لەگەڵ چین ببەستن.
لەکردەوەدا دیموکراتەکان لەم جۆرە پەیوەندییانەدا پتر مەیلیان بەلای هەنگاوی دیپلۆماسی و کەمکردنەوەی ئەگەرەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازییە. کۆمارییەکان هەمیشە بەکارهێنانی سوپا و هێز وەکوو یەکێک لەئەگەرەکانی یەکلایکردنەوەی کێشە و ململانێ و ناکۆکییەکان بەکاردەهێنن.

## کوڕەکەی بایدن

کۆمارییەکان دەیانەوێت جارێکی دیکە دۆسیەی کوڕەکەی (بایدن) (هنتەر بایدن) لە کۆنگرێس نوێ بکەنەوە بەتایبەتیش دۆسیەی مامەڵەکردنی دارایی لەگەڵ چین، بۆیەش (جێمس کۆمەر) سەرۆکی نوێی دەستەی چاودێری و چاکسازیی لە حکوومەتدا ڕایگەیاندووە "مامەڵە و هەڵسوکەتی ئەندامەکانی خانەوادەی (بایدن) لەگەڵ ئەو کۆمپانیانەی پەیوەندییان بە حزبی شیوعی چینییەوە هەیە، جێگەی گومانە، چونکە ئەم جۆرە مامەڵەیە هەڕەشەیە لە دژی ئاسایشی نەتەوەیمان، بۆیە کۆمارییەکان دەسەڵاتی زۆرینەی خۆیان لە کۆنگرێس لەبارەی ئەم دۆسیەیە لەپێناو بەدەستهێنانی وەڵامی شەفاف و ڕوون و سزادان بەکاردەهێنن".

## کۆچ و کۆڤید


دوو دۆسیەی دیکەی گرنگ لەبەردەم کۆمارییەکان دایە، کە ئەوان بەتووندی دژی کۆچکردنی نایاسایین بۆ نێو ئەمەریکا و ئەمەش دەمێکە بۆتە جێگەی مشتومڕی نێوان هەردوو حزبی سەرەکی و ڕکابەری یەکتر. بۆیە دەیانەوێت یاسایەکی نوێ دەربکەن کە وەزارەتی ناوەخۆ والێ بکات ڕێگە لەپەڕینەوەی نایاسایی لەسنوورەکان بگرێت. ئەم بیرۆکەیەش وا دەکات کۆمارییەکان هەنگاو بنێن بۆ لادانی وەزیری ئاسایشی نەتەوەیی (ئەلیخاندرۆ مایوکاس)، کە تۆمەتی ئەوەی دەخرێتە پاڵ گوایە

یاسای ڕێگریکردن لەپەڕینەوەی نایاسیی و قاچاخچیەتی بە ماددە هۆشبەرەکان لەسەر سنووەرەکان جێبەجێ نەکردووە.
سەرباری ئەوەش کار دەکەن لێکۆڵینەوە لەپەیڕەو نەکردنی تەواوی ئەو هەنگاوانە بکەن، کە بۆ ڕووبەڕووبوونەی کۆڤید ١٩ پێویست بوون، بەتایبەتی لەبارەی ئەو تۆمەتانەی بە درۆ و بێ بایەخکردن ناو دەبرێن و دەبەسترێنەوە بە(ئەنتۆنی فاوتچی) کە یەکێکە لەڕاوێژکارە گەورەکانی بواری پزیشکی لە کۆشی سپی. واتە کۆمارییەکان دەیانەوێت لەتەک ڕکابەریی و ململانێی سیاسی ژمارەیەک دۆسیە دژی سەرۆکی ئێستای ئەمەریکا (جۆ بایدن) و دیموکراتەکان بەگشتی بجووڵێنن، کە دەبێتە هاندەر و ڕێگر لەبەردەم خۆ کاندێدکردنەوەی (بایدن) لەخووڵی هەڵبژاردنی ٢٠٢٤دا.
هەر لەم ڕێگەیەشەوە دەیانەوێت پێگەی کۆمارییەکان بەهێز بکەنەوە.

# بۆ یەکەمین جار دوای سەد ساڵ...
# سەرکردەی کۆمارییەکان لە کۆنگرێس کێشەی بەدەستهێنانی متمانەی هەیە..!

(2)

لە ٣-١-٢٠٢٣دا سەرکردەی زۆرینە لەڕیزی کۆمارییەکاندا دوای سێ جار لە دەنگدان لە کۆنگرێس نەیتوانی متمانەی پێویست بۆ دەستبەکاربوون وەکوو سەرۆکی کۆنگرێس بەدەست بهێنێت. ئەمەش دوای سەد ساڵ واتە لەساڵی ١٩٢٣ەوە یەکەمین جارە کەسێک بەم جۆرە لەسێ خوولی دەنگدانی بەدوای یەکدا نەتوانێت دەنگی پێویست بۆ بوونە سەرۆکی کۆنگرێس بەدەست بهێنێت.




https://www.google.com/search?q=Republican+leader+in+Congress+has+trouble+winning+confidence

سەرۆکی کۆنگرێس بەپلەی سێیەمی دەسەڵاتی سیاسی دێت، سەرۆکی وڵات پلەی یەکەم و جێگرەکەی پلەی دووەمی دەسەڵاتن. دوای هەڵبژاردنەکانی نۆڤێمبەری ٢٠٢٢، ئەمجارە کۆمارییەکان توانیان زۆرینەی دەنگەکان بەدەستبهێنن و ئەو زۆرینەی دیموکراتەکان تێکبشکێنن، کە لە خوولەکانی دیکەی هەڵبژاردن بەدەستیان هێنابوو، ژمارەی کورسییەکانی کۆمارییەکان گەیشتۆتە ٢٢٢ و دیموکراتەکانیش ٢١٢ کورسیان هەیە. بۆیە (مەکارسی) نوێنەری ویلایەتی کالیفۆرنیا سەرۆکی زۆرینەی کۆنگرێس کە کۆمارییەکانن، پێویستی بە ٢١٨ دەنگی

بەڵێ دەبێت بۆ ئەوەی وەكوو سەرۆكی كۆنگرێس دەست بەكاربێت. (مەكارسی) توانی ٢٠٣ دەنگ بە بەڵێ كۆبكاتەوە، بەڵام نۆزدە كەسی دیكە دژی بوون وەكوو بەرهەڵستكار و نارازییەكی توند دژی وەستانەوە.

**كێشەكە چییە**


كێشەی بەردەم (مەكارسی) ئەوەیە یەكێكە لەو كەسانەی نزیكی سەرۆكی پێشووی ئەمەریكا (دۆنالد ترەمپ)ە، ئەمەش وایكردووە جۆرێك لەنیگەرانی لەلایەن نەك تەنیا دیموكراتەكان، بەڵكو خودی هەندێك لە كۆمارییەكانیش دروست بكات. بۆیە گرفتی مەزن ئەوەیە، كە كۆمارییەكانیش هەندێكیان دەنگیان پێ نەداوە. پێنج لە ئەندامەكانی كۆمارییەكانی دژایەتی خۆیان دژی (مەكارسی) ڕاگەیاندووە، هەروەها نۆ نوێنەری دیكەش هێشتا دیار نییە هەڵوێستیان چی دەبێت، بەڵێ ئەو پێنج دەنگە بەرهەڵستكارە كۆمارییە بەسە، بۆ ئەوەی سەركردەی كۆمارییەكان (مەكارسی) نەتوانێت دەنگی پێویست بۆ دەستبەكاربوونی وەكوو سەرۆكی كۆنگرێس بەدەست بهێنێت.

لەدۆخی وەهادا دەنگدانەكان بەردەوام دەبێت، تاكوو یەكێك لە بەربژێرەكان دەنگی پێویستی ئەندامەكانی كۆنگرێس بەدەست دەهێنێت. (نانسی بیلۆسی تەمەن ٨٢ ساڵ) كە پێشتر سەرۆكی كۆنگرێس لە لیستی دیموكراتەكان بوو، گووتیەتی ئەو بەنیاز نییە هیچ ئەركێكی سەركردایەتی دیاریكراو لە كۆنگرێس وەربگرێت. لە گوتارێكدا لەنێو كۆنگرێس ڕایگەیاند ئێستا كاتی

ئەوەیە دیموکراتەکان بایەخ بە نەوەی نوێ بدەن. لەهەمان گاڤیشدا (جۆ بایدن) ڕایگەیاند ئامادەیە هاریکاریی کۆمارییەکان بکات و سەرکردەی کۆمارییەکانیش (کیڤن مەکارسی) گووتیەتی " ئەمەریکییەکان ئامادەن بۆ ئاراستەیەکی نوێ و کۆمارییەکانیش لەئەنجوومەنی نوێنەران ئامادەن بۆ بەدیهێنانی ئەم شتە".
(ئاندی بیگز مەکارسی) نوێنەری کۆمارییەکان گووتیەتی کێشە ئەوەیە ئەم کەسە لەپێناو بەدەستهێنانی پلەکەی واز لەهەموو شتێک دەهێنێت، لەبەرانبەر ئەوەشدا (دون بایکن) کە دژی بەرهەڵستکارەکانی بەربژێری کۆمارییەکانە، گووتیەتی: ئەوەی پێویست بوو کردمان، چی دیکە ڕێگە نادەین ئێمە وەکوو دەستبەسەرکراوی دەستی ٥-٦ کەسێک بین.
کۆمارییەکان هیوایان ئەوە بوو لەهەڵمەتی (شەپۆڵی سوور)دا لە ئەنجوومەنی پیران و کۆنگرێسدا زۆرینە بەدەستبهێنن بەڵام نەیانتوانی بگەنە ئەو ئامانجە و تەنیا لە کۆنگرێس زۆرینەیان بەدەستهێناوە، ئەوان لەهەڵمەتەکانیاندا بەتووندی دژی سیاسەتی ئابووری (بایدن) و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ چین و کشانەوەی ئەمەریکا لەئەفغانسان بوون، سەربارى چۆنیەتی خەرجکردنی ئەو پارە زۆرەی بۆ ئۆکرەین تەرخانکراوە. لەم هەڵبژاردنەدا دیموکراتەکان لەڕێگەی لەژێر دەست دەرهێنانی نوێنەری کۆمارییەکان لە ویلایەتی پەنسلڤانیا و دواتریش بردنەوەیان لە هەردوو ویلایەتی ئەریزۆنا و نیڤادا، توانین لەڕێگەی بەدەستهێنانی پەنجا نوێنەر و دەنگی جێگری سەرۆکی وڵات (کامالا هاریس) لەئەنجوومەنی نوێنەران ببنەوە

زۆرینەوە. بەم شێوەیە (چاک شۆمەر)ی کە نوێنەری ویلایەتی نیویۆرکە وەکوو سەرکردەی دیموکرتەکان لە ئەنجوومەنی پیران دەمێنێتەوە و (متش مەکونیل)یش وەکوو سەرکردەی کەمایەتی کۆمارییەکان لەو شوێنەکەی خۆی دەمێنێتەوە، کە لەساڵی ١٩٨٥ەوە ئەم پلەیەی هەیە و نوێنەری ویلایەتی کەنتاکییە.

(کریستین سینما) ئەو ئافرتە نوێنەری دیموکرتەکان ڕایگەیاند ئەو چی دیکە لەلیستی دیموکراتەکان نامێنێتەوە و وەکوو کەسێکی بێلایەن و دوور لەحزبایەتی ئەرکەکانی لەئەنجوومەنی پیران ئەنجام دەدات، ئەمەش وایکرد دیموکراتەکان پەنجا کورسی و کۆمارییەکان ببنە خاوەنی چل و نۆ کورسی.




https://www.google.com/search?q=Republican+leader+in+Congress

**بۆ جاری دووەمیش نەیتوانی ببێتە سەرۆک**

لەگەڵ درێژە کێشانی ناکۆکییەکانی نێو کۆمارییەکان، ڕۆژی چوارشەممە ٤-١-٢٠٢٣ بۆ جاری دووەم (کیڤن مەکارسی) نەیتوانی دەنگی پێویست بەدەست بهێنێت و دوای شەشەمین جار لە دەنگدان نەگەیشتە مەرامی بەدیهێنانی کورسی سەرۆکایەتی کۆنگرێس. ئەمەش پەیوەندی بەهەڵوێستی ژمارەیەک لە ئەندامەکانی سەر بەخودی کۆمارییەکان هەیە، کە بەوە ڕازیی نین ئەم سەرکردەیەی کۆمارییەکان ببێتە سەرۆکی کۆنگرێس. لایەنگرە سەرسەختەکانی (دۆنالد ترەمپ) بەهۆی هەڵوێستە توندەکانیان لەگەڵ ئەوەنین کێشەکان بەسازش چارسەر بکەن بۆ ئەوەی بگەنە هەنگاوێکی هاوبەش. (ترەمپ) لەپێگەی (تروس سۆشیال) وەکوو پاڵپشتییەک بۆ کاندێدەکەیان ڕایگەیاند: "ئێستا کاتی ئەوەیە هەموو ئەندامەکانی کۆمارییەکانی نوێنەران دەنگ لەقازانجی (کیڤین) بدەن و ئەو هەڵسوکەوتە ڕابگرن و سەرکەوتن بەدەستبهێنن. سەیر بکەن چۆن (نانسی بیلۆسی) شێت و دێوانە بەتێکشکاوی بەرەو ماڵەکەی لە کالیفۆرنیا سەفەر دەکات" و دواتر دەڵێت "ئەی کۆمارییەکان سەرکەوتنە گەورەکە مەگۆڕن بۆ تێکشکانێکی گەورە و بێزاریکەر، ئێستا کاتی ئاهەنگ گێڕانە و ئێوە شایانی ئەوەن، (کیڤن مەکارسی) کارێکی نوێ، بەڵکوو کارێکی ناوازە دەکات".

گوتاری (مەکارسی) بەپێی لێکدانەوەکان جۆرێک لەبادانەوە و هەوراز و نشێوی تێدایە. لە گوتارێکی نیمچە توند دەڵێت "ژمارەیەک ئەندام کۆنگرێس دەیانەوێت کۆسپ دروست بکەن". هەندێکیش گلەی لەخودی (مەکارسی) دەکەن و پێیان وایە ئەو کاتی خۆی ڕەخنەی لەسیاسەتی (ترەمپ) لەبارەی ڕووداوەکانی کاپیتۆل گرتووە، کەچی بەشێوەیەکی خێرا بایداوەتەوە. بەرهەڵستکارەکانی نێو حزبی کۆماری پێیان وایە ئەوەی (مەکارسی) دەیکات کێشەکانی نێو حزب قووڵتر دەکاتەوە و گومان دێخێتە سەر دەنگە بێلایەنەکان و ئەمەش دوور نییە لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی خراپ بشکێتەوە. (میک مولفانی) گووتیەتی "ئەمە کێشەی حزبە، ئێمە وامان لێهاتووە تەنیا ناتوانین بڕیار بدەین کێ سەرکردەی حزبەکەشمانە". ئەمەش جۆرێک لەگرژیی و دڵتەنگی لەنێو ئەندامەکانی کۆمارییەکان لە کۆنگرێس دروستکردووە.

(جێم گۆردانی) ئەندامی کۆنگرێس لەسەر لیستی کۆمارییەکان بەشێوەیەکی دیکە گوتارەکەی ئاراستە دەکات و دەڵێت "پارێزگارە بەرهەڵستکارەکان پێویستە یەکێتی ڕیزەکانمان بپارێزین، جەخت لەسەر ڕووبەڕووبونەوەی دیموکراتەکان بکەینەوە. نابینن سنوورەکانمان ئاسایشی تێدا نییە، سیاسەتێکی هەڵەی وزەمان هەیە، سیاسەتێکی خراپی پەروەردە و خەرجکردنی سەرفیاتمان هەیە و سەرفیات ژمارەی پێوانەیی تۆمار کردووە، هەڵئاوسان و قەرز زۆر بووە، حکوومەت گەلەکەمانی کردۆتە ئامانج".

هەندێک لەلیکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن ئەمە دەبێتە هۆکاری ئەوەی ئاژاوەیەکی سیاسی گەورە لەنێو کۆمارییەکان دروست بکات، ململانێی نێو ئەندامەکانی کۆنگرێسی سەر بە کۆمارییەکان کێشە ناوەخۆییەکانی ئەم حزبە بەرەو قەیران و ناکۆکی ببات، ئەگەر بەزووی سازش لەنێوان خۆیان نەکەن. (مەکارسی) دوای ڕەخنەگرتن لە (ترەمپ) و کاتی خۆی داوای دەست لەکارکێشانەوەی لێکرد، دوای ماوەیەک لە فلۆریدا چووە ماڵەکەی (ترەمپ) و داوای بووردنی لێکرد و ئیدی بەرە و (ترەمپ)یزم بایدایەوە ئەمەش ئێستا بۆتە جێگەی ناکۆکی لەنێوان ئۆپۆزسیۆنی نێو کۆمارەییەکان و لایەنگرانی (ترەمپ). بەرهەڵستکارەکان بەوە تاوانبار دەکەن، کە دەیانەوێت لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان کار بکەن. (مارگۆری تایلۆر گرین) کەیەکێکە لەئافرەتەکانی کۆنگرێس و لەلیستی کۆمارییەکان دایە، لەبارەی قەیرانەکان دەڵێت "ڕەنگە خراپترین شت ڕووبدات".

**نارۆم و ئەو کورسییە هەر وەردەگرم**

لەگوتارێکدا (مەکارسی) لەبەرەدەم هاوڕێکانی بە دڵنیایی و بڕوا بەخۆبوونەوە لە کۆنگرێس گووتیەتی "ئەم ئەرکە بەدەست دەهێنم، نارۆم". تاکوو نووسینی ئەم بابەتە ئامادە نییە گفتوگۆ لەگەڵ دژەکانی خۆی لەنێو لیستی کۆمارییەکان بکات. ناڕازییەکان پێش دەنگدان لیستێکی داواکاریان بەم سەرکردەی کۆمارییەکان داوە، لەکاتێکدا پێ ناچێت قسە و گفتەکانی

ئەوانی ڕازی کردبێت، بۆیەشە ئەمە دووەم خوولی هەڵبژاردنە دەنگی پێ نادەن و فەشەل دەهێنێت.




https://www.google.com/search?q=Republican+leader+in+Congress


گوتاری (نارۆم و ئەم پلەیە هەر بەدەست دەهێنم)، بریتییە لە گوتاری پێداگری سەرکردەی زۆرینەی کۆمارییەکان لە کۆنگرێس. ئەم گوتارە لەهەمان گوتارەکەی (ترەمپ) دەچێت، کە دانی بەدۆڕان نەنا و پێداگری دەکرد لەسەر مانەوەی لە دەسەڵات، هەرچەندە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان دۆخی هەردوو سەرکردەی کۆمارییەکاندا هەیە.

هەندێک مەزەندەی ئەوە دەکەن ڕەنگە دۆناڵد (ترەمپ) کۆنترۆڵی ئەو گرووپە ڕاستڕەوە توندڕەوانەی لە کۆنگرێسدا لەدەستدابێت. بەپێی بۆچوونی یەکێک لە ئەندامەکانی پێشووی کۆنگرێس لە لیستی پارتی کۆمارییەکان. (کیڤن مەکارسی)، کۆماریخوازی کالیفۆرنیا، تەنیا دوای نیوەی شەوی شەممە، بە سەرکەوتوویی وەک سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران هەڵبژێردرا، ئەمەش دوای ئەوەی ١٥ خوولی دەنگدان ئینجا توانی وەکوو ڕووداوێکی مێژوویی سەخت بوو بەم ئامانجە بگات، کە بەتووندی لەپێناوی جەنگا. سەرەڕای ئەوەش سەرۆکی نوێی کۆنگرێس سوپاسی (ترەمپ)ی کرد، کە یارمەتی داوە بۆ دەستەبەرکردنی ئەو پۆستە، بەڵام (کارلۆس کوربێلۆ) نوێنەری پێشووی ئەمەریکا لەمیانی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ڕۆژنامەکاندا ڕۆژی یەکشەممە ڕایگەیاند، هەڵبژاردنی سەرۆکی کۆنگرێس دەریخستووە چۆن کاریگەریی (ترەمپ) لەناو پارتەکەدا کەم دەبێتەوە. (مەکارسی) ڕووبەڕووی ڕەخنەی زیاتر بووەوە بەهۆی ئەوەی سوپاسگوزاری خۆی بۆ (ترەمپ) دەربڕی دوای دەنگدانی کۆتایی و بەدەستهێنانی پلەی نوێ لە سەرکردایەتی وڵاتدا.

دوای ململانێیەکی سەخت و قورس لەنیوە خۆیاندا کۆمارییەکان توانیان لە دەنگدانێکی مێژوویی (کەمارسی) بکەنە سەرۆکی کۆنگرێس، دوای ئەوە دەبێت خۆیان ئامادە بکەن بۆ جێبەجێکردنی ئەو گفتانەی بە دەنگدەرەکانیان داوە لە سنووردارکردنی دەسەڵاتی (بایدن) و ئەو ڕەخنانەی لێی دەگرن. وەکوو هەندێک دەڵێن دۆخەکە سەختە. بابزانین ساڵی ٢٠٢٣ لەئەمەریکا چ دەقەومێت.

# شەڕی بەڵگەنامە نهێنییەکان و ململانێی سیاسی حزبەکان لە ئەمەریکا


(3)




https://www.google.com/search?sca_esv=f4be2e87f9a954f4&rlz=1C1GCEA

دیموکراتەکان بەخۆشییەکی زۆرەوە پێداگریان لەسەر دادگایی (دۆلاند ترەمپ) دەکرد، کە چەندین بەڵگەنامەی گرنگ و فەرمیان لەماڵەکەی دۆزیوەتەوە، ئەمەشیان بەدەرچوون لە یاسا و دەستووری ئەمەریکا سەبارەت بەچۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ بەڵگەنامە فەرمییەکانی کۆشی سپی و بەکارهێنایان لەشوێنی تایبەت دادەنا. ئەم بەزمە سیاسییە وەکوو فشارێک بەکاردەهێنرێت بۆ ئەوەی (ترەمپ) نەتوانێت جارێکی دیکە خۆی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ئەمەریکا هەڵبژێرێتەوە.
دوای هەڵبژاردنی ٢٠٢٢ ی کۆنگرێس و ئەنجوومەنی پیران و هەڵبژاردنی سەرۆکی کۆنگرێس، کە ئەندامێکی کۆمارییەکانە ئەمجارە کۆمارییەکان زۆرینەن لە کۆنگرێس. دەنگوباسی نێو ڕاگەیاندنی ئەمەریکا بەفەرمی ئەوەیان ئاشکرا کرد، کە چەندین بەڵگەنامەی فەرمی نهێنی لەنێو ماڵی (جۆ بایدن)ی سەرۆکی ئێستای ئەمەریکاش دۆزراوەتە و خۆشی بەهێمنی گووتیەتی بەڵێ، من وەکوو (ترەمپ) لاملی ناکەم و لەگەڵ دادگا هاوکار دەبم لە لێکۆڵینەوە و ساخکردنەوەی شتەکان.
(بایدن)یش ڕۆژی ١٩-١-٢٠٢٣ لەبارەی ئەم بەڵگەنامانەوە گووتی: "ئەو هەست بەهیچ پەشیمانییەک ناکات" سەبارەت بەچۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم بەڵگەنامانە، کە لەماڵەکەی و ئۆفیسە کۆنەکەی دۆزراونەتەوە. گووتیشی مەسەلەکە هیچ نییە، پارێزەرەکانم چیم داوا لێ بکەن ئەوە دەکەم و بەس. ئەم بەڵگەنامانە ڕادەستی ئەرشیفخانەی نیشتمانی دەکەم، کە لەشوێنی هەڵە دانراون. بەڵگەنامەکان

پەیوەندییان بەماوەی دەسەڵاتی ئەوە هەیە، کە جێگری سەرۆکی ئەمەریکا (ئۆباما) بووە. هەفتەی ڕابردوو دادوەری گشتی (میریک گارلاند) ڕاوێژکارێکی تایبەتی بۆ لێکۆڵینەوە لەو بەڵگەنامانە داناوە، کە لە ماڵی (بایدن) لە شاری (ویلمنگتۆن) لە ویلایەتی (دیلاوێری) دۆزراونەتەوە.




https://www.google.com/search?sca_esv=f4be2e87f9a954f4&rlz=1C1GCEA

لەهەمان کاتدا کۆشکی سپی دەڵێت "تورەبوونی کۆمارییەکان سەبارەت بەم بەڵگەنامانەی (بایدن) توورەبوونێکی دروستکراوە". ڕاشیگەیاندووە: سەرۆک تەنیا مامەڵە لەگەڵ کۆنگرێس دەکات و بەتایبەتی ئەوانەی نیەتی پاک و باشیان هەیە. کۆشکی سپی هەفتەیەک پێش ئێستا دانی بەوەدا نا، کە بەڵگەنامەی نهێنی لەماڵەکەی (بایدن) دۆزراوەتەوە و


پەیوەندییان بە (بایدن)ەوە هەیە لەو ماوەیەی ٢٠٠٩-٢٠١٧، کە جێگری سەرۆکی ئەمەریکا (باراک ئۆباما) بووە. بەڵگەنامەکانیش لە ئۆفیسێکی ئەو لە واشنتن و لەماڵەکەی لەدیلاوێری بووە.

ئەم مەسەلەیە لای کۆمارییەکان وەکوو دەستکەوتێکی سیاسی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، وەکوو چۆن دیموکراتەکانیش دژی (ترەمپ) هەمان شتیان کردووە، وەزارەتی دادیش ئاشکرای کردووە، کە مەسەلەکە پەیوەندی بە کۆنگرێسەوە دەبێت، ئێمە پێداگرین لەسەر ئەوەی بەدواداچوون بۆ ئەم مەسەلەیە بکرێت و چاوەڕوانیش دەکەین ئەندامەکانی کۆنگرێس بە نیازێکی باشەوە هەڵسوکەوت بکەن. کۆشکی سپیش دەڵێت: ئەندامی کۆمارییەکان لە کۆنگرێس ئەو متمانەیە لەدەست دەدەن ئەگەر بەتووڕەبوونێکی دەستکردەوە مامەڵە لەگەڵ مەسەلەکە بکەن. هەرچەندە ئەوان دەیانەوێت وەکوو دەستکەوتێکی حزبی سەیری مەسەلەکە بکەن.

کۆشکی سپی گووتیەتی (بایدن) هاوکار دەبێت لەگەڵ دادگا، کەچی (ترەمپ) ئەوەی ڕەفز کردۆتەوە، بۆیە پۆلیسی فیدرالی ناچاربوو لەهاوینی ڕابردوو هەڵبکوتێتە سەر ماڵەکەی و دەست بەسەر بەڵگە نامەکاندا بگرێت.

ڕۆژی شەممە، ٢١ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٣، (بۆب باوەر) پارێزەری تایبەتی (جۆ بایدن)، سەرۆکی ئەمەریکا ڕایگەیاند: لەکاتی گەڕاندا بەرپرسانی وەزارەتی دادی ئەمەریکا شەش

بەڵگەنامەی دیکەیان لەنێو ماڵی (بایدن)دا لەویلایەتی دیلاوێری دۆزیوەتەوە، ئەوەش لەکاتێکدایە لەچوارچێوەی ئەم ڕووداوانە دیموکراتەکان بەگەرمی (ترەمپ) تاوانبار دەکەن و دەیانەوێت دادگا ڕێگەی خۆ کاندێدکردنەوەی لێبگرێت و لەهەمان گاڤیشدا (بایدن) لەسەروبەندی بیرکردنەوە و خۆ یەکلاکردنەوەیە بۆ بەشداریکردن لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٢٤.




https://www.google.com/search?sca_esv=f4be2e87f9a954f4&rlz

(بۆب باوەر) گووتیشی "لەدوای دۆزینەوەی دووەم پاکێجی بەڵگەنامەکان، کۆشکی سپی ڕێگەی بەوەزارەتی داد داوە بۆ

ئەوەی ماڵەکەی (بایدن) لە دیلاوێری بپشکنن و دەشڵێت گەڕانەکە ڕۆژی هەینی کراوە و ١٢کاژێری خایاندووە و کونبەکونی ماڵەکەیان پشکنیووە".

ڕۆژی ١٢ـی کانوونی دووەمی ٢٠٢٣، (مێریک گارلاند) داواکاری گشتیی ئەمەریکا ڕایگەیاند" (ڕۆبێرت هێر)، کە لەلایەن (دۆناڵد (ترەمپ)ی سەرۆکی پێشووی وڵاتەکەوە وەکوو لێکۆڵەر دامەزرێندراوە، لێکۆڵینەوە لەوە دەکات، ئایا هەڵگرتنی ئەو بەڵگەنامانە پێشێلکردنی یاسایە یاخود نا .

بەگوێرەی کۆشکی سپی، "ژمارەیەکی کەم"ـی بەڵگەنامەی نهێنی لەدۆلابێکی داخراوی نووسینگەکەی (بایدن) دۆزراونەتەوە. میدیای ئەمەریکیش لەکاتی ئاشکرابوونی بەڵگەنامەکان ئاماژەیان بەتەنیا دە بەڵگەنامەی نهێنی کرد، کەچی ئێستا ژمارەکەیان زیادی کردووە.
(جۆ مانشین)ی سیناتۆری دیموکراتەکان و هەندێک لەئەندامەکانی دیموکراتەکان تووڕەن لەم هەڵسوکەوتەی لەمەڕ بەڵگەنامە نهێنییەکان ئاشکرا دەبن. ناوبراو لەدیدارێکی (سی ئێن ئێن) گووتیەتی: بڕوا ناکەم ئەمە چۆن ڕووی داوە، ئەمە کارێکی نامەسئولانەیە، بۆیە پێویستە بەرپرسانی ئەم ڕووداوە سزا بدرێن، با ئەمە گەورە بەرپرسەکانیش بگرێتەوە، هەر کارمەندێک ئەوەی کردبێت، لەکۆتایدا تاوانەکە دەکەوێتە ستۆی سەرۆک". (جۆل ڕۆبن)ی جێگری وەزیری دەرەوەی سەردەمی (باراک ئۆباما) ئەمەریکاش ڕایگەیاند: "ڕەخنەکان پەیوەندییان

بەوە هەیە، كە هێشتا شتەكان كۆتاییان پێ نەهاتووە و ترس هەیە بەڵگەنامەی نهێنی دیكەش لەشوێنی تایبەتدا بدۆزرێنەوە. گرنگ ئەوەیە دیموكراتەكان پێشوازیی لەشەفافیەت و هاوكارییەكانی سەرۆك دەكەن". لەهەمان كاتدا دیموكراتەكان ترسیان هەیە ئەمە كاریگەریی خراپی لەسەر حزب و خودی (بایدن)یش دروست بكات، پێیان وایە هەر كە مەزندەی ئەوە دەكەن شتەكان لەشوێنێك دەوەستێت، كەچی لەناكاو بەڵگەنامەی دیكە دەدۆزرێتەوە.
لە ٩ی شوبات دادوەر داوای لە (بنس) جێگری پێشووی (ترەمپ) كردووە بچێتە بەردەم دادگا بۆ ئەوەی لەبارەی هێرشەكانی ٦ی كانوونی دووەمی ٢٠٢١ بۆ سەر كاپیتۆل لیكۆڵینەوەی لەگەڵدا بكرێت. كەناڵی (ئەی بی سی) ئاشكرای كردووە ئەمە دوای ئەوە دێت، كە "چەند مانگە دانوستان لەنێوان دادوەرانی فیدراڵی و تیمی یاسایی بنس لەئارا دایە". دوورنییە زانیارییەكانی (بنس) ئەوە ساخ بكاتەوە، كە (ترەمپ) بە چ هێز و توانایەكەوە كاری كردووە ڕكابەرەكەی (بایدن) لە حزبی دیموكراتدا لەهەڵبژاردنەكان بدۆڕێت. ئەو كات (ترەمپ) فشارێكی زۆری خستبووە سەر (مایك بنس) بۆ ئەوەی واژۆ لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردن نەكات، هەر ئەو كاتیش (بنس) ڕەخنەی لەو هێرشكردنە سەر كۆنگرێس گرتبوو بە "كارێكی نابەرپرسانەی دانا"، كە (ترەمپ) تێیدا بەدۆڕاو دانراوە و هەر ئەو كات كۆنگرێس لەلایەن لایەنگرانی سەرۆكی وڵات ئابلوقە درابوو. (ترەمپ) دەیەوێت فشار دژی جێگرەكەی و پێدانی زانیاریی دروست بكات و پەناش بۆ ئەو دەسەڵاتە دەبات، كە ماف بەم

جۆرە کەسانە دەدەن زانیارییە نهێنییەکان نەدرکێنن و قسەیان لەبارەوە نەکەن. بڕیاری کۆتایی بۆ وەزیری دادە.

بەپێی ڕاپۆرتێکی شیکاری سیاسی گۆڤاری بەنێو بانگی ئەمەریکی (نیوزویک) کە لەڕۆژی ١٤ شوباتی ٢٠٢٢ بڵاوکراوتەوە دەڵێت "کەسە گرنگ و ستراتیژییەکانی پارتی کۆماری دەبێژن ئەم هەنگاوەی (بینس) لەبارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دادگا سەبارەت بەهێرشەکانی سەر کاپیتۆل ڕەنگە پێگەی ئەو لەنێو خەڵک و دەنگدەری نێوەخۆیی کۆمارییەکان بەرز بکاتەوە". کورد گووتەنی هەر شەڕێک بۆ جوامێرێک. ئەو کاتی خۆی ڕەخنەی گرت و ئامادە نەبوو بەقسەی (ترەمپ) بکات و وازۆ لەسەر ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان نەکات. واتە گەمەیەکی نوێی سیاسی لەچۆنیەتی لێپرسینەوە لە (بینس) و شێوازی مامەڵەکردنی ئەو لەگەڵ دادوەران و خودی وەزارەتی داد هەیە و پێشیان وایە ڕەنگە ئەم هەڵوێستەی داد ببێتە هەنگاوێک بۆ خزمەتکردنی (بینس) و پەیداکردنی جەماوەری پتر لەنێو کۆمارییەکاندا.

لەڕۆژی هەینی ١٠ شوباتی ٢٠٢٣ (ئێف بی ئای) ماڵەکەی لە (کارمل) ی ویلایەتی ئیندیانای باکوور پشکنیووە و بەهەمان شێوەی (ترەمپ) و (بایدن) لەماڵەکەی ئەویشدا بەڵگەنامەی نهێنی گرنگ دۆزراوەتەوە. ناکۆکییەکان توندن. جیاوازییەکە ئەوەیە (ترەمپ) خۆی دەدزێتەوە و نایەوێت شتەکان ئاشکرا بکات، کەچی (بایدن) بەهەموو جۆرێک هاوکاریی دادگا و لێکۆڵینەوە دەکات.

ڕۆژی هەینی ١٠ شوباتی ٢٠٢٣ (ترەمپ) ستایشی جێگری پێشووی

خۆی دەکات و بە کەناڵی فۆکس نیوزی دیجیتالی ڕاگەیاندووە کە "بینس پیاوێکی شەریفە و جێگری پێشووی ئەو کەسێکی زۆر بەڕێزە". (ترەمپ) لە (سۆشیال میدیا تروس) گووتی ئایا لەو کەسانەش دەپێچنەوە کە جاسوسیان دژی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی من کردووە؟. میدیاکانی نێو ئەمەریکا بەشێوەیەکی جددی و بەبایەخەوە گرنگی بەهەواڵ و زانیاریی نوێ لەبارەی ئەم بابەتە بڵاودەکەنەوە.

تا دێت کێشە و گومانەکان لەبارەی چۆنیەتی بەکارهێنانی بەڵگەنامە نهێنییە دەستوورییەکان لەماڵی سەرۆکی وڵات ئاڵۆزتر دەبێت، هیچ گومانی تێدا نییە، ئەو کاڤەی لەمانگی ئابی ساڵی ڕابردوودا نووسینگەی فیدراڵیی ئەمەریکا - ئێف بی ئای هەڵیکوتایە سەر ماڵی (دۆناڵد ترەمپ) لەویلایەتی فلۆریدا و زیاتر لە ٣٢٥ بەڵگەنامەی نهێنیی کاتی سەرۆکایەتییەکەی لەماڵەکەیدا دۆزییەوە. وەکوو بۆمبێکی سیاسی و یاسایی لەڕاگەیاندنەکاندا دژی سەرۆکی پێشوو بەکارهێنرا، ئەوە ئێستا شەڕەکە کەوتە نێو ماڵی (بایدن)یش. دەبێت چاوەڕوان بکەین، بزانین ئەم یارییە سیاسییە بەرەو کوێ دەچێت. ئایا کاغەزی هەردوو سەرۆک دەسووتێت و ناتوانن خۆیان هەڵبژێرنەوە، یان بەکردەوە ئەمە بۆ ئەوەیە سازشێکی سیاسی لەنێوان هەردوو لا بکرێت و کەس لەکەس بەسافی لێی دەرچن و نوقتە سەری دێڕ دەست بەبیرۆکەی خۆ کاندێکردن بۆ هەڵبژاردنی ٢٠٢٤ بکەن.

کۆمارییەکانیش ئێستا داشیان سوارە و دەیانەوێت هەمان بەزم بە (بایدن) و دیموکراتەکان بکەن، کە ئەوان پێیان کردن. بۆیە

لەکۆنگرێس داوای لێکۆڵینەوە لەگەڵ (بایدن) دەکەن. گەمەیەکی سیاسی دوور و درێژە، سیاسییەکان لەپێناو گەیشتنە پلە و پایەی سیاسی، هەموو سیاسەتێک تاقی دەکەنەوە. خۆشی ئەم گەمەیە ئەوەیە زانیارییەکان بەئاشکراو و لەبەردەم ڕاگەیاندن و ڕای گشتیی بەئاشکرا بڵاو دەکرێنەوە. واتە هیچ شتێکی شاراوەی تێدا نییە، تەنیا ڕێگاکانی بەکارهێنانی سیاسەتەکە نەبێت. پێویستە ئاماژە بەوە بکەم بەپێی یاسا، کە لەساڵی ١٩٧٨ دەرچووە پێویستە هەموو سەرۆکەکان و جێگرەکانیان هەرچی نامەی ئەلەکترۆنی و نامە و بەڵگەنامەی کار هەیە دەبێت ڕادەستی ئەرشیفی نیشتیمانی بکەن، دوای ئەوەی کارەکانیان کۆتایی دێت. کاردانەوە و هەنگاوەکانی ئێستا هەمووی لەچوارچێوەی ئەم یاسایە ئەنجام دەدرێت.

وا بڕوات دەبێت ماڵی هەموو سەرۆک و جێگرەکانیان لەدوای ساڵی ١٩٧٨ بپشکنن و بەڵگەنامەی نهێنیان لا بگرن. یان ئەمە دەبێتە سەرەتایەکی نوێ بۆ سازشێکی سیاسی لەنێوان کۆمارییەکان و دیموکراتەکان بۆ تێپەڕاندنی قەیرانێک لە قەیرانە سیاسییەکان.

# له سەدەی بیست و یەکدا نزیکەی پەنجا ملیۆن مرۆڤ وەکوو کۆیلە دەژین

(4)



THE DIS-UNITED STATES—A BLACK BUSINESS.

https://www.google.com/search?q=In+the+21st+century%2C+about

هەندێک زانیاریی و ئامارژە و داتا هەن، مرۆڤ تووشی ڕاچڵەکین و ترس و لەهەمان کاتدا هەژانی دەروونی و ئەخلاقی دەکەن. مێژووی کۆیلایەتی بۆ چەندین سەدە پێش ئێستا دەگەڕێتەوە. (سپارتاکۆس) وەکوو پاڵەوانی ڕزگارکەری کۆیلەکان لەمێژووی مرۆڤایەتیدا ناوی دێت. لەنێو گەشەکردنی تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن و ئازادی و پەرەپێدانی بنەماکانی مافی مرۆڤ بڕوا ناکرێت لەسەردەمی نوێدا کۆیلەی هاوچەرخ هەبێت!. لەم بابەتە شیکارییەدا دەخەبتین هەندێک زانیاریی نوێ لەبارەی کۆیلە و کۆیلەبوونی هاوچەرخ لەدونیای ئێستا لێک بدەینەوە.

پێناسە و پێوانەی کۆیلایەتی لای وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا

"بازرگانیکردن بە مرۆڤ" و "کۆیلایەتی مۆدێرن" وەک زاراوەی چەتر بەکاردەهێنرێن بۆ ئامارژەکردن بە هەردوو بازرگانی سێکس و کاری زۆرەملێ، یاسای پاراستنی قوربانییەکانی بازرگانیکردن لەساڵی ٢٠٠٠ کە هەمواریش کراوەتەوە (TVPA) و پرۆتۆکۆڵی ڕێگەنەدان بەسەرکوت و سزادانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەکان، بەتایبەتی ژنان و منداڵان، کە تەواوکەری ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانە دژی تاوانە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان (پرۆتۆکۆڵی پالێرمۆ)یە. ئەم بوارە کە تایبەتە بە خزمەتکردن، کۆمەڵێک زاراوەی جیاواز لەخۆ دەگرێت. لەوانە کۆیلایەتی لەدەرەوەی ئیرادەی مرۆڤەکان، کۆیلایەتی، یان پراکتیزە هاوشێوەکانی کۆیلایەتی. کۆیلایەتی قەرز و کاری زۆرەملێ.

بەپێی بۆچوونەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ئەم جۆرە کۆیلایەتییە و بازرگانی کردن بە مرۆڤەکان دەکرێت وەکوو کردەیەکی بەکردەوەی جووڵەدار بێت و هەندێک جاریش دەکرێت هیچ کردار و جووڵەیەکی تێدا نەبێت. بەواتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین ئەوانەی بەئارەزووی خۆیان جۆرە کارێکی کۆیلایەتیانە دەکەن، یان ئیستغلال بکرێن دەکرێت وەکوو کۆیلە هەژمار بکرێن. جۆرەکانیشیان بەم شێوەیە دیاریی کردووە:




https://www.google.com/search?q=In+the+21st+century%2C

**بازرگانیکردن بە سێکسەوە**

کاتێک کەسێکی پێگەیشتوو بەشداری کردەیەکی سێکسی بازرگانی دەکات، وەک لەشفرۆشی، لەئەنجامی هێز، هەڕەشەی هێز، ساختەکاری، زۆرەملێ، یان هەر تێکەڵییەکی ئەم جۆرە شێوازانە، دەکرێت ئەو کەسانە وەکوو قوربانی بازرگانی هەژمار بکرێن. لەکاتی ئاشکرابوونی ئەم بارودۆخانە، تاوانبارەکان کە بەشدارن لەدامەزراندنی کەسێک لەکارێک ، داڵدەدان، ڕاکێشان، گواستنەوە، دابینکردن، بەدەستهێنان، پاڵپشتیکردن، داوالێکردن، یان پاراستنی کەسێک بەو مەبەستە، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەتاوانباری بازرگانی سێکسیی دادەنرێت و هەروەها بازرگانی سێکسی لەوانەیە لەڕێگەی فۆرمێکی تایبەتی زۆرەملێوە ڕووبدات، کە کەسەکان ناچارن لەشفرۆشی لەڕێگەی بەکارهێنانی "قەرزێکی نایاسایی" لەپێناو درێژەدان بەم شێوە ژیانە بەکاربهێنن، کە گوایە لەڕێگەی گواستنەوەیان، دامەزراندنی کارمەندەکانیان، یان تەنانەت "فرۆشتن"یانەوە ئەنجام دراوە. ئەمەش خۆی لەخۆیدا بەپێداگرییەوە ئیستغلالە.
تەنانەت ئەگەر کەسێکی بەتەمەن و بەفام لەسەرەتادا ڕەزامەندی نیشان بدات بۆ بەشداریکردن لە لەشفرۆشیدا ئەوە پەیوەندی بەوەوە نییە: ئەگەر کەسێکی بەتەمەن، دوای ڕەزامەندی بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە کارانە، دواتر لەڕێگەی دەستکاری دەروونی، یان هێزی جەستەییەوە لەکارەکەی دوور بخرێتەوە، ئەوا دەبێتە یەکێک لەقوربانییەکی بازرگانیکردن

بەسێکس و پێویستە ئەو یارمەتییانە وەربگرێت، کە لە پرۆتۆکۆڵی پالێرمۆدا هاتووە.


**بازرگانیی بە منداڵان لەڕووی سێکسییەوە**




https://www.google.com/search?q=use+kids++as+slaves+cartoon&sca

کاتێک منداڵێک (لەخوار تەمەنی ١٨ ساڵ) بێت، کاری پێکرا، ڕاکێشرا، داڵدەدەدرێت، دەگوازرێتەوە، شتەکانی بۆ دابین دەکرێت، هەلومەرجەکانی بۆ بەدەست دەهێنرێت، پاڵپشتی دەکرێت، داوای لێ دەکرێت، یان پارێزگاری لێ دەکرێت بۆ ئەنجامدانی کردەوەیەکی سێکسی بازرگانیی، لەڕێگەی

سەلماندنی هێز، ساختەکاری، یان زۆرکردن هیچ پێویست بەوە ناکات بەدوای هۆکاردا بگەڕێین تاکووو تاوانەکە وەکوو بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە هەژمار بکرێت و تاوانبار دادگایی بکرێت . لەم یاسایەدا هیچ جۆرە هەلاوردە و تایبەت پۆشییەک نییە: هیچ عەقڵانییەکی کەلتووری، یان ئابووری کۆمەڵایەتی لەو ڕاستییە ناگۆڕێت، کە ئەو منداڵانەی لە لەشفرۆشیدا ئیستغلال دەکرێن قوربانی بازرگانیکردنن. بەکارهێنانی منداڵان لەسێکسی بازرگانیدا بەپێی یاسای ئەمەریکا و بەپێی یاسا لەزۆربەی وڵاتانی جیهان قەدەغەیە. بازرگانیی بەسێکسەوە دەرئەنجامی وێرانکەری دژ بە منداڵان هەیە، لەوانە زەبر و زەنگی جەستەیی و دەروونی درێژخایەن، نەخۆشی (لەوانەش ئایدز)، ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان، دووگیانی نەخوازراو، بەدخۆراکی، دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی و تەنانەت مردنیشی لێ ڕوو دەدات.




https://www.google.com/search?q=use+kids++as+slaves+cartoon&sca

**کاری زۆرەملێ**

کاری زۆرەملێ، هەندێکجار بە بازرگانیی بە (کار)یش ناودەبرێت، ئەو چالاکیی و بوارانە دەگرێتەوە، لەوانە دامەزراندنی کارمەند، داڵدەدان، گواستنەوە، دابینکردن، یان بەدەستهێنان- کە کاتێک کەسێک هێز، یان هەڕەشەی جەستەیی بەکاردەهێنێت، زۆرەملێی دەروونی دەسەپێنێت، خراپ

بەکارهێنانی پرۆسەی یاسایی، فێڵکردن، یان ئامرازە زۆرەملێییەکانی دیکە بۆ ناچارکردنی کەسێک لەپێناو کارکردن دەگرێتەوە. کاتێک کارەکانی کەسێک بەم شێوەیە ئیستغلال دەکرێت ڕەزامەندی پێشوەختەی ئەو کەسە بۆ کارکردن لای خاوەنکارێک لەڕووی یاساییەوە هیچ بایەخ و پەیوەندییەکی نییە: خاوەنکارەکە بازرگانە و بەئیستغلالی کارەوە تۆمەتبارە و کارمەندەکەش قوربانی بازرگانیکردنەکەیە.کۆچبەران بەشێوەیەکی تایبەت ڕووبەڕووی ئەم جۆرە بازرگانیکردنە بە مرۆڤ دەبنەوە، بەڵام ڕەنگە کەسەکان لە وڵاتەکانی خۆیاندا ناچار بکرێن کار بکەن. ئافرەتە قوربانییەکان کاری زۆرەملێ، یان بەندکراو، بە تایبەت ئافرەتان و کچە بەکۆیلەکراوەکانی ناوماڵ، زۆرجار دەستدرێژی سێکسی، یان ئیستغلالکردنیان دژ ئەنجام دەدرێت.

**کاری بەندە، یان کۆیلایەتی قەرز**

یەکێک لەجۆرەکانی دیکەی بەزۆرەملێ سەپاندنی خواستی بازرگانەکانە لەهەردوو بواری بازرگانی سێکسی و کاری زۆرەملێدا، ئەویش بەکورتی بریتییە لەسەپاندنی گرێبەست، یان قەرزێکە لەلایەن باوک و باپیرانیانەوە و وەکوو میرات بۆیان جێهێڵراوە . هەندێک لە کرێکاران قەرز وەردەگرن. بۆ نموونە لە باشووری ئاسیا مەزەندە دەکرێت, کە ملیۆنان قوربانی بازرگانیکردن هەن، کە کاردەکەن بۆ دانەوەی قەرزی باوک و باپیرانیان. هەندێکی تریش دەبنە قوربانی بازرگانەکان، یان

دامەزرێنەر و دامەزراوەکان، کە بەشێوەیەکی نایاسایی قەرزێکی سەرەتایی ئیستغلال دەکەن، کە بە ئاگاداری، یان بەبێ ئاگاداری وەک مەرجێکی دامەزراندن بە کرێکارەکە بەخشراوە. بازرگانەکان، دەزگاکانی کار، دامەزرێنەران و خاوەنکارەکان لەهەردوو وڵاتی ڕەسەن و وڵاتی کۆچبەر دەتوانن بەشداری بکەن لەکۆیلایەتی قەرزەکان بەپێدانی بڕە پارەیەک لەپێناو دامەزراندنی کرێکاران و ڕێژەی سوودی بەزیادەوە، ئەمەش وا دەکات دانەوەی قەرزەکە قورس بێت، ئەگەر مەحاڵ نەبێت. لەوانەیە ئەم جۆرە بارودۆخانە لەچوارچێوەی بەرنامەکانی کاری کاتیدا ڕوو بدەن، کە تێیدا دۆخی یاسایی کرێکارێک لە وڵاتی کۆچبەر بەستراوەتەوە بە خاوەنکارەکەوە بۆیە کرێکاران لەئەنجامی ئەم جۆرە فشارانە ترسیان دەبێت داوای چاکسازی بکەن.

**خزمەتکاری ناوماڵ**



[https://www.google.com/search?q=domestic+servant+cartoon&sca](https://www.google.com/search?q=domestic+servant+cartoon&sca)

کۆیلایەتی نائیرادەییی ناوماڵ، جۆرێکی دیکەی بازرگانیکردنە بە مرۆڤەوە، کە لەبارودۆخی جیاوازدا دەبینرێت، لەوانە: کارکردن لەشوێنی نیشتەجێبوونی تایبەتدا، کە دۆخێکی لاوازی ناوازە بۆ قوربانییەکان دروست دەکات. ئەمەش تاوانێکە کرێکاری ناوماڵ ئازاد نییە لەجێهێشتنی کارەکەی و سووکایەتی پێ دەکرێت و مووچەی کەمی پێ دەدرێت، ئەگەر لەبنەڕەتدا هەر مووچەکەشی پێ بدرێت. بەشی زۆری کرێکارانی ناوماڵ ئەو یارمەتی و پارێزگارییە سەرەتاییانە وەرناگرن، کە بەشێوەیەکی باو بۆ گرووپەکانی تری کرێکاران تەرخان کراوە، لەوانە دەکرێت ئاماژە بەشتگەلێکی سادەی وەکوو ڕۆژی پشوو بکەین. جگە لەوەش زۆرجار توانای جووڵەکردنیان بەشێوەیەکی ئازاد سنووردارە و دامەزراندن لەماڵە تایبەتەکاندا گۆشەگیریی و لەدەستدانی وزەیان زیاد دەکات. بەرپرسانی کار بەگشتی دەسەڵاتی پشکنینی بارودۆخی کارکردنیان لە ماڵە تایبەتەکاندا نییە. کرێکارەکانی ناوماڵ بەتایبەت ژنان ڕووبەڕووی جۆرەها دەستدرێژی و هەراسانکردن و ئیستغلال دەبنەوە، لەوانە توندوتیژی سێکسی و جێندەریی. ئەم پرسانە بەیەکەوە وەرگیراون، ڕەنگە نیشانەکانی دۆخێک لەدۆخەکانی کۆیلایەتی ناوماڵ بن. کاتێک خاوەنکارێک، کە کرێکارێکی ناوماڵی هەیە ڕەنگە پێگەیەکی دیپلۆماسی هەبێت و پارێزبەندی لەدەسەڵاتی دادوەری مەدەنی، یان تاوانکاری پسپۆڕانەی هەبێت، ئەمەش هاندەرە بۆ ئەوەی پتر کاری کۆیلایەتی ناوماڵ پەرە پێ بدات.

**کاری زۆرەملێی منداڵان**

هەرچەندە منداڵان دەتوانن بەشێوەیەکی یاسایی بەشداری هەندێک جۆرە کار بکەن، بەڵام منداڵان لەدۆخێکی کۆیلایەتی، یان هاوشێوەی کۆیلایەتیدا دەبینرێن. هەندێک لەنیشانەکان کاری زۆرەملێی منداڵان بریتین لەو بارودۆخانەی کە بەئاشکرا دیارە منداڵەکە لەژێر دەستی کەسێکی غەیری خێزانەکەی دایە و بەزۆر داوا لە منداڵەکە دەکات کارێک ئەنجام بدات، کە لەڕوی داراییەوە سوودی بۆ کەسێکی دەرەوەی خێزانی منداڵەکە دەبێت، منداڵەکە هیج بژاردەیەکی دیکەی لەبەردەمدا نییە. وەکوو سواڵکردنی زۆرەملێ، مەسەلەکە نابێت تەنیا بەچاکسازی و پەروەردە ببەسترێتەوە. کاتێک منداڵان دەکرێنە کۆیلە، نابێت ئیستغلالکارەکانیان لەسزای تاوانکاری ڕزگاریان بێت.

**دامەزراندنی نایاسایی و چەکداریی منداڵان**

چەکداریی و بەسەربازگرتنی منداڵان دەرکەوتەی بازرگانیکردنە بەمرۆڤەوە، لەکاتێکدا ئەمە بریتییە لەدامەزراندنی نایاسایی، یان بەکارهێنانی منداڵان لەڕێگەی هێز، ساختەکاری و فشاری زۆرەملێ لەلایەن هێزە چەکدارە شەڕکەرەکان، یان جۆرەکانی تری کار. تاوانباران لەوانەیە هێزە چەکدارەکانی حکوومەت، ڕێکخراوە نیمچە سەربازییەکان، یان گرووپە یاخیبووەکان بن. زۆربەی منداڵانەکان بەزۆر دەڕفێنرێن بۆ ئەوەی وەک شەڕکەر بەکاربهێنرێن. هەندێکی تریش وایان لێ دەکرێت وەک

دەرگاوان، چێشتلێنەر، پاسەوان، خزمەتكار، نێردراو، یان سیخوڕ كار بكەن. كچانی گەنج لەوانەیە ناچار بكرێن "هاوسەرگیری بكەن"، یان لەلایەن فەرماندە و شەڕكەرە نێرەكانەوە دەستدرێژییان بكرێتە سەر. زۆرجار هەردوو سەربازە منداڵە نێر و مێیەكان لەلایەن گرووپە چەكدارەكانەوە دەستدرێژی سێكسییان دەكرێتە سەر، یان ئیستغلال دەكرێن و بەكاردەهێنرێن و ئەم جۆرە منداڵانە تووشی هەمان جۆرە دەرئەنجامە جەستەیی و دەروونییە وێرانكەرەكان دەبن، كە پەیوەندییان بە بازرگانیكردن بەسێكسی منداڵانەوە هەیە.
https://www.state.gov/what-is-modern-slavery/

**چوار سەد هەزار كۆیلە لە ئەمەریكا**

بەپێی ڕاپۆرتە فەرمییەكان زیاتر لە ٤٠٠ هەزار كەس لە ئەمەریكا لە دۆخی "كۆیلایەتی مۆدێرن"دا دەژین. ئەم بابەتە لەلایەن لایەنە پسپۆر و پێوەرە جیهانییەكانی كۆیلایەتی هەژمار كراوە، هەروەها مەزەندە دەكرێت زۆربەی قوربانییەكانی كۆیلایەتی لە ئاسیا دەژین و كۆریای باكوور بەرزترین ڕێژەی لەئاستی جیهانی تێدایە و لە ١٤ی تشرینی یەكەمی ٢٠١٧ لە لەندەن بە دەموچاوی ماسكدارەوە، وەكوو ڕەمز و هێمایەك بۆ نیشاندانی "نوێنەرایەتی بێدەنگی كۆیلە مۆدێرنەكان" نمایش كرا و لەپێناو ڕەتكردنەوەی كۆیلایەتی مۆدێرن ڕێپێوانیان كرد.

(ئێدوارد هێلمۆر) دەنووسێت ئیندێکسی کۆیلایەتی جیهانیی لەلایەن دامەزراوەی (وۆک فری فاوەندەیشن) بڵاوکراوەتەوە، کۆیلایەتی مۆدێرن بەتاوانێکی ئاڵۆز و زۆرجار شاراوەش وەسف دەکرێت، بەکردەوە ئەم کۆیلایەتییە مۆدێرنە، سنوور و کەرت و دەسەڵاتەکانی دادوەریش دەبەزێنێت. مەزەندەی کردووە ژمارەی کۆیلەکانی ئەمەریکا نزیکەی یەک لەسەر سەدی ئەو ژمارەیەیە، کە بەکۆی گشتی لەسەرتاسەری دونیا بە (٤٠.٣) ملیۆن کەس دەخەملێندرێت و ئەو کەسانە بەکۆیلە پێناسە دەکرێن، کە لەنێو پێوەرە گشتییە جیهانییەکان و پێورەکانی خودی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ئاماژەی پێکراوە.
دامەزرێنەری ئەم گرووپە (ئەندرۆ فۆڕێست) لە بەیاننامەیەکی هەواڵیدا گووتیەتی: "ئەمەریکا یەکێکە لەپێشکەوتووترین وڵاتانی جیهان لەگەڵ ئەوەشدا زیاتر لە ٤٠٠ هەزار کۆیلەی مۆدێرن لەژێر بارودۆخی کاری زۆرەملێدا دەژین " و وەکو کۆیلەیەکی سەردەمی مۆدێرن پێناسەکراون و کاریان پێ دەکرێت. ئاماژەی بەوەشکردووە، "ئەمە ئامارێکی بەڕاستی سەرسوڕهێنەرە و ئەوە نیشان دەدات ئەم پرسە لەئاستی جیهاندا چەندە مەسەلەیەکی جەوهەرییە. ئەمە تەنیا لەڕێگەی ئیستغلالکردنەوە دەکرێت" . ڕاپۆرتەکە مەزەندەی ئەوە دەکات زۆربەی قوربانیانی کۆیلایەتی مۆدێرن لە ئاسیا دەژین. کۆریای باکوور زۆرترین ڕێژەی کۆیلایەتی مۆدێرن لەئاستی جیهان لەخۆ دەگرێت، لە هەر ١٠ دانیشتووانی کۆریای باکوور یەکێکیان کە دەکاتە ٢.٦ ملیۆن کەس قوربانی کۆیلایەتی مۆدێرنن. یەک لەسەر سێ، یان ١٥ ملیۆن کەس

لەقوربانییەکانی کۆیلایەتی مۆدێرن لەڕێگەی هاوسەرگیریی زۆرەملێییەوە تۆمار کراون و ژمارەیان بەرەو زیادبوونە، ئەمەش دۆز و پرسێکە بەشێوەیەکی نارێژەیی کاریگەری لەسەر ئافرەتان و کچان هەیە. ناوبراو لەڕاپۆرتەکەیدا هاتووە: "بەگشتی پراکتیزەکردنی کەلتووری هاوسەرگیری زۆرەملێ و ئیستغلاکردنی ژنان دەخاتە مەترسی زیاترەوە، هەروەها ئەگەری ملکەچبوون بۆ ژیانێکی کۆیلایەتی و کۆیلایەتی دارایی و ئیستغلالکردنی سێکسی ڕێک هاوسەنگە لەگەڵ کۆیلایەتی مۆدێرندا". ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەوەش دەکات ژمارەکانی ئەمەریکا بۆ خۆیان فریودەرن، چونکە ئەمەریکا کێشەی کۆیلایەتی جیهانی زۆرتر و فراوانتر دەکات بەهاوردەکردنی بەرهەم، لەوانە لاپتۆپ، کۆمپیوتەر، مۆبایل، جلوبەرگ، ماسی، کاکاو و دار، ئەمانە دەبنە سەرچاوە و مەترسی بۆ پەرەپێدانی پتری ژمارەی کۆیلەکان لەڕێگەی کاری زۆرەملێییەوە. چین گەورەترین سەرچاوەی کاڵای مەترسیدارە، ئەمەریکا ۱۲۲ ملیار دۆلار کەلوپەلی ئەلیکترۆنی و جلوبەرگ لەو وڵاتە هاوردە دەکات. ڤێتنام دووەم گەورەترین سەرچاوەی بەدەستهێنانە بەبڕی ۱۱.۲ ملیار دۆلار و هیندستانیش بەبڕی ۳.۸ ملیار دۆلار بەپلەی سێیەم دێت. ئەمانە ئاماژەن بۆ هاندانی ئیستغلالی زۆرتری دەستی کار بەنرخی هەرزان و کە بەڕێژەیەکە کەمترە لەپێویستی ژیانی ئاسایی. واتە کارەکە دەبێتە سەرچاوە بۆ پەرەسەندنی ژمارەی کۆیلەی مۆدێرن.

Over 400,000 people living in 'modern slavery' in US, report finds

زی
گاردیانhttps://www.theguardian.com/world/2018/jul/19/us-modern-slavery-report-global-slavery-index

**منداڵەکانی تورکیا**

(جولیانا کیم تویتەر) لە ١٣ ئەیلولی ٢٠٢٢دا لە بابەتێکدا لەبارەی کۆیلە و ئیستغلالی منداڵ لە تورکیا دەنووسێت: منداڵێک لەکارگەیەکی قوماش لە غازی عەنتاب لە تورکیا ئاو دەهێنێت. زۆربەی ئەو منداڵانەی لەم کارگەیەدا کار دەکەن، کۆچبەرن، کە لەگەڵ خێزانەکانیان لە سوریا هەڵهاتوون.
بەشێوەیەکی گشتی ٨ بۆ ١٢ کاتژمێر بە شێفت کاردەکەن، ٦ یان ٧ ڕۆژ لە هەفتەیەکدا کار دەکەن و هەقدەستیان تەنیا ١٥ دۆلارە لەڕۆژێکدا. لەساڵی ٢٠٢١دا، ٢٨ ملیۆن کەس لەژێر بارودۆخی کاری زۆرەملێدا کاریان کردووە و ژیاون، کە یەک لەسەر هەشتیان منداڵن. (ڤالێریۆ موسێلا) بۆ یانەی NPR توێژەرانی جنێڤ ڕایگەیاندووە لەماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا ژمارەی ئەو کەسانەی ئێستا لەجیهان بە کۆیلەکراون، ١٠ ملیۆن کەس زیادی کردووە. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچبەری نەتەوە یەکگرتووەکان هاوبەش لەگەڵ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار و دامەزراوەی ئازادی بەپێی نمایشکردن، کە گروپێکی مافی مرۆڤە، بۆ بەرهەمهێنانی نوێترین خەمڵاندنەکانی کۆیلایەتی مۆدێرن بڕوایان وایە ژمارەکە لەزیادبوونی بەردەوامە.

زاراوەی کۆیلەکردن ئاماژەیە بۆ بەکردەی ئیستغلالکردنی وەک کاری زۆرەملێ، هاوسەرگیری زۆرەملێ و سێکس و چەکدارکردنی منداڵان و بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە. تاکوو ساڵی ٢٠٢١ (٥٠) ملیۆن کەس بەرگەی ئەو جۆرە بارودۆخانە دەگرن. لە ڕاپۆرتی ئەم ڕێکخراوەی سەرەوەدا هاتووە، مەزەندە دەکرێت بەشێوەیەک لەشێوەکان جۆرێک لەکۆیلایەتی مۆدێرن لەهەموو وڵاتەکانی جیهاندا هەبێت. نووسەرانی ڕاپۆرتەکە دەڵێن، هەرچەندە وەشانە مۆدێرنەکانی کۆیلەکردن کەمێک جیاوازتر لەنموونە مێژووییەکان دەردەکەون، بەڵام ئەم دووانە بەیەکەوە گرێدراون. (فۆرێست) دامەزرێنەری دامەزراوەی (ووک فری فاوندەیشن) بە (ئێن پی ئاڕ)ی ڕاگەیاندووە، "لە کۆمەڵێک ڕووەوە کۆیلایەتی خۆی گونجاندووە و گۆڕاوە و شێوەشی گۆڕاوە، بەڵام ئیستغلالکردن هێشتا بەقەبارەیەکی بێ وێنە ڕوو دەدات". "هیچ شوێنێک لەجیهاندا نییە بەرگری لەکۆیلایەتی مۆدێرن بکات". ئەو پێی وایە خەمڵاندنە جیهانییەکان دەرئەنجامی ئەو ڕاپرسیانەیە، کە لەگەڵ دەیان هەزار کەسی ڕزگاربووی ژێر دەستی کۆیلایەتی مۆدێرن لەسەرانسەری ٦٨ وڵاتدا ئەنجام دراوە و لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە کردوون.

https://www.npr.org/sections/goatsandsoda/2022/09/13/1122714064/modern-slavery-global-estimate-increase

مەترسییەکی جیهانییە، کە ئەمڕۆ نزیکەی پەنجا ملیۆن کەس لەسەرتاسەری دونیا لەدۆخی کۆیلایەتی مۆدێرن دەژین و ئەو کەسانە بەئارەزووی خۆیان بێت، یان بەزۆرەملێ و ئیستغلالەوە

لەڕێگەی هەمە چەشن و شێوازی هەمەجۆرە وەکوو کۆیلە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێت. دۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کەلتوور و جەنگ و بازرگانی بەمرۆڤ و ئیستغلالی کار و هەقدەست و سێکس و ئافرەت و منداڵ کاریگەریی لەسەر ئەم چەشنە کۆیلایەتییە هەیە.

ڕاپۆرتەکان باسی ئەمەریکا و چین و ئاسیا و هیندستان دەکەن، لەکاتێکدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەم دیاردانە بەشێوەیەکی ئاشکرا دەبینرێن و لەشەقام و ماڵەکاندا لەنێو کۆمەڵگە و دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکاندا دەبینرێن، بێ ئەوەی هیچ لایەنێک وەکوو داتا و واقیع کاریان لەبارەوە بکات. بێگومان کۆیلایەتی جۆری زۆرە، ئەمەی لەم بابەتە شیکارییەدا ئاماژەمان پێکردووە، بەشێکە و تەنیا چەند جۆرێکە لەم کۆیلایەتییە نوێیە هاوچەرخەی مرۆڤ تووشی بۆتەوە و ئەمەش بەهۆکارێک بۆ کەمکردنەوە و هەڕەشە دژی بەها مرۆڤایەتییەکانی خودی مرۆڤ دادەنرێت.

کۆیلەی ناوماڵ و ئیستغلالی ئافرەت و کچ و منداڵ وەکوو خزمەتکارەکانی نێو ماڵ یەکێکە لەو دیاردە باوانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەکۆنەوە هەیە، ئێستاش شێوەیەکی دیکەی هاوچەرخی لەخۆگرتووە، لەڕاستیدا ئەمە دژی یاسا و ئەخلاقی مرۆڤانە و یاساکانی کاریشە و ڕێکخراوە جیهانییەکان ناتوانن پێشوازیی لەم چەشنە کۆیلایەتییە بکەن.

# چیرۆكە سریالییەكەی (ترەمپ) چۆن ئەمەریكا دەكاتە دۆزەخ ...!!

(5)




https://www.google.com/search?q=How+Trump%27s+serial+story

ئەم ناونیشانەی سەرەوە بریتییە لە دوو لێدوانی جیاوازی سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا (دۆنالد ترەمپ) پێش ئەوەی پێ بنێتە نێو دادگا، وەکوو کەسێکی تۆمەتباری گیراوی زیندانی. ئەو دەڵێت "ئێستا بەرەو مەنهاتن دەچم، بۆ ئەوەی بچمە نێو دادگا، ئای شتەکان چەندە سریالین، ئای خودایە زیندانم دەکەن، بڕوا ناکەم ئەمە لە ئەمەریکا ڕووبدات، با ئەمەریکا بکەینەوە ئەمەریکایەکی مەزن". پێش ئەوەش گووتی "ئەمەی ڕوودەدات، وەکوو دۆزەخە لە ئەمەریکا".

رۆژی پێنجشەممە، ٣٠ی ئاداری ٢٠٢٣ بەڕۆژێکی باش بۆ (دۆلاند ترەمپ)ی سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا دانانرێت، چونکە دەستەی بڕیاردەرانی کەیسەکەی لە دادگای مانهاتن لە نیویۆرک، (ترەمپ)یان بەفەرمی تۆمەتبار کرد، بەهۆی ئەوەی لەساڵی ٢٠١٦، بەرتیلی بە (ستۆرمی دانییلز) ئەستێرەی فیلمە ڕووتەکان داوە. دادگا و یاسای ئەمەریکا وای حیساب کردووە و دایناوە ئەمە لەپێناو ئەوە بووە"پەیوەندییە نهێنییەکەی نێوانیان بۆ ڕای گشتی ئاشکرا نەبێت"، بەڵام هەنووکە مەسەلەکە لەنهێنیی و شاردنەوە دەرچووە، ئەوەتە دادگا بڕیاری خۆی دا و بەمەش (ترەمپ) دەبێتە یەکەمین سەرۆکی ئەمەریکا بەم جۆرە دادگایی بکرێت و تاوانبار بکرێت بەم چەشنە تاوانە. هەشە ئەم ڕۆژە بەمێژوویی لە نێو ئەمەریکا دادەنێت.

هەقیقەتی ئەم چیرۆکە چۆن بووە و کەی دەستی پێکرد، (ستۆرمی دانییلز) کە ناوی هەقیقی خۆی (ستیڤانی کلیفۆرد)ە، ئەم ئافرەتە پێش هەلمەتی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا ساڵی

٢٠١٦ لەلایەن (دۆنالد ترەمپ)ەوە پێشوازی لێکراوە، خۆشی دواتر ڕەزامەندبووە لەسەر ئەوەی ١٣٠ هەزار دۆلاری ژێراوژێری پێ بدەن بۆ ئەوەی بێدەنگی لەو تۆمەتانە بکات، کە پەیوەندی بەسێکسەوە هەبووە، بەڵام ئەو نەیتوانی هەتا سەر ئەم نهێنییە بشارێتەوە و دان بەخۆیدا بگرێت. بەکورتییەکی زۆر نهێنی گر دەرنەچوو، ئەوەبوو ساڵی ٢٠١٨ کتێبەکەی چاپ و بڵاوکردەوە و لەوێدا وردەکاریی ئەم پەیوەندییە ئاشکرا دەکات و ئەوەی بن بەڕێ دەهێنێتە سەر بەڕێ. ئەوەی ئێستا ڕوودەدات ئەوەیە و دادوەری مەنهاتن لە نیۆیۆرک (ئەلفین براگ) لەسەر ئەو بنەمایە تۆمەتەکانی ڕووبەڕووی (ترەمپ) کردۆتەوە و لەدیماهیشدا گەیشتنە ئەوەی، کە ئەم پیاوە تاوانبارە، چونکە بەنهێنی پارەی داوەتە ئەم ئافرەتە بۆ ئەوەی پەیوەندییە نهێنییەکە و کەتنە سێکسییەکانی بشارێتەوە و بێدەنگی لێ بکات.

دەستەی دادگا بەزۆرینەی دەنگ، (ترەمپ)یان بەفەرمی تۆمەتبار کرد، دادگا و لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان ساخکردەوە، ساڵی ٢٠١٦ سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا ١٣٠ هەزار دۆلاری بەو کەسە دیارەی نێو فیلمە ڕووتەکان داوە. ڕووداوەکە پێش هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی بووە، ئەو گاڤە (ترەمپ) بەربژێری پارتی کۆمارییەکان بوو. ئەو بڕە پارەیەش لەبەرانبەر ئەوە بووە، ئەم ئافرەتە پەیوەندییە نهێنییەکەی خۆی و (ترەمپ) ئاشکرا نەکات.

بەم جۆرە دادگا چیرۆکە شاراوەکە و شێوازی چارەسەرکردن و شاردنەوەی پتری پەیوەندییە نهێنییەکان دەبێتە ڕاستی و دادگا

لەکۆتایدا (ترەمپ)ی ٧٦ ساڵە، کە بەنیازە خۆی بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ٢٠٢٤ کاندێد بکاتەوە، دەکاتە ڕاستی و هەواڵەکانیش دەبنە گەرمترین هەواڵی نێو میدیای ئەمەریکی و جیهانی. دادگا داوای خۆڕادەستکردنی (ترەمپ)ی کردووە و ئەویش ئامادەیە بچێتە بەردەم دادگا بۆ ئەوەی گوێی لەخوێندنەوەی پەڕاو و هۆکار و ئەنجامی لێکۆڵینەوەی دادگا و دوا بڕیار بێت، لەبەر پارێزبەندی "دەستی (ترەمپ) کەلەپچە ناکەن لەکاتی دادگایی کردنەکەدا". پۆلیسی نیۆیۆرک خۆیان ئامادەکردووە نەبادە کاری ئاژاوە و نەخوازراو ڕووبدات، (ترەمپ) دوو هەفتە پێش ئێستا ڕایگەیاند دادگا بڕیای زیندانی دژ دەردەکات و داوای لەلایەنگرانی خۆی کرد کۆببنەوە و پاڵپشتی بکەن. بەڕاستی چیرۆکەکە بووە هەقیقی و دادگا کاری خۆی کرد و مەسەلەکە گەیشتە ئاستێک گەڕانەوەی تێدا نییە.

## کاردانەوەی ترەمپ

لەبارەی بڕیارەکەی دادگای مەنهاتن (ترەمپ) دەبێژێت "ئەمە ڕیسواییە و کارە پیس و خراپەکان (بایدن) بەڕێوەی دەبات. دیموکراتەکان درۆ دەکەن و بەهەموو توانایەکیانەوە دەیانەوێت بمخەنە زیندانەوە، بەڵام ئەوەی دەیکەن نایاساییە، چونکە کەسێکی فەرمی بێ تاوانی وەکوو من تۆمەتبار دەکەن و دەشڵێت ئەمە "مەسەلەیەکی سیاسییە". دادوەریش لەبنەڕەتدا لایەنگیری دیموکراتەکانە و ئەم تۆمەتە ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت "ئێمە لەسەر بنەما سەرەکییەکانی یاسا و بەپێی بەڵگەنامەکان

کار دەکەین و شتەکان هەڵدەسەنگێنین". (ترەمپ) پێداگرە لەسەر ئەوەی دادگاکە نارەوایە ئەو کارەی دژی ئەو دەکرێت، بەم شێوەیە وەسفی دۆخەکە دەکات: "ئەو لەگەڵ ئەمەریکییەکانە و لە نیۆیۆرک ناتوانن دادگایکردنەکە بەشێوەیەکی ڕاست و دروست و تەواو بکرێت".

چەند ڕۆژێک پێش ئێستا (ترەمپ) لەکۆبوونەوەیەکی خۆئامادەکرن بۆ هەڵبژاردن لەشاری واکۆ ڕایگەیاند: "دادگای نیویۆرک لەژێر هەژموون و کاریگەریی وەزارەتی نا دادە، ئەو لێکۆڵینەوەیەی لەگەڵ من دەکرێت نە لەبارەی تاوانکاریی و نە پەیوەندی خۆشەویستییە".

تیمی بەرگری لە (ترەمپ) دەڵێن: "ئەو بۆتە قوربانی گەندەڵیی و شتە شێوێنراوەکان لەنێو سیستەمی دادوەریدا". سەرۆکی کۆنگرێسیش (کیڤن مکارسی) دەڵێت: "گەلی ئەمەریکا لە دیموکراتەکان خۆش نابیت لەسەرینی ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی (ترەمپ)یان کردووە. ئەمە دەستوەردانە لەهەڵبژاردنەکانی داهاتوو، دەبێت وریابین سیستەمی دادپەروەریی لەبەردەم مەترسی دایە".

ئەندامێکی کۆنگرێس (ئادەم سمیس) لەسەر لیستی دیموکراتەکان گووتیەتی: "تاوانبارکردنی (ترەمپ) شتێکە ڕووی نەداوە، بەڵام ڕەوشت و ڕەفتاری (ترەمپ) بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی یاسا شتێک نییە تازە بێت". (ترەمپ) لەکاردانەوەکانیدا ڕاشکاوانە و وەکوو هەموو جارێک گووتی: "جوولەکانمان و حزبەکەمان یەکگرتووە و بەهێزە، ئەلفین براگ دەشکێنین و هەروەها (جۆ بایدن)یش دەشکێنین، دواتر هەموو ئەو دیموکراتە

گەندەڵانە لە پلە و پایەکانیان دەردەکەین و جارێکی دیکە وادەکەین ئەمەریکا بەهێز و گەورە بێت".

### پۆلیس ئامادەکاری دەکات

بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز) لە ٣١-٣-٢٠٢٣ بڵاوکراوەتەوە ئاماژە بەوە دەکات لەپێناو پاراستنی ئاسایش و ئارامی ژمارەیەکی زۆری پۆلیسی ئەم شارە گەورەیە ئامادە باشە، بۆ ئەوەی لەڕۆژی سێشەممە هیچ شتێکی خراپ لەکاتی دادگایی (ترەمپ) نەقەومێت. بەکردەوەش ژمارەیەک کەمی لایەنگران و دژەکانی (ترەمپ) لەبەردەم دادگا کۆبوونەوە، بەڵام هیچ کاردانەوەیەکی خراپ ڕوی نەداوە.

### ئەی چ لەبۆش و تچینی و کیسنجەر دەکەن؟

لە وتارێکی ئەکادیمی (بن بۆرخیس) مامۆستای فەلسەفە لە زانکۆی جۆرجیا لە گۆڤاری (دیکی بیست The Daily Beast)ی ئەمەریکی دەڵێت "پێشوازی لەدادگایی (ترەمپ) دەکەم و داواش دەکەم سەرۆکەکانی ئێستا و ئەوانی دیکەش وەکوو چۆن هەموو هاووڵاتییەکی ئەمەریکی و وڵاتەکانی دیکە دەخرێنە بەردەم دادگا، ئەوانیش بخرێنە بەردەم دادگا. دەشڵێت (ترەمپ) دادگایی دەکەن ئەی چ لە (جۆرج بۆش و تچینی و کسینجەر) دەکەن؟.

ئەم نووسەرە دەڵێت پێویستە (جۆرج دەبلیو بۆش) لەسەر بڕیاری جەنگ دژی عێراق و تاوانەکانی و ئاکام و ئەو چەکانەی دژی خەڵک بەکارهێنراون سزا بدرێت. (بۆرخیس) سەرسوڕمانی خۆی بەپێدانی پارە بە ئافرەتێک دەردەبڕێت لەپێناو بێدەنگ کردنی، لەکاتێکدا لەتاوانەکانی (بۆش) بێدەنگ دەبن. ئاماژە بەلێبووردنەکەی (جیرالد فۆرد)ی سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا بۆ (ریچارد نیکسون) دەکات، کە ئەو بە ئاماژەیەکی مەترسیداری دادەنێت و ئەمە وایکردووە سەرۆکەکان لەسەرووی یاساوە بن، سەرباری ئەو لێبووردنەی (باراک ئۆباما) بۆ ئەو کەسانە دەریکرد کە ئازاری گیراوەکانی سەردەمی (بۆش)یان دابوو.

ئەو نووسەرە پێی وایە بۆش لەدەرەوەی یاسا بووە، ئەمە هەر تەنیا ئەو نەبووە بەم شێوەیە (نیکسۆن)یش هەمان شتە، ئەو بڕیارەی ئەو کە لەڕێگەی وەزیری دەرەوەی ئەو کات (هینری کسینەر) گواستراوەتەوە و بڕیاردراوە لەشەڕی کەمبۆدیا "هەر شتێک بفڕێت، یان بجووڵێت پێویستە تۆپباران بکرێت". ئەمە ئەو کاتە بووە، کە لەسەردەمی (نیکسۆن) بەشێوەیەکی نایاسایی ئاگربارانی کەمبۆدیا کراوە. لەکاتێکدا (کینسجەر) ئێستاش وەکوو بەرپرسێکی ڕێزلێگیراوی گەورەی بەتەمەنی دەوڵەت مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

(بۆرخیس) لەم گۆڤارە ئەمەریکییەدا لەبارەی دادگایی (ترەمپ) دەبێژێت "(ترەمپ) تاوانی زۆر لەوە خراپتری کردووە، کە ئێستا بەتاوانی پێدانی پارە بەنهێنی بە ئافرەتێک دادگایی کراوە، سەیر بکەن ئەو بەکارهێنانی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی زیادکرد

لەو وڵاتانەی، کە ئەمەریکا لەگەڵیان لەدۆخی جەنگدا نەبووە، لەکاتێکدا لەوێ خەڵکی سڤیل بوونەتە قوربانی".

**ئەی تاوانی دەنگدان و بەڵگەنامەکان**

لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ساڵی ٢٠٢٠ (ترەمپ) ئامادە نەبوو و ئێستاش بڕوای بە دۆڕانەکەی نییە، ئەمەش پەیوەستە بەو ١١ هەزار و ٧٧٠ دەنگەی لە جۆرجیا چوونە سەر دەنگەکانی (بایدن) و بەمەش دەبێتە یەکەمین سەرکەوتنی دیموکراتەکان لەدوای ساڵی ١٩٩٢ لەم ویلایەتەدا. (ترەمپ) پەیوەندییەکی تەلەفۆنی بۆ بەرپرسی هەڵبژاردنەکانی ناوچەکە (براد رافنسبر جێر) دەکات و پەیوەندییە دەنگییەکەشی تۆمارکراوە و هەڕەشەی لێ دەکات و داوای لێ دەکات ئەم دەنگانە بخرێتە سەر لیستی کۆمارییەکان بۆ ئەوەی ئەو بەرانبەر (بایدن) براوە بێت، مووچەخۆرەکەش ئەمە ڕەت دەکاتەوە، بۆیە پێی دەڵێت "تۆ یارییەکی گەورەی مەترسیدار دەکەیت". ئەمەش بەهەڕەشە حیساب دەکرێت. بەپێی یاسای هەڵبژاردنەکان هەڕەشە دژی بەرپرسەکان و بێزارکردنیان سزاکەی دەگاتە بیست ساڵ زیندانی.

ئەمە بیست ساڵ، ساڵی ٢٠٢١ دادگا داوای لە (ترەمپ) کرد هەر بیست کارتۆن بەڵگەنامەی نهێنی بگێڕێتەوە، کە لەماڵەکەیدا لە مارالاگۆ دۆزرایەوە. هەر ئەو کات ١٣هەزار بەڵگەنامە و لەناویاندا ١٠٣ بەڵگەنامەی نهێنی هەبوو. بەپێی زانیارییە یاساییەکان ئەمەش سزاکەی دەگاتە دە ساڵ زیندانی، کۆسپ

دروستکردن لەبەردەم لێکۆڵینەوەکانی دادگاش بیستساڵ سزای بەدواوەیە و خراپ بەکارهێنانی بەڵگەنامە نهێنییەکانیش سێ ساڵ و دواخستن و کۆسپ و درۆ کردنیش پێنج ساڵ زیندانی تێدایە.

ئەگەر بەم شێوەیە بڕوات (ترەمپ) تووشی ساڵانێکی زۆری سزای زیندان و سزای دارایی دەبێتەوە، چونکە هەموو ئەو شتانەی کردوویەتی بەپێی یاسا ئەگەر لێکۆڵینەوەیان تێدا بکرێت و دادگا لەدژی گومانلێکراو بڕیار بدات، ئەوە ساڵانێکی زۆری زیندانی بۆ دەبڕێتەوە.

دەستوەردان لەئاکام و ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ٢٠٢٠یش یەکێکە گومانەکانی دیکە و بەپێی یاسا نزیکەی بیست ساڵ زیندانی بەدواوەیە. ئەم سزایە پەیوەندیی بەهۆکارەکانی دواخستنی ڕاگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردن و هێرشەکانی سەر کاپیتۆلەوە هەیە. ئەم زانیاریانە لە گۆڤاری لوبوانی فەرەنسی وەرگیراون.

**بەسیاسی کردنی شتەکان**




https://www.google.com/search?q=How+Trump%27s+serial+story+makes+America+%0D%0Ahell+...%21%21+cartoon&sca

لەیەکەمین کاردانەوەدا (ترەمپ) لە سۆسشیال میدیادا گووتی "شتەکان بەسیاسی کراون"، ئەم قسەیەی دژی دادوەری مەنهانتنە. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە بۆچی (ترەمپ) بەم جۆرە هێرشی دەکرێتە سەر و دەیانەوێت ڕێگەی خۆهەڵبژاردنەوەی لێبگرن و نەهێلن لەخوولی داهاتووی ٢٠٢٤دا مافی خۆی کاندێدکردنی هەبێت. لەکاتێکدا ئامارەکان ئەوە نیشان دەدەن بەهۆی ئەو تۆمەتانەی باس دەکرێت، بۆتە هۆکارێکی ئەرێنی تاکوو لەنێو کۆمارییەکاندا لایەنگری (ترەمپ) زیاد بکات و

دوورنییە دادگایی سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا، نێوبانگ و پێگەی جەماوەری ئەو بەهێزتر بکات. هیچ یاسایەکیش بەهۆی سزای لەم جۆرەی دادگا نییە، کەسێک نەتوانێت خۆی کاندێد بکات، چونکە یاسا تەنیا سێ مەرجی ئاسایی بۆ خۆکاندێکردن داناوە، کە ئەمانەش ڕێگرنابن لەبەردەم (ترەمپ) بۆ خۆ کاندێکردن کردنەوە.

هەندێک لەڕاگەیاندنەکانی ئەمەریکاش پێیان وایە دادوەر (ئەلفین براگ)، کە یەکێکە لەئەندامەکانی حزبی دیموکراتە، دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە ڕێگە لە (ترەمپ) بگرێت و نەتوانێت خۆی کاندێد بکاتەوە. لەکاتێکدا (ترەمپ) ڕاشکاوانە ڕایگەیاندووە ئەو خۆی کاندێد دەکات و دادگاش ناتوانێت ئەو مافەی لێ بسێنێتەوە. ئەم سەرکردە دیارە یەکێکە لەئەستێرە گەشەکانی نیویۆرک و دڵیشی بەم شارە خۆشە، کەچی ئێستا هەر لەم شارەدا دادگایی دەکرێت و تۆمەتبار دەکرێت بە کاری یاساشکێنی.

**یاسای ویلایەتەکان جیاوازە**

دەستووری ئەمەریکا ڕێگر نابێت لەبەردەم خۆکاندێکردنی کەسێک ئەگەر سزا درابێت، بەشی یەکەم و لەبەندی دووەمی دەستوردا هاتووە هەموو کەسێک مافی خۆ کاندێکردنیان بۆ سەرۆکی وڵات هەیە، ئەگەر لە ئەمەریکا لەدایک بووبێت، یان تەمەنیان لە ٣٥ ساڵ کەمتر نەبێت و ١٤ ساڵیش بێ پچڕانەوە لەنێو ئەمەریکا ژیا بن. بۆیە مەرجەکان هیچ ئاماژەیەکیان بۆ

تاوانکاریی و سزادان تێدا نییە. بەم شێوەیەش بێت (ترەمپ) ئەگەر سزاش بدرێت، ئەوە مافی خۆپاڵاوتن و چوونە نێو ململانێی هەڵبژاردنەکانی هەیە.


تەنیا شتێک ئەگەر بیانەوێت ملی (ترەمپ)ی پێ با بدەن، ئەوەیە ئەگەر هەمواری بڕگەی چوارەم بکرێت، کە پەیوەندی بەهاندان و جۆشدانی یاخیبوون و هاوکاری و پاڵپشتی ئاژاوە هەیە. دەتوانرێت ئەمە ببەستنەوە بە ئاژاوەکەی کاپیتۆل، لە گاڤێکدا ئەگەر گریمانەی ئەم جۆرە تۆمەتباریەشی بۆ دروست بکرێت، نابێت لەبیری بکەین یاسای ویلایەتەکان جیاوازن. هەندێکیان ڕێگرن لەخۆتۆمارکردنی (ترەمپ) و هەندێکیشان ئاساییە و هیچ بڕگەیەکی دەستووریی لەم جۆرەیان نییە، ڕێگر بێت لە کەسێک کە دادگا تۆمەتباری کردبێت بەتاوانێکی یاسایی نەتوانێت خۆی کاندێد بکات. بۆیە لەم دۆخەدا ئەگەر دەستووریش ڕێگەی پێ نەدات، ئەو دەتوانێت بەپێی یاسای هەندێک ویلایەت خۆی کاندێک بکاتەوە.

دواین گریمانە و پێشهات ئەوەیە دەستووری فیدرالی تاکە سەرچاوەی گشتی بۆ ئەوەی نەهێڵێت (ترەمپ) خۆی کاندێد بکاتەوە، بەڵام نابێت لەبیری بکەین بەهۆی دابەشبوونی حزبی و زۆرینەی کۆمارییەکان لە کۆنگرێس و زۆرینەی دیموکراتەکان لە ئەنجوومەنی پیران، ئەمەش کار و هەنگاوێکی ئاسان نابێت و ئاریشە و لێکدانەوەی زۆری دەوێت و دەستووری فیدرالیش بەشێوەیەکی کاریگەر و یەکگرتوو هیچ گۆڕانکارییەک دروست ناکات. لەکاتێکدا (ترەمپ) پێش ئێستا خۆی ڕایگەیاندووە، کە

پێشبینی ئەوە دەکات دادگا فەرمانی زیندانی دژ دەربکات و بۆیەش داوای لەلایەنگرانی خۆی کرد پاڵپشتی بکەن و ناڕازیەتی دەربڕن.

**ئەوانەی زیندان بوون و خۆشیان کاندێد کرد**

لەمێژووی سیاسی ئەمەریکا شتی لەمجۆرە ڕوویداوە، بۆ یەکەمین جار لەساڵی ١٧٩٨ (ماسیۆ لیۆن) وەکوو نوێنەری کۆنگرێس خۆی هەڵبژارد، لەکاتێکدا بە تۆمەتی (هاندان) دژی حکوومەت زیندانی کرابوو. هەروەها (یوجین دیبس) دامەزرێنەری پارتی سۆسیالیستی لە ئەمەریکا ساڵی ١٩٢٠ ئەو کاتەی لە زیندان بوو، مافی خۆ کاندێکردنیان پێدا و بەشداری هەڵبژاردنیشی کرد، هەرچەندە نەیتوانی سەربکەوێت بەڵام ٩١٣،٦٩٣ دەنگی بەدەستهێنا.




https://www.google.com/search?q=How+Trump%27s+serial+story+

هەر (ترەمپ) کەتنکەر نەبووە. بەپێی زانیارییەکانی نێو میدیای ئەمەریکا و ڕۆژنامە جیهانییەکان هەر تەنیا (ترەمپ) کەتنی سێکسی نەبووە، ژمارەیەک لە سەرۆکەکانی پێشووی ئەمەریکاش تووشی ئەم دۆخە هاتوون و تاکوو هەنووکەش بەدواداچوون بۆ کەتنە سێکسییەکانیان دەکرێت، لەوانە:
جۆرج واشنتن: یەکەم سەرۆکی وڵات منداڵێکی لە ئافرەتێک بەناوی (ڤینۆس) هەبووە، کە خزمەتکاری نێوماڵیان بووە لە

ڤەرجینیا. ڕۆژنامەی (نیۆیۆرک تایمز) ساڵی ١٩٩٩ ئەم مەسەلەی بیری هەمووان خستەوە.

تۆماس جێفرسۆن: تاوانبارکراوە بەوەی منداڵێکی لەخزمەتکارەکەی بەناوی (ساڵی هیمینگز) هەبووە ئەو کاتەی لەخوولی یەکەمی سەرۆکایەتی بووە. خێزانی (جێفرسۆن) ئەو کاتەی جێگری سەرۆک بووە کۆچی دوایی کردووە، دوای ئەوە لەمەزرەعەکەی لە ڤەرجینیا ئەم کەتنەی کردووە، ساڵی ١٩٩٨ پشکنینی دی ئێن ئی بۆ نەوەی هەردووکیان کراوە.
ئەندرۆ جاکسۆن: ئەمەش کەتۆتە بەر ڕەخنەی زۆر چونکە هاوسەرگیری لەگەڵ (ڕاشیل دونلسۆن روباردز) کردووە، پێش ئەوەی بەفەرمی لەمێردی یەکەمی جیاببێتەوە.

ولیام هنری هاریسۆن: کوورترین ماوە لەمێژووی ئەمەریکا سەرۆک بووە، باسی ئەوە دەکرێت، کە ئەویش پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ (دیلسیا)ی خزمەتکاری هەبووە. ئەم ئافرەتە بانگەشەی ئەوەش دەکات، کە شەش منداڵی لە (هاریسۆن) هەیە. ئەم پیاوە دوای ٣٢ ڕۆژ لەسەرۆکایەتی ئەمەریکا کۆچی دوایی کردووە.
جۆن تایلەر: ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست) گووتیەتی ئەو کاتەی (تایلەر) دوای (هاریسۆن) دەسەڵاتی وڵات دەگرێتە دەست، بڕیاری لێبووردنی بۆ دەردەچێت، کە منداڵێکی لەیەکێک لە خزمەتکارەکانی لە ڤەرجینیا دەبێت.

جیمس گارفیلد: (گارفیلدیش) پەیوەندی ناشەرعی لەدەرەوەی هاوسەرگیری لەساڵی ١٨٦٢ لەگەڵ ئافرەتێک هەبووە، ئەو کاتەی ژەنەرال بووە لەشەڕی نێوەخۆدا.
گروفەر کلیفلاند: ئەم سەرۆکە بۆ ماوەی دوو خووڵ لەسەرۆکایەتی ئەمەریکا ماوەتەوە. ڕۆژنامەی «Buffalo Evening Telegraph» ئاماژەی بەوە کردووە، کە ئەم سەرۆکەش پێش دە ساڵ لە خۆکاندێدکردنی بۆ سەرۆکی ئەمەریکا منداڵێکی لە ئافرەتێک بەناوی (ماریا هالبین) هەبووە، ئەم ئافرەتە خراوەتە نەخۆشخانەی دەروونی و منداڵەکەشیان لەلایەن خانەوادەیەکی دیکەوە سەرپەرشتی کراوە و لەخۆگیراوە. دواتر (هالبین) ئاشکرای کردووە، کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ (کلیفلاند) ئارەزوومەندانە نەبووە، بەڵکو ئەو دەستدرێژی سێکسی کراوەتەسەر، هەرچەندە ئەو ئەم تۆمەتەی ڕەتکردۆتەوە، گووتیەتی ئەمە پێش هاوسەرگیری بووە.
وارن هاردینگ: (هاردینگ) سەرۆکی بیست و نۆیەمی ئەمەریکا بووە، لەماوەی سەرۆکایەتیدا پەیوەندی لەگەڵ (نان بریتون) هەبووە، بێ ئەوەی هاوسەرگیریی بکەن و منداڵێکیشی لەم ئافرەتە هەبووە. (هاردینگ) پێش کۆتایی ماوەی سەرۆکایەتی کۆچی دوایی کردووە، دوای پشکنینی دی ئێن ئی دەرکەوتووە بەکردەوە منداڵەکە هی ئەوە. لەساڵی ١٩٢٣ ئەوە بڵاوکراویەوە، کە (فلۆرنسا)ی خێزانی ئەم پیاوەی ژەهرخواردی کردبێت.
فرانکلین رۆزفلت: ئەویش پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ (لوسی میرسر) سکرتێری خێزانەکەی خۆی (ئەلیانور) هەبووە، وەکوو سەرچاوە ئەمەریکییەکان ئامارەیان پێکردووە ڕەنگە ئەم

پەیوەندییە لەساڵی ١٩١٦ بوو بێت. بۆیە (ئەلیانور) داوای جیابوونەوەی لە (رۆزفلت) کردووە، دوای ئەوەی نامەی خۆشەویستی لە (میرسر) لەجانتاکەی دەدۆزێتەوە، بەڵام لێکجیا نەبووەنەوە و وەکوو ژن و مێرد مانەوە.
دوایت ئیزنهاوەر: ئەم سەرۆکەش پەیوەندییەکی درێژخایەنی لەگەڵ ئافرەتە شوفێرەکەی (کای سمرسبی) هەبووە، بەپێی زانیارییەکانی نووسەرێک ساڵی ١٩٤٥ (ئیزنهاوەر) داوای لە ژەنەرالی مێردی (سمرسبی) کردووە ، خێزانەکی تەڵاق بدات، بۆ ئەوەی ئەو هاوسەرگیریی لەگەڵدا بکات.
جۆن ئێف کینیدی: ژمارەیەک پڕوپاگەندەی هەمەجۆر لەبارەی (کینیدی) بڵاوکراوەتەوە لەوانە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەستێرەی بەناوبانگی سینەما (مارلین مونرو).
لیندون جۆنسون: وا بڵاوە، کە (جینسۆن)یش پەیوەندیی ژێراوژێری عاشقانەی لەگەڵ ژمارەیەک ئافرەت هەبووە، یەکێک لەوانە (مادلین براون)ە لە بۆ ماوەی ٢١ ساڵ پەیوەندیی لەگەڵ درێژە پێداوە. بەپێی نووسەری بیرەوەرییەکانی دەگێڕێتەوە رۆژێک (جینسۆن) کە باس دێتە سەر پەیوەندییەکانی (کینیدی) لەگەڵ ئافرەتان، لەمێزەکەی بەردەمی دەدات و دەڵێت من لە (کینیدی) پتر پەیوەندیم لەگەڵ ئافرەتان هەبووە.
جۆرج بۆش: (جۆرج بۆش)ی باوک بەوە ناوی دەهێنن کە پەیوەندی لەگەڵ دوو ئافرەت هەبووە، یەکێکیان مووچەخۆری کۆشکی سپی بووە، لەو کاتەی سەرۆکی وڵات بووە. ئەوی دیکەشیان گوایە لەشەستەکاندا پەیوەندیی لەگەڵ ئافرەتێکی دیکەدا هەبووە، هەرچەندە (بۆش) هەردووکیانی ڕەتکردۆتەوە.

بیل کیلنتەن: سەرکێشی و هەڵسوکەتەکانی (کیلنتەن) بەنێوبانگە و ڕەوشتەکانی بووە جێگەی مشتومڕ لەنێو ڕاگەیاندنی ئەمەریکا و دونیا، ئەمە نوێترین بیرەوەری و بیرخستنەوەیە، کە تەنیا چەند ساڵێک پێش ئێستا و پێش کەتنەکانی (ترەمپ) ڕوویداوە.

جۆرج دەبلیو بوش: بەپێی زانیارییەکانی (BuzzFeed) بۆشی کوڕ لەتکساس دەستدرێژی سێکسی کردۆتە سەر ئافرەتێک و لەئاکامدا ئەو ئافرەتە خۆی کوشتووە، هەروەها گوایە پەیوەندییی نهێنی لەگەڵ ئافرەتێکی سەماکەر بۆ ١٨ ساڵ هەبووە و ئەم پەیوەندییەش لەساڵی ١٩٩٩ کۆتایی پێهێنراوە.

**دادوەر کێیە؟**

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەی (گاردیان)ی بەریتانی ئەم دادوەرە ناوی (ئەلفین براگ)ە منداڵی گەڕەکی هارلمە لە نیویۆرک و بۆتە دادوەر لەناوچەی مەنهاتن دوای ژیانێکی جددی و سەخت و ئازایانە و داواکارێکی سەرسەختی دادپەروەریی. ڕۆژنامەکە پێی وایە ئەم دادوەرە چووە نێو مێژوو، بەو پێیەی یەکەم کەسە بڕیاری تاوانباریی دژی سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا دەرکردووە. (براگ) تەمەنی ٤٩ ساڵە و پێشتر یارمەتیدەری داواکاری گشتی ویلایەتی نیویۆرک بووە و لەزانکۆی هارفارد خوێندوویەتی و ساڵی ٢٠٢١ وەکوو یەکەمین دادوەری ڕەشپێست لە مەنهاتن هەڵبژێردراوە، لەهەشتا ساڵی ڕابردووشدا ئەمە چوارەمین کەسی ڕەشپێستە ئەم پلەیە وەردەگرێت.

ئەم پیاوە بڕیاری داوە کار لەپێناو پارێزگاری دانیشوانی نیویۆرک لە زۆردارەکان بکات و هەڵەکانی زولمی ڕابردوو ڕاست بکاتەوە، لەڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی بیروباوەڕە هەڵەکان. بۆیە لەگەڵ دۆخ و دۆسیەی یەکجار هەستیار کار دەکات و لەم پێناوەشدا بنکە و بنەماکانی نەهێشتنی ڕق و جیاکاریی فراوانکردووە.

دوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی (بومیرانتز) کە ئاماژەی بە توانا و بەکارهێنانی پارە لەلایەن (ترەمپ) لەپێناو بێدەنگکردنی خەڵک کردووە، ئەو ئەم دۆخەی لەنێو کتێبەکەی وەها وەسفکردووە لە (زامبیز) دەچێت و شتێکە نامرێت. (براگ)یش لیستی تاوانەکانی (ترەمپ)ی لەسەر هەمان بنەما داڕشتووە.

### ئابڕووچوونەکان پێش هەڵبژاردن

لە ئەمەریکا بەهۆی ئەوەی ڕاگەیاندن دەتوانێت دزە بەشتە نهێنییەکان بکات و زۆرترین قسە لەسەر بچووکترین نهێنیش بکات، سیاسەت لەم وڵاتەدا ناتوانێت خۆی لە دادگا و چاودێری و لێپرسینەوە بدزێتەوە. پێش (ترەمپ) چەندین سەرۆکی دیکەی ئەم وڵاتە بەهۆی ئابڕووچوونی سێکسی، یان سیاسی و ئابووری و بڕیار هەڵەکانیان تووشی ئابڕووچوونی سیاسی گەورە لە سەد و شەست ساڵی ڕابردوو بوون، لەوانە:

**بیل کیلنتەن:** لەنیوەی ماوەی سەرۆکایەتییەکی لەژێر چاودێری و لێپێچینەوە بووە بەهۆی ئەو کارانەی لەبواری بەرهەمهێنان لەپڕۆژەی (وایت وەتەر)ی بیناسازیی و پەیوەندییە

سێکسییەکانی لەگەڵ مووچەخۆرێکی کۆشکی سپی هەیبووە. هەرچەندە هیچ بەڵگەیەک بۆ سەرپێچی ئەو نەدۆزرایەوە، تەنیا ئەوە نەبێت دوو لە کەسە نزیکەکانی (جیم و سۆزان ماکدوگال) نەبێت سزا دران، بەڵام ڕاپۆرتەکەی ستار لەساڵی ١٩٩٨ کە تایبەت بوو بەپەیوەندییەکانی کیلنتەن لەگەڵ (مۆنیکا لوینسکی)، مەبەست و شتەکانی لەوە کوورت کردەوە، کە (کلینتەن) درۆی لە سوێندخواردنەکەی کردووە و کۆسپی لەبەردەم دادگا هەڵچنیووە. لەکۆتایدا لە ١٩ دیسێمبەری ١٩٩٨ کۆنگرێس بڕیاری دا ئەو لەکارەکانی بەردەوام بێت تاکوو کۆتایی کانوونی دووەمی ٢٠٠١.

**ڕۆنالد ڕیگان:** هیچ دادگایی نەکرا بەهۆی هەموو ئەو ئابڕووچوونانەی لەماوەی سەرۆکایەتییەکەی ڕووبەڕووی کرانەوە. لەوانە پلانی چەک بەرانبەر ئازادکردنی دەستبەسەرەکان، کە لەکۆتایدا بە (ئێران کۆنترا) ناسرا. لەئاکامی ئەو ئابڕووچوونەدا ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی (جۆن بۆیندکستر) دەستی لەکارکێشایەوە و هەروەها یارمەتیدەرەکەشی (ئۆلیڤەر نۆرس) لەکار دەرکرا و هەردووکیان بە دەستخەڕۆدانی کۆنگرێس تاوانبارکران. دواتر تاوانەکانیان لەسەر هەڵگیرا و سڕایەوە.
ریچار دنیکسۆن: لەساڵی ١٩٧٤دا لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کرا سەبارەت بەچوونە نێو بارەگای لیژنەی نیشیمانی پارتی دیموکرات لە واشنتن. ئەمەش ئەو کات بە (ووتەرگێت) ناونرا، حەوت کەس لەم کارە تۆمەتبارکران و پێنجیان دانیان بە کارە

هەڵەكەدا نا. ئەم ئابڕووچوونە وایكرد (نیكسۆن) نەتوانێت بۆ جاری دووەم خۆی كاندێد بكاتەوە. ئەمەش بەستراوەیەوە بەسێ تاوانی نایاسایی، لەوانە (ڕێگەگرتن و كۆسپ نانەوە لەبەردەم بەڕێوەچوونی كاروباری دادگا و دادوەریی، خراپ بەكارهێنانی دەسەڵات و فریودانی كۆنگرێس). ئەم سێ تاوانە بەس بوو بۆ ئەوەیە ڕێگەی نەدەن دووبارە خۆی كاندێ بكاتەوە. لەهەمان كاتدا نابێت لەبیری بكەین (یولیسیس ئیس. گرانت)یش توانباركرا بە ژمارەیەك تۆمەت و سەرپێچی. ساڵی ١٨٧٥ وەزیری دارایی لێكۆڵینەوەی لە باجی مەی كرد، كە لەمێژووی ئیداریی و سیاسی ئەمەریكادا بە (ئەلقەی وێسكی) بەنێوبانگە، سەدان كەس گیران و دروستكەرانی ئەم مەیە بە ملیۆنان دۆلاریان لە باجی مایەكەی خۆیان پەنا دابوو لەپێناو پڕكردنی گیرفانی تایبەتی خۆیان گلیان دابۆوە، هەروەها (ئەندرۆ جۆنسۆن) لەكار لادرا بەهۆی ناكۆییە توندەكانی لەگەڵ كۆنگرێس بەهۆی كێشەكانی ئاوەدانكردنەوە دوای شەڕی ناوەخۆ. بڕیار و لەكارلادانیش چیرۆكی نوێنەری دیموكراتەكانە لە ویلایەتی تێنسی، ئەمەش لەساڵی ١٨٦٤ دوای غافلكوژییەكەی (ئەبراهام لنكۆلن) یەكسەر (جۆنسۆن) لەساڵی ١٨٦٥ بووە سەرۆكی ئەمەریكا. چیرۆكی لابردنی ئەویش پەیوەندی بەدەركردنی بڕیاری لێبوردنی سەركردەكانی كۆنفدرالی بوو، سەرباری پێداگری و ڕێگەگرتن لەدرێژ نەكردنەوەی مافی ڕەشپێستە ئازادەكان لەبەشداری لەدەنگدان بوو.

لە ٥ی مارسی ١٨٦٨ لە کۆشکی سپی دادگایی (جۆنسۆن) دەستی پێکرد. دوای دوو مانگ کۆتایی هات، لەئاکامدا نەیانتوانی لەدەسەڵاتی دوور بخەنەوە، ساڵێکی مابوو ئەویشی تەواو کرد، بەڵام حزبی دیموکرات ڕەتی کردەوە جارێکی دیکە کاندێدی بکاتەوە بۆ سەرۆکایەتی وڵات.

**دیموکراتەکان پێیان خۆشە و نیگەرانیشن**

پارتی دیموکراتی ئەمەریکا لەگەڵ ئەوەی (ترەمپ) بەڕکابەرێکی سەرسەخت دەزانن و پێشوازی لەبڕیاری دادگا دەکەن بۆ سزادانی سەرۆکی پێشووی وڵاتەکەیان، لەهەمان کاتدا نیگەرانیشن، بۆ؟ سیناتۆری میانڕەوی دیموکراتەکان (جۆ مانشین) دەڵێت: "زۆر هۆکار هەن بۆ ئەوەی پاڵپشتی (ترەمپ) نەکەین، هەروەها زۆر هۆکاریش هەن نیشانی دەدەن ئەمە پیاوی سەرۆکایەتی نییە، بەڵام دەبێت دڵگران بین، پێویستە سیستەمی دادوەری نەبێتە بەشێک لەڕەوتی سیاسی" و هوشداریشی دا لەوەی "ئەمەی بوو کاریگەریی پێچەوانەشی دەبێت، کە هەندێک پێشبینیان کردووە، (ترەمپ) پێگەی بەهێزتر دەبێت". ئەمە قسەی نێو ڕاگەیاندنەکانە، کە ئەندامێکی دیموکراتەکان کردوویەتی.

دیموکراتەکان بەدوای هەندێک لەتۆمەتی دیکەوەن دژی (ترەمپ) ئەو تۆمەتانەش بریتین لە"هاندانی لایەنگرەکانی بۆ هێرشکردنە سەر کۆنگرێس واتە ڕووداوەکانی کاپیتۆل" و "فشار خستنە سەر بەرپرسانی هەڵبژاردن بۆ گۆڕینی ئەنجامی دەنگدان و سەربارى وەرگرتنی هاریکاری لە وڵاتە بیانییەکان.

تاوانی دیكەش لەوێ بووەستێت، كە لەماوەی فەرمانڕەواییەكی كردوویەتی". هەندێك لەدیموكراتەكان پێیان وایە تاوانباركردنی (ترەمپ) بەتاوانی (ستورمی دانییلز) ڕەنگە ببێتە هۆكار بۆ داپۆشین و شاردنەوە "بەهای تاوانەكانی دیكە"، كە تاوانی زۆر جددین. لەوانە هەولدان بۆ گزی لەئەنجامی هەڵبژاردنەكانی جۆرجیا و كێشەی بەڵگەنامە نهێنییەكان و هێرشكردنە سەر كاپیتۆل لە ٦ی كانونی دووەمی ٢٠٢١، ئینجا هاندانی یاخیبوون، كە ئەمە ڕەنگە ببێتە هۆكار بۆ ئەوەی ڕێگەی لێبگرن لەوەی خۆی جارێكی دیكە بۆ سەرۆكی ئەمەریكا كاندێد بكاتەوە.


**ترەمپ: وڵاتەكەمان بەرەو دۆزەخ دەچێت**

لە ڕۆژی سێشەممە لە ٣ی نیسانی ٢٠٢٣ (دۆلاند ترەمپ) لە نیویۆرك دەچێتە دادگا و دەستیشی ناخرێتە نێو كەلەپچەوە، دەڵێت "ئەمە كردەیەكی چەوسێنەرانەیە و وڵاتەكەمان بەرەو دۆزەخ دەچێت"، لەدرێژەی پۆستەكەی دەڵێت "دەچمە نیویۆرك تاكوو وابكەم ئەمەریكا سەرلەنوێ مەزن ببێتەوە" ئەمەی لە سۆشیال میدیا "تروس" ڕاگەیاندووە.

**ترەمپ لەبەردەم دادوەر**

پێ دەچێت تونێلەكە بەئاسانی دەرگا و پەنجەرەی دەرچوونی تێدا بدزۆرێتەوە و لە كۆتایی چیرۆكە غەمگینەكەی (ترەمپ)،

ڕۆژی سێشەممە ٤ی نیسانی ٢٠٢٣ لەبەردەم دادوەر لە دادگای مەنهاتن دانیشت و گوێی لەلیستی ئەو گومان و تۆمەتانە گرت، کە دادگا وەکوو تاوان و لێکۆڵینەوە بۆی خوێندەوە. ئەمە ڕۆژێکی مێژووییە (ترەمپ) یەکەم سەرۆکی ئەمەریکایە لە دادگای تاواندا دادگایی بکرێت. ٣٤ تۆمەت خراوەتە ستۆی (ترەمپ)، لەنێویاندا بەرتیل دانە، کە ساڵی ٢٠١٦ دراوتە ئەکتەرێک بۆ ئەوەی بێدەنگی بکەن و پەیوەندییە نهێنییەکان ئاشکرا نەکات. (ترەمپ) دادگایی کردنەکەی خۆی بە (سریالی) وەسفکرد. دادگا (ترەمپ)ی ئازادکرد و هەر ئەو ڕۆژە گەڕایەوە ماڵەکەی خۆی لە فلۆریدا، (ترەمپ) وەکوو هەمیشە گووتی "ئەو تاوانبار نییە". پارێزەرەکانی (ترەمپ) گووتیان هیچ یەکێک لەو تۆمەتانەی دادگا باسی دەکات، تاوانێکی فیدرالی نین. لەکاتی بەڕێوەچوونی دادگاییەکەدا ڕێگە بەدەزگاکانی ڕاگەیاندن نەدراوە ڕووداوەکان بگوازنەوە. ڕاستە ئەو وەکوو تاوانبارێک دەستی نەپێچراوەتەوە، بەڵام پەنجەمۆری وەکوو گومانلێکراو و تۆمەتبارێک لەبەردەم دادوەری گشتی وەرگیراوە. دەمیشی پێچرا و نەیتوانی هیچ کردە و کاردانەوەیەکی لەنێو دادگا لە ڕاگەیاندن بڵاوبکرێتەوە.




https://www.google.com/search?q=Buydin+s+cartoon&sca_esv


**دیماهیی بۆ کۆتایی**

دوا قسەی ئەم سەرۆکەی پێشووی ئەمەریکا ئەوەیە دادگایی ئەو "ئیهانەی نەتەوەی ئەمەریکایە". پێ ناچێت ئەمە کۆتایی چیرۆکە گەرم و بزوێنەرەکانی ئەم سەرۆکەی ئەمەریکا بێت. پێ دەچێت دیموکراتەکان تاکوو دوا شوێن فشار و دەسەڵات و هێزی خۆیان لەڕووی یاساییەوە دژی (ترەمپ) بەکاربهێنن، ئەویش تا دوا سەنگەر تەقەی خۆی دەکات و نایەوێت دەستەبەرداری پێگە و خەون و خواستەکانی خۆی بێت. پیاوێکی سەخت، مەزاجی، قسە ئاگرین و هاندەرێکی توندی توندوتیژییە. ئەو دادگایی

خۆی بە دۆزەخ بۆ ئەمەریکا و دژی نەتەوەی ئەمەریکا و بەسریالی ناو دەبات. بزانین ڕووداوەکان لە چەند مانگی داهاتوو بەرەو کوێمان دەبەن. دیموکراتەکان دەیانەوێت ئەو بشکێنن و نەهێلن کاندێد بێت، ئەویش دەیەوێت سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکا بێت!.

# چەک و توندوتیژی

(6)




https://www.google.com/search?q=Weapons+and+Violence+USA

با بە ژمارە سەرجڕاکێشانەی تاوانی کوشتن لە ئەمەریکا دەست بە بابەتە بکەین. بەپێی لێکۆڵینەوەکانی ئێف بی ئای ڕێکەی تاوانی کوشتن لەساڵی ٢٠٢١ کەمێک دابەزیوە. بەپێی زانیارییەکانیان ساڵی ٢٠٢٠ میلۆنێک ٣٢٦ هەزار تاوانی کوشتن هەبووە و لەساڵی ٢٠٢١ ڕێژەکە بۆ یەک میۆن و ٢٠٠ هەزار دابەزیوە. تاوانی کوشتن بەردەوام لەهەڵکشان و داکشانە بەپێی بۆچوونەکانی ڕۆژنامەی (پۆلیتیکۆ)ی ئەمەریکی کێشەی کوشتن بەلای دەنگدەرانەوە یەکێکە کێشە گەورەکانی وڵات.
لەساڵی ٢٠٢٣دا ١٣٠ ڕووداوی تەقەکردند بەکۆمەڵ لە ئەمەریکا قەوماوە، دواترین تەقەکردن ئەو هێرشە بوو، کە کرایە سەر قوتابخانەیەکی ناشڤیل و لەئاکامدا سێ منداڵ و سێ کەسی بەتەمەنیش بوونە قوربانی. لەساڵەکانی دیکە لە ساڵێکدا نزیکەی ٦٠٠ ڕووداوی لەم جۆرە ڕوویداوە، واتە لەهەر ڕۆژێکدا دوو جار تەقەکردن ئەنجام دراوە. خراپترین دیاردەی کوشتن ئەوەی ساڵی ٢٠١٧ی لاس ڤێگا بوو کە پتر لە ٥٠ کەس کوژران و ٥٠٠ کەسیش بریندار بوون، بەشێوەیەکی گشتی لەم دۆخانە لەهەر ڕووداوێکدا نزیکەی ١٠ کەس کوژراون. بەپێی زانیارییەکانی (Internal Medicine Annals) نزیکەی ٧.٥ ملیۆن ئەمەریکی بەتەمەن لەنێوان کانوونی دووەمی ٢٠١٩ تاکوو نیسانی ٢٠٢١ چەکیان هەبووە. بەم پێیە نزیکەی ١١ ملیۆن کەس ژیانی لەمەترسی دایە لەئاکامی بەکارهێنانی چەک و لەنێویاندا ٥ ملیۆن منداڵ هەڕەشەیان لەسەرە و لەم دواییە

دەرکەوتووە نیوەی ئەوانەی چەکیان هەیە ئافرەتن. لە ٤٠٪ ئەو کەسانەی چەکیان هەیە ڕەشپێستن یان نەژادیان ئیسپانییە.
دوای ئەوەی هەرزەکارێکی نۆزدە ساڵی لە قوتابخانەیەک لە تکساس چەند منداڵێک بەر گوللە دەدات و دەیانکوژێت، لەنێوەخۆی ئەمەریکا و دەرەوەدا ڕۆژنامەکان هەواڵ و زانیاریی و شیکاری زۆریان لەبارەی چەک و پەرەسەندنی تووندوتیژی بڵاوکردەوە. لەم بارەیەوە گۆڤاری (لۆبس)ی فەرەنسی ئاماژە بە دە هەقیقەت لەبارەی ئەم جۆرە ڕووداوانەی نێو ئەمەریکا دەکات، کە پەیامنێرەکەی لە نیۆیۆرک ئامادەی کردووە:




https://www.google.com/search?q=Weapons+and+Violence+USA

**یەکەم:** کۆمارییەکان ترسنۆکن پەیامنێری ئەم گۆڤارە لە نیۆیۆرکەوە نووسیویەتی **"**هەڵویستی نەگۆڕی کۆمارییەکان ئەوەیە دوای هەموو قەسابخانەیەک دەڵێن ئەمە کارەساتە و نرخەکەی پەیوەستە بە ئازادی چەک هەڵگرتن. دواتر داوای بووردن دەکەن و دەڵێن ئەمە پەیوەستە بەنەخۆشی عەقڵی تاوانکارەکە و ئەوی دیکەش پەیوەستە بەلاوازیی پرۆسەی چاودێری و پاسەوانی ناوچە بەئامانجکراوەکان". لە تکساس لەناوچەی ئۆفالدیی ١٩ منداڵ بوونە قوربانی، (جۆن سۆن) ئەندامی ئەنجوومەنی پیران لە ویلایەتی ساوس داکۆتا گووتیەتی "خاڵی هاوبەشی نێوان هەموو ئەو تاوانانە ئەوەیە ئەم کەسانە کێشەی عەقلیان هەیە".

**دووەم:** پێویستە کەسانی چەکدار پاسەوانی باڵاخانەکان بکەن. داوا دەکەن پاسەوان لەشوێنە گشتییەکان و قوتابخانە و کەنیسە و سوپەر مارکێتەکان دابنرێت و یەک شوێنی سەرەکی بۆ چوونە نێو باڵاخانە و بازاڕ و شوێنەکان هەبێت. (پۆل کرۆگمان) خاوەنی نۆبلە لەبواری ئابووری لەڕۆژنامەی (نیۆیۆرک تایمز) نووسیویەتی "١٣٠ هەزار قوتابخانە و ٤٠ هەزار سوپەر مارکێت و ژمارەیەکی زۆری شوێنی گشتیمان هەیە، ئەگەر پاسەوان لەم شوێنانە دابنرێت پێویستیمان بە ١٨٠ هەزار پاسەوان دەبێت، ئەمەش پێویستی بە پارەیەکی زۆرە".

**سێیەم:** دیموکراتەکان دەیانەوێت دەست بەسەر چەکدا بگیرێت: زۆربەی ئەمەریکییەکان پاڵپشتی ڕای دیموکراتەکان دەکەن، کە داوای لێکۆڵینەوە لەچۆنیەتی دەستخستنی چەکی هێرشکەر دەکات، هیچ هۆکارێک لەبەردەست نییە ڕێگە بە هاووڵاتیان

بدات ئەم جۆرە چەکانە بەکاربهێنن. چارەسەری ئەم کێشەیە پێویستی بەهەموارکردنەوەی دەستوور هەیە، کە ڕێگە دەگرێت لەهەبوونی چەک، تەنیا ئەوانە نەبێت کە دۆخی تایبەتیان هەیە.

**چوارەم:** هەموو شتێک بۆ دیکتاتۆریەتی کەمایەتی دەگەڕێتەوە: ئەمەریکییەکان بەگشتی پاڵپشتی ئەوە دەکەن بەکارهێنانی چەک کۆنترۆڵ بکرێت، بەڵام کەمایەتی کە خاوەنی ٤٠٪ ئەندامە لەئەنجوومەنی پیراندا، دژی پرۆژەکانی دیموکراتەکان دەوەستێتەوە و ناهێڵێت هیچ یاسایەک لەم بوارە تێپەڕێت. ئەمەش وا دەکات ئەمەریکا بێ چارەسەر بمێنێتەوە.

**پێنجەم:** نەرمی نواندی دادگای باڵا: کۆنەپارێزەکان لەدادگا زۆرینەن، ئەمەش دوور نییە ببێتە هۆکار بۆ دواکەوتنی هەر بڕیارێک و ببێتە ڕێگر لەبەردەم هەڵگرتنی ئاشکرای چەک. لەم نزیکانە دوور نییە دادگای نیۆیۆرک بڕیار بدات ئەگەر پێویستی کرد هاووڵاتیانی ئەم وڵاتە بەنهێنی چەک هەڵبگرن.

**شەشەم:** قەیرانی هاوبەندی نیشتمانی چەک: ئەم هاوبەندە پاڵپشتی هەڵگرتنی چەک دەکات و ساڵانە کۆنگرەی خۆی لە هیوستن لەماوەی دوو ڕۆژدا دەبەستێت، (ترەمپ) و حاکمی تکساس (گریگ ئابۆت) و (تید کرۆز) لایەنگیری ئەم هاوبەندییەن. ئەمانە توندڕەون و خاوەنی چەکن، ئەوانە لەپێناو دەستکەوتی خۆیان لایەنگیری هەڵگرتنی چەکن بەشێوەیەکی ئاشکرا و دژی چاکسازیی دەستوورین.

**حەوتەم:** کارەساتەکان دۆخەکە ئاڵۆزتر دەکەن: نزیکەی ٢٠ ملیۆن کەس لەنێو ئەمەریکا ساڵی ٢٠٢١ چەکیان کڕیوە،

لەئەنجامی کارەساتی ناوچەی ئۆفالدی تکساس و ساندی هۆک ژمارەیەک منداڵ دەبنە قوربانی، کاردانەوەکان درێژە ناکێشت و لایەنگرانی هەڵگرتنی چەک هانی کارەساتی گەورەتر دەدەن.
**هەشتەم:** ڕاگەیاندن بگۆڕن: هەواڵ و ڕووماڵی ڕووداوەکان هیچ ناکەن، هەر تەنیا ئەوەمان نیشان دەدەن کێ بکوژەکەیە. بۆچی وا هەڵسوکەتیان کردووە و چەکەکیان چی بووە و کێن ئەوانەی بوونەتە قوربانی و کێن؟ ئەمە هیچ کێشەی تێدا نییە، کارێکی زۆر باشە و کۆمەڵگە و خانەوادەی قوربانییەکان ڕێزی دەگرن، بەڵام ئەوەی دەبێت هەستی پێ بکرێت وەکوو پێویست لێکۆڵینەوەی لەخۆ نەگرتووە و ڕاپۆرتەکان وەکوو پێویست ئاماژە بە بەرپرسیاریەتی سیاسی ناکەن، بۆیە جیهانی ڕاگەیاندن پێویستی بەپێداچوونەوە هەیە. ساڵی ٢٠١٢ (باراک ئۆباما) لەبارەی ڕووداوەکەی ساندی هۆک گووتی "پێویستە هاوکاری بکەین و دەبێت ڕێکاری دووبارە نەبوونەوەی ئەم کارەساتە بگرینە بەر". دوای دەساڵ (جۆ بایدن) دەڵێت: "پێویستە بجووڵێین" و جێگرەکەی دەڵێت "ئیدی بەسە پێویستە ئازایانە کار بکەین".




https://www.google.com/search?q=Weapons+and+Violence+USA

**نۆیەم:** هەرچەندە دەمێکە دەیانەوێت لەم بارەوە کارێک بکرێت، بەڵام هێشتا ئەوە نەبووەتە هاندەرێکی جددی، تاکوو ئەمەریکییەکان دژی هەڵچوونی شێتانە و هاندان بجووڵێن. نووسەرەکەی گۆڤاری لۆبس دەڵێت: "مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان گۆڕان دروست دەکەن ڕەنگە لەکاتی چاوەڕوان نەکراو ئەمە ببێت. ئەمەریکا کاری کردووە سزای لەسێدارەدان نەمێنێت و ڕێگە بە هاوسەرگیری هاوڕەگەزەکان دەدات، کە پێشتر کەس ئەمانەی ڕەچاو نەدەکرد، بەهیوای ئەوەی ڕێگەگرتن لە چەکیش ڕووبدات.

هەزارەها کەس لەپێناو ڕێگەگرتن لەبەکارهێنانی چەک و ناڕەزایەتی دەربڕین دژی کارەساتەکانی ئەم دواییە خۆپیشاندانیان لە واشنتن سازکرد، داوایان لەئەنجوومەنی نوێنەران کرد یاسایەك دابڕێژن ڕێگە لەم کارەساتانە بگرێت، ڕێکخراوی (خۆپیشاندان لەپێناو ژیانمان)، کە دوای کارەساتی ساڵی ۲۰۱۸ قوتابخانەی ناوەندی بارکلاند لە ویلایەتی فلۆریدا دامەزراوە، ڕایگەیاندووە تاکوو ئێستا ٤٥٠ خۆپیشاندانی دژی ئەم جۆرە ڕووداوانە و بەکارهێنانی چەک ڕێکخستووە هەر لەساڵی ۲۰۱۸ لە واشنتن ۱۷ کەس لەقوتابخانەی مێرگۆری ستۆنمان دۆگلاس لە بارکلاند کوژراون.

کردەی توندوتیژی چەکدارانە لەنێو ئەمەریکا بۆتە یەکێک لەو دیاردانەی ساڵانە گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت و وەکوو سەرچاوەی هەڕەشە بۆ سەر ژیانی هاووڵاتیان سەیر دەکرێت، بەڵام پێ ناچێت بەئاسانی بتوانرێت بەهۆی دابەشبوونی سیاسی هیچ یاسایەک بۆ قەدەغەکردنی هەڵگرتنی چەک دەربکرێت، کە هەنووکە هەزارەها کەس لەسەرتاسەری ئەمەریکا داوای دانانی یاسا و سنوورێک بۆ ئەم کێشە گەورەیە دەکەن.

دوای چەند ساڵ جارێکی دیکە خەریکە دادگا دێتەوە دەنگ، هەرچەندە داوا دەکرێت دادگا خۆی لەکێشەی ئایدیۆلۆژی بەدوور بگرێت، بەڵام هاوبەندی نیشتمانی چەک (ئێن ئار ئەی)، کە خاوەنی گەورەترین لۆبییە بۆ هەڵگرتنی چەک، دژی ویلایەتی نیۆیۆرکە، داوایان کردووە هەڵگران و بەکارهێنەرانی چەک هۆکارێکی فەرمی بۆ هەڵگرتنی چەکەکەی پێشکەش بکات.

هەندێک داوای بوژاندنەوەی یاسایێکی کۆنگرێس دەکەن، کە ساڵی ١٩٩٤ دەریکردووە لەبارەی بەکارهێنانی چەک، (بایدن) کاتی خۆی لەئەنجوومەنی پیران نوێنەری ویلایەتی دیلاوێر بووە کاری کردووە یاسایەک لەم بارەوە دەربکرێت، بەڵام بەرهەڵستکاری کۆمارییەکان و هەندێک لە کۆمارییەکان کارەکەی پووچەل کردەوە و دواتریش لەساڵی ٢٠١٣ هەمان ئەنجوومەن نەیتوانی هیچ بکات دوای ئەوەی ١٦ ئەندامی دیموکراتەکانیش چوونە پاڵ کۆمارییەکان و دەنگیان بەنەخێر بە یاساکە دا.

(بایدن) لەدواین گوتاری خۆی لەبارەی ڕووداوەکەی تکساس گووتی "ئای خوایە، کۆمارییەکان ئەمە ڕەت دەکەنەوە یاسایەک دژی چەک هەڵگرتن دەرچێت، کارێکی نامەعقوڵە". لەهەمان کاتدا (لیندسی گراهام) سیناتۆری کۆمارییەکان گووتی "من ئامادەم لەگەڵ دیموکراتەکان کار بکەم بۆ گەیشتنە چارەسەر، بەڵام ئەمە لەگوتاری (بایدن) هیچ شوێنێکی نەبوو". هاوبەندی (ئێن ئار ئەی) ڕەخنەی گرتووە و دەڵێت "ئەوەی سەرۆک پێشکەشی دەکات دەبێتە پیشێلکردنی مافی هەڵگرتنی چەک، لای ئەوانەی مولتەزیمن بەیاسا و هیچ تاوانێکیان نییە". (نیوز ویک)یش لەڕاپۆرتێکیدا دەڵێت: "کۆمارییەکان ڕەخنەیان لە گوتاری (بایدن) هەیە، هەرچەندە (بایدن) گووتیەتی مەسەلەکە بەوەرگرتنەوەی چەک لەهیچ کەسێک نایەت و شێواندنی نێوبانگی ئەوانە نییە، کە خاوەنی چەکن"، بەڵام چاودێرەکان دەڵێن "سەرۆک بەئاشکرا داوای قەدەغەکردنی چەکی کردووە.

هەندێکیش کە ڕەخنەیان لە (بایدن) هەیە، دەڵێن لەسەرینی ئەم گوتارە پێویستە (بایدن) دادگایی بکرێت".
لەهەمان کاتدا نوێنەری کۆمارییەکان (کیل سلیگەر) لەویلایەتی تکساس دەچێتە پاڵ دیموکراتییەکان و داوای بەپەلە کۆبوونەوەی حکوومەت دەکات بۆ ئەوەی بەپەلە یاساییێك دابنرێت چەک قەدەغە بکرێت، ئەگەر نا دەبێت چاوەڕوانی ئەوە بکرێت هەزارەها کەسی دیکە ببنە قوربانی.
مەسەلەی چەک و مافی بەکارهێنانی چەک لەهەموو خوولێکی هەڵبژاردندا وەکوو یەکێک لەپڕۆژە و بەرنامەکانی هەڵبژاردن لای کاندێدەکانی سەرۆکایەتی ئەمەریکا و ئەوانی دیکەش لە کۆنگرێس و سەنات بەکاردێت، جیاوازیی و ناکۆکی بەئاشکرا لەنێوان دیموکراتەکان و کۆمارییەکاندا هەیە. کارەساتی کوشتن و توندوتیژی، بەهۆی بەکارهێنانی بەئاشکرای چەک لەنێو ئەمەریکا بەزەقی هەیە.

# هەڵوسانی هەڕەشەکانی نێوان ئەمەریکا و چین

## تەنە نامۆ و بالۆنەکان، پەیوەندییەکانی نێوان ئەمەریکا و چین بەرەو نامۆبوون دەبەن!!

(7)




https://www.google.com/search?q=Rising+threats+between

سوپای ئەمەریکا بە فەرمانی (جۆ بایدن)ی سەرۆکی وڵات تەنێکی دیکەی نامۆیان لەنزیک دەریاچەی (هورون) لەسەر سنووری کەنەدا خستەخوارە، ئەمە چوارەم تەنە لەم ماوەیەدا دەخرێتە خوارەوە. ئەمەریکییەکان نیگەرانن و لەبەر ئەم جۆرە تەنە نامۆیانە تووشی فشار و کاردانەوە بوون، بەتایبەتیش کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ چین بەرەو ئاڵۆزی دەچێت و ئەمەش پێ دەچێت ئاڵۆزییەکان پتر بکات و دەڵێن "ئەمە کەرەستەیەکی تایبەتە بۆ جاسووسی کردن و کاری هەوڵگریی بەکاردەهێنرێت". بەرپرسێک گووتیەتی ئەمە هیچ مەترسیی و هەڕەشەیەکی بۆ سەر فڕۆکە جەنگییەکان دروست نەکردووە، بەڵام گریمانەی ئەوەی لێ دەکرێت ببێتە بەربەست لەبەردەم فڕینی فڕۆکە مەدەنییەکان و پێشتر بەبەرزایی ٦ هەزار مەتر بەسەر مشیگان خووڵاوەتەوە.

ڕۆژی دووشەممە ١٣ی شوباتی ٢٠٢٣ دا گووتەبێژی کۆشکی سپی (کارین جان بیار) لەبارەی نیگەرانییەکانی ئەمەریکا و ئەو زانیاریانەی قسە لەبارەی تەنە نامۆکانی ئەستێرەکان دەکەن گووتی: "دەزانم پرسیار و نیگەرانی لەبارەی ئەو شتانە هەیە، بەڵام هیچ ئاماژەیەکی یەکلاکەرەوە نییە، کە ئەمانە بوونەرەکانی بۆشایی ئاسمان و ئەستێرەکان بن، یان بریتی بن لە چالاکییەکانی نێو بۆشایی ئاسمان" لەهەمان کاتدا گووتەبێژی ئاسایشی نەتەوەییش ڕایگەیاند "هێشتا بڕوای تەوامان نییە، کە ئەم شتانە توانای چاودێری و گەڕانیان بۆ پشکنین تێدایە، یان نا، بەڵام ناتوانین ئەمە ڕەت بکەینەوە".

(جۆ بایدن)یش گووتیەتی ئەمانەمان خستۆتە خوارەوە ئەگەر هەرِەشەش نەبن "بۆ بواری سەربازیی"، بەڵام کاریگەرییان لەسەر "فڕۆکەوانی مەدەنی دەبێت".

بەرەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە، ١٢ـی شوباتی ٢٠٢٣ (جەستن ترودۆ) سەرۆک وەزیرانی کەنەدا لەتویتێکدا ئاشکرای کرد و گووتی: "فەرمانم بەخستنە خوارەوەی تەنێکی نەناسراو کرد، کە سنووری ئاسمانی کەنەدای پێشێلکردبوو ". (ترودۆ) ڕاشیگەیاند فڕۆکەیەکی F-22 " ـی ئەمریکی سەرکەوتووانە تەنەکەی کردە ئامانج ."ئەوەش هەمان ئەو تەنە بوو، کە پێشتر پنتاگۆن ڕایگەیاند تەنێکی دیکەی نەناسراوی لەئاسمانی ویلایەتی ئالاسکا خستووەتە خوارەوە.




https://www.google.com/search?q=Rising+threats+between+the+United+States+an

(ئانیتا ئاناند) وەزیری بەرگریی کەنەدا بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند "تەنەکە لەبەرزایی نزیکەی ٤٠ هەزار پێ (١٢ هەزار و ١٩٢ مەتر) فڕیوە و بەنایاسایی هاتووەتە نێو سنووری ئاسمانی کەنەداوە و ببووە هەڕەشە بۆ سەر سەلامەتیی گەشتە مەدەنییەکان، لەشاری یوکۆنی دراوسێی ئالاسکا پاشماوەی تەنەکە کۆدەکەنەوە و لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکەن ".

سەرۆک وەزیرانی کەنەدا باسی لەوەشکرد کە لەگەڵ (جۆ بایدن) سەرۆکی ئەمەریکا لەبارەی ئەو تەنە نەناسراوە قسەی کردووە، لەکاتێکدا (ئاناند) گووتی لەو بارەیەوە، لەگەڵ (لۆید ئۆستن) هاوتا ئەمەریکییەکەی قسەی کردووە .

ڕۆژی هەینی ١٠ی شوباتی ٢٠٢٣، (پاتریک ڕایدەر) گووتەبێژی پێنتاگۆن لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا گووتی: "ڕۆژی ٩ی شوبات، فەرماندەیی بەرگریی ئاسمانیی ئەمریکا تەنێکی بەدیکرد و فڕۆکەیەکی جەنگی نارد بۆ ئەوەی دەفرەکە بناسێتەوە. فڕۆکەوانەکە بۆی دەرکەوت کە دەفرەکە بێسەرنشین بووە ". بەرپرسێکی ئەمەریکیش گووتیەتی: "هێشتا هیچ بەڵگەیەکمان بەدەستەوە نییە کە کاری هەوڵگری بەم تەنە بکرێت، بەڵام ئەمەش بەدوور نازانین، کە بۆ مەبەستی هەوڵگری بەکاربهێنرێت".

لەڕاستیدا ئەمە بۆتە هۆی ئاڵۆزیی و پەرەسەندیی ناکۆکییە دیپلۆماسییەکانی نێوان ئەمەریکا و چین. ئەگەر یەکەم جار وەکوو چین گووتی ئەمە بەهەڵە هاتۆتە نێو خاکی ئەمەریکاوە،

ناتوانرێت بۆ دووبارە بوونەوەی ئەم جۆرە تەنانە لەنێو خاک و سنووری ئەمەریکا هیچ جۆرە هەنجەت و پاساوێکی دیکەی لەم جۆرە پێشکەش بکرێت.

بەگوێرەی گووتەبێژەکەی پێنتاگۆن، قەبارەی دەفرەکە "هێندەی ئۆتۆمبێلێکی بچووک" بووە. لەسەرەتای مانگی شوباتەوە چوار شت خراونەتە خوارەوە زانیارییەکان هەر چوار شتەکە دەگێڕنەوە بۆ چین لەباکووری ڕۆژئاوای (ئەلاسکا) و (هۆکۆنێ کەنەدا و دەریاچەی (هورون) لە باکووری ویلایەتە یەکگرتووەکان خراونەتە خوارەوە.

خستنەخوارەوەی ئەم دەفرە لەکاتێک دایە، ڕۆژی ٤ـی شوباتی ٢٠٢٣ پێنتاگۆن بە فەرمانی (جۆ بایدن)، باڵۆنێکی چینی خستەخوارەوە. چین باڵۆنەکەی بە "باڵۆنێکی سڤیل "ناوبرد کە "لە ڕێڕەوی خۆی دەرچووبوو" و ئەمەریکا باڵۆنەکەی بە "باڵۆنێکی سیخوڕیی چینی" ناوبرد و پرسەکە مشتومڕێکی زۆری نایەوە .

ئێوارەی پێنجشەممە، ١٦ـی شوباتی ٢٠٢٣ (جۆ بایدن) سەرۆکی ئەمەریکا لە واشنتن قسەی لەبارەی هەڕەشەی باڵۆنە چینییەکە و ئەو تەنانە کرد، کە لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا لەلایەن ئەمەریکاوە خراونەتە خوارەوە و گووتی: "هەر تەنێک ببێتە هۆی هەڕەشە بۆ سەر سەلامەتی و ئاسایشی گەلی ئەمەریکا، دەیخەمە خوارەوە" .

بەنیازیشە قسە لەگەڵ (شی جینپینگ)ی سەرۆکی چین بکات. گووتیشی پێشبینی دەکەم قسە لەگەڵ سەرۆک (شی) دا بکەم و هیوادارم ئەم پرسە بەکۆتابێنین. هیچ داوای لێبووردن لەسەر خستنە خوارەوەی باڵۆنەکەش ناکەم".
لە پەراوێزی کۆنگرەی میونیشن بۆ ئاسایش لە ڕۆژی شەممە ١٨-شوباتی ٢٠٢٣ هەردوو وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا (ئەنتۆنی بلینکن) و وەزیری دەرەوەی چینی (وانگ جی) کۆبوونەتەوە. یەکەمیان گووتویەتی "بەچینمان گوتووە ناکرێت ئەمە دووبارە ببێتەوە" و ئەوی دیکەشیان ڕایگەیاندووە "پەیوەندی هەردوو وڵات لەئەنجامی چۆنیەتی مامەلەی ئەمەریکا لەگەڵ هەقیقەتی بالۆنەکان زیان بەپەیوەندی هەردوو وڵات دەگەیەنێت". چینییەکان گووتیانە "هەتا کۆتایی چاودێری مەسەلەکە دەکەن هەتا ئەمەریکا سوور بێت لەسەر مەسلەی بالۆنەکان".
گووتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی چین (وانگ وین بین) لەکاردانەوەی ئەم قسانەی (بایدن) بەڕۆژنامەکانی وڵاتەکەی ڕاگەیاندووە "پێویستە ئەمەریکا واز لەم گەمەی سیاسییە بێنێت، کە ئامانجی ناشیرن کردنی وێنەی چینە. دەبێت ئەمەریکا هاوکاری سەربازی تایوان نەکات، چونکە ئەمە کێشەیەکی ناوەخۆیی چینییە و دەبێت ئەمەریکا واز لە دروستکردنی پەشێوی و نائارامی بهێنێت". ئەم ڕووداوانە پەیوەندییان بە کێشە هەڵاوساوەکانی نێوان هەردوو وڵاتەوە هەیە. چین لەکۆتایدا نەیتوانی بیشارێتەوە بالۆنەکان هی ئەون، بەڵام هیچ مەترسییەکیان بۆ مەسەلەی ئاسایش و هەواڵگری و جاسوسی لەخۆ نەگرتووە. ئەم لێدوانەی وەزارەتی

دەروەی چینی مەسەلەکانی بەستاوەتەوە بە هاوکاری سەربازی نێوان ئەمەریکا و تایوان.
نووسەری ئەمەریکی خاتوو (ستیفانی کارڤین) لە وتارێکی لەبارەی (بالۆنەکان و کێشەی نێوان ئەمەریکا و چین) بەناونیشانی "هەڵاوسانی هەڕەشە و تەنیا تامێک لەسیخوڕی" وتارێکی شیکاری لە (نیوزویک) بڵاوکرۆدتەوە و دەڵێت: با لە دیارترین پرسەوە دەست پێ بکەین: بە لەبەرچاوگرتنی توانا ئاڵۆزەکانی چین بۆ کۆکردنەوەی زانیاری هەواڵگری، بەکارهێنانی باڵۆن تا ڕادەیەک سەرلێشێواوانەیە. هەندێک لە ڕاپۆرتەکان پێشنیاری ئەوە دەکەن، کە ڕەنگە هەندێک سوودی هەبێت بۆ کۆکردنەوەی هەواڵگری "نزیک بۆشایی ئاسمان" کە ئامانجەکانی بەرزی و نزمی و ڕووکار دەگرێتەوە. بەپێچەوانەی ئەو مانگە دەستکردانەی کە بەردەوام لە جووڵەدان، دەتوانن بەسەر ناوچەیەک، یان شوێنێکی وەکوو دامەزراوەیەکی سەربازی بفڕن. ئەمەش لەڕووی تیۆرییەوە دەتوانێت زانیاری بەسوود دابین بکات، کە دەتوانێت بۆشاییەکانی چالاکییە سیخوڕییەکانی چین پڕبکاتەوە. تەنانەت ئەگەر ڕاست بێت و باڵۆنەکە لەسرووشتی خۆیدا مەدەنیی بێت، وەک چین ئیدیعای دەکات، ئەمە ڕێگری لە سیخوڕی ناکات، چین تۆمەتبار کراوە بە بەکارهێنانی توێژینەوەی زانستی (وەک کەشتییە سەهۆڵشکێنەکانی جەمسەری باکوور) بۆ چالاکییەکانی کۆکردنەوەی زانیاری هەواڵگری .بەڵام ئەو ڕاستییەی کە پێدەچێت ئەمەریکا بە خێرایی دیاری کردبێت، باڵۆنەکە نوێنەرایەتی مەترسییەکی جددی ئاسایشی نیشتمانی ناکات".

لەکاتێکدا ئەم نووسەرە دەپرسێت "ڕەنگە باڵۆنەکە نەما بێت، بەڵام زۆر پرسیار ماونەتەوە سەبارەت بەوەی کە باڵۆنەکە بەڕاستی چی دەکرد و ئایا هەڵمەتێکی ڕواڵەتی سیخوڕی بووە، باڵۆن نوێنەرایەتی هەڕەشەیەکی نوێ دەکات بۆ ڕۆژئاوا.
بەداخەوە لەکاتێکدا تەواوی ڕووداوەکە پرسە گرنگەکان دەورووژێنێت، بەڵام زۆربەی باسەکان سەبارەت بە کاریگەرییەکانی بە لاڕێدا دەبات".
دەمێکە ئەمەریکییەکان و هەندێک وڵاتی دیکە چین بەوە تاوانبار دەکەن، کە هاککەرەکانیان دەیانەوێت لەڕێگەی هاککردنە ئەلەکتۆرنییەکانەوە دەستیان بگاتە ئەو زانیارییانەی بۆ کاری جاسوسی و تێکدان و شلەژانی ئابووری و ئەمنی بەکاردەهێرنین لەکۆتایدا (ستیفانی کارڤین) دەڵێت: "گرنگە ئەم تەحەددایانە بخرێتە ڕوانگەیەکی باشەوە، باڵۆنە سیخوڕییەکانی هەواڵگری هەرچییەک کۆبکەنەوە، بەدڵنیاییەوە بەشێکی کەمی ئەو شتانەیە، کە چین دەتوانێت لەبەرنامەی سیخوڕی ئەلیکترۆنی و تۆڕەکانی هەواڵگری مرۆیی و مانگە دەستکردەکانی کۆبکاتەوە. ئەم بەرنامە سیخوڕییانە بەربڵاون و بە دڵنیاییەوە زۆر زیاتر زیان بە ئابووریی ڕۆژئاوا و ئاسایشی نەتەوەیی دەگەیەنن. بۆ نموونە پێشێلکردنی زانیارییەکانی فەرمانگەی بەڕێوەبردنی کارمەندانی ئەمەریکا لەساڵی ٢٠١٥دا، فایلە زۆر وردەکانی ٢٢.١ ملیۆن کەسی خستە مەترسییەوە، لەنێویاندا کارمەندانی حکوومەت، ئەو کەسانەی کە پشکنینی ئەمنییان بۆ کراوە و هاوڕێ و خێزانەکانیان.

بەرپرسانی FBI و MI5 دەڵێن، کە بە ئامانجگرتنی کەرتی تایبەت لەلایەن حکوومەتی چینەوە گەورەترین مەترسی درێژخایەن لەسەر ئاسایشی ئابووری و نیشتمانی ئەمەریکا و بەریتانیا دروست دەکات. لەمانگی نۆڤێمبەری ساڵی ٢٠٢٢ دەسەڵاتدارانی کەنەدا کارمەندێکی گەورەترین کۆمپانیای کارەبای وڵاتەکەیان بە تۆمەتی سیخوڕی دەستگیرکرد، کە گوایە سیخوڕی بۆ چین کردووە.".

ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز) لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژەی بەوە کردووە 'چینییەکان دەیانەوێت ئەم مەسەلەیە ببەستنەوە بەناکۆکی ناوەخۆیی ئەمەریکا و دابەشبوونی کۆمەڵایەتی، کاردانەوەکانی سەرۆکی ئەمەریکا هیستریانەیە. لەهەمان کاتدا پەیوەندیی نێوان چین و ئەمەریکا گەیشتۆتە خراپترین ئاست".

ڕۆژنامەکانی چینیش ئاماژە بەوە دەکەن (بایدن) بۆ ئەوەی هەڵوێستی خۆی بەرانبەر کۆمارییە توندڕەوەکان توند و تۆل بکاتەوە، بۆیە بالۆنە چینییەکەی خستۆتە خوارەوە. لەهەمان کاتدا (بایدن) گفتی داوە، کە پەنا وەبەر شەڕی سارد نەبات، کەچی پێچەوانەی گفتەکانی هەڵسوکەوت دەکات. لەڕۆژی چوارشەممە ٢٢ شوباتی ٢٠٢٣ش بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی چین گووتیانە: هیواخوازین وەکوو سەرۆکی دەوڵەتێکی مەزن ڕێز لەقسەکانی بگرێت، شتێک بکات، کە دەیڵێت، نەک شتێک بڵێت و کارێکی جیاش لەقسەکانی خۆی بکات".




https://www.google.com/search?q=Rising+threats+between+the+United+States

جاسووسی و دزەکردنە نێو دەزگا گرنگەکان بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی لەڕێگەی ئەستێرەی دەستکرد و تەکەنەلۆجیا و هاککردن و دیپلۆماسییەکان و بەکارهێنانی خەڵک بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی نهێنی و ناوچە سەربازییەکان و ئەو شوێن و ناوەندانەی گومانی چالاکی نهێنی سەربازیی و چەک و جموجۆڵی مەترسی بۆ سەر بەژرەوەندی ئاسایشی یەکتریان لێ دەکرێت هەیە، واتە چین دەتوانێت لەڕێگەی دیکە نەک تەنیا ئەم جۆرە بالۆنانە زانیاریی نهێنی کۆ بکاتەوە. هەرچەندە ئەمەریکا نایشارنەوە ئەم بالۆنانە بۆ چاودێری کەشوهەوا نییە وەکوو چین بانگەشەی بۆ دەکات، بەڵکو ئامانجی کۆکردنەوەی زانیاریی و جاسووسییە دژی ئەمەریکا و لەنێو خاکی ئەمەریکا. ڕۆژنامەی (گاردیان)ی بەریتانی لەبارەی ئەم کێشەیە

بەسەرهاتێکی گێڕاوەتەوە کە تێیدا هاتووە: لە ئەیاری ١٩٦٠دا فڕۆکەیەکی هەواڵگریی و جاسووسی ئەمەریکا لە پاکستانەوە فڕی و لەبەرزاییەکی زۆر بەرزەوە بەسەر خاکی یەکێتی سۆڤیەتدا سووڕایەوە، بۆ وێنەگرتنی بنکە و دامەزراوە سەربازییەکانی ئەو کاتی سۆڤیەت. سۆڤیەت فڕۆکەکەی خستە خوارەوە و فڕۆکەوانەکەشی دیلکرد. واشنتن ئەوەی ڕەتکردەوە و گووتی فڕۆکەکە بەمەبەستی چاودێری کەشوهەوا بەکارهێنراوە و لەرێڕەی ئاسایی خۆی دەرچووە. ئەمەش بووە هۆکار بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی ئەم دوو وڵاتە بەرەو خراپتر بچێت. ڕۆژنامەکە پێی وایە دە ساڵی داهاتوو پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و چین دەبێتە یەکێک لە ڕووبەڕووبوونەوەکانی دۆخی ئاسایشی جیهانی، ئەم دوو وڵاتە ڕکابەریی یەکترن، بەڵام دوژمنی یەکتر نین.

لەم دواییەدا چەند بەرپرسێکی ئەمەریکی سەردانی چینیان کرد بۆ ئەوەی گرژییەکان کەم بکەنەوە، بەڵام پێ ناچێت بەهۆی ئەو فشارە سەربازیی و ستراتیژیانەی لە ئاسیادا هەیە و کێشەی تایوان بەتایبەتی لێ بگەڕێت گرژییەکان بە ئاسانیی و خێرایی خاو ببنەوە. دوای شەڕی ئۆکرەین چین لەلایەک دەیەوێت هانی ڕوسیا بدات، سیستمی جیهانی بە سەرۆکایەتی ئەمەریکا تێکبشێنێت و خۆشی سەیرکەری ڕووداوەکان بێت، لەلایەکی دیکەدا دەیەوێت لەڕووی سەربازییەوە باڵادەستی خۆی لە ئاسیادا بسەلمێنێت. ئەمەریکاش نایەوێت هێزی سەربازیی بەکاربهێنێت، بەڵام لەهەمان کاتدا بەپشت کردنە هاوپەیمانەکانی دەبێتە هێزێکی بێ متمانە و ئەو پێگەیەی

نامێنێت، کە پێشتر هەیبووە. بۆیە پێ ناچێت پەیوەندییە هەڵئاوساوەکانی نێوان چین و ئەمەریکا بەئاسانی چارەسەر و دەرمان بکرێن.

# کێشەی کرێکاران و وازهێنانی بێدەنگ و کاریگەرییەکانی لەسەر هەقدەست و کار لە ئەمەریکادا

(8)




Testing the “I could do this job in my sleep” theory.

https://www.google.com/search?q=The+problem+of+workers

ئیمیلی ڕۆز (مەکڕای) کە سەرکردایەتی تیمی توێژینەوەی داهاتووی کارەکانی گارتنەر دەکات، دەڵێت: "بەکرێگرتنی بێدەنگ یەکێکە لەو چەندین ڕەوتەی، کە ئێمە دەستنیشانمان کردووە و ئەگەری ئەوەی لێ دەکرێت کاریگەرییەکی گەورە لە ساڵی ٢٠٢٣ بۆ داهاتووی کار دروست بکات". ئەمەش سەبارەت "بە هەندێک ڕێکخراو دەبێتە گۆڕینی یارییەکە".

تەکنەلۆژیا زالە و کارەکانی پێگەیەکی فراوانیان هەیە و مانشێتی ڕۆژنامەکانیشان خستۆتە ژێر کارتێکردن و کاریگەریی خۆیان، بەڵام ئابوورییەکی گەورەتر و بەهێزتر لەئارایە. زۆربەی ئابووریناسان تاکوو ئێستاش پێیان وایە، پاشەکشەیەکی دیکەی ئابووری کار ڕەنگە لەساڵی ٢٠٢٣دا ڕووبدات. بۆیەش بەبێدەنگی و لەڕێگەی "دامەزراندنی بێدەنگ" کۆمپانیاکان دەستیان بە هەنگاونان کردووە لەپێناو کەمکردنەوەی تێچووەکان و ئەمەش بۆ ئەوەی کورد گووتەنی (پێش تا بەڕێک بەخۆیاندا بدەن)، واتە پێش ئەوەی ئابووری جارێکی دیکە بەرەو لێژیی بچێتەوە، ئەوان هەندێک هەنگاوی کردەیی بۆ چارەسەری قەیرانە پێشبینی کراوەکان بهاوێژن.





https://www.google.com/search?q=The+problem+of+wo

(نیوزویک)ی ئەمەریکی لە بابەتێکی شیکاریی ئابووریی و مەسەلەی کار و کێشەی هەڵبەز و دابەزیی ئابووری وڵاتەکەی و ترس لە دابەزینی بەها و پێگە و هێزی ئابووری دەڵێت: (کۆری کانتێنگە)ی ئابووریناسی دیار لە (لینکیدئین) دا گووتیەتی: "لەگەڵ هەموو ئەو نادڵنیایی و نیگەرانییە ئابوورییەی هەیە، خاوەنکارەکان بەوردیی چاودێری ڕێگاچارەکان دەکەن لەپێناو بەدیهێنانی پێداویستییەکانیان، بۆ ئەوەی بەکردەوە پابەندبن بەگەشەپێدانی هێزی کارەکانیان." ئەوان ئەم ڕێگا چارەیان ناوناوە "دامەزارندنی بێدەنگ".

https://www.cnbc.com/2023/02/06/how-the-us-labor-market-went-from-quiet-quitting-to-quiet-hiring.html

ڕۆژنامەکان و ناوەندەکانی توێژینەوەی ئابووری و پرۆسە و دەرفەتی کار لەم بارەوە دەڵێن وازهێنان بە بێدەنگی لەبیر بکە، ساڵی ٢٠٢٣ هەموو شتێک دەبێتە "دەرکردن بەدەنگی بەرز"، واتە ئەم "بێدەنگییە" نامێنێت، کە ئێستا لەنێو بازاڕ و بواری کار و لەبەرانبەر هێزی دەستی کاردا هەیە. ڕاپۆرتێک لە (نیوزویک) لەلایەن (گولیا کاربۆنارۆ) لە ٢٣-١-٢٠٢٣ ئامادە کراوە و هەروەها ڕاپرسییەک ئەنجام دراوە، لەوێدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە و ئاشکرای دەکات: زۆربەی ئەمەریکییەکان ئەمساڵ بیر لەگۆڕینی کارەکانیان ناکەنەوە. کۆمپانیاکانی تەکنەلۆژی وەک ئەمازۆن، مێتا و تویتەر ژمارەیەکی زۆر گەورەی کرێکارەکانیان لەکارەکانیان دوورخستەوە و ڕاشیانگەیاند دوای زیادبوونی پێویستی دامەزراندنی کرێکار لە کاتی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید- ١٩دا ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی مەترسییەکانی پاشەکشەی ئابووری خەریکە دڵەڕاوکێ بۆ کرێکاران و بازرگانەکان زیاد دەکات. دەست لەکارکێشانەوە گەورەکەی ساڵی ٢٠٢١ تاکوو ڕەوشی "وازهێنانی بێدەنگ"، کە لە ساڵی ٢٠٢٢دا ئەنجام درا، وەکوو دوو کاردانەوە و قەیرانی دیار لەنێو بازاڕی کاری ئەمەریکا دادەنرێت و ئەمەش بە یەک دوو ساڵی پڕ لەگێژاودا تێپەڕی، بەڵام مەسەلەکە لەساڵی ٢٠٢٣دا، لەلێواری پاشەکشەیەکی بەرچاو دایە و ئەگەری ئەوە دەکرێت، ئەمە بتوانێت کاریگەریی قووڵ لەسەر ئابووری وڵاتەکە دروست بکات. بۆیەشە کرێکارانی ئەمەریکی دەیانەوێت لەشوێنی خۆیان بمێننەوە و بەجددییەوە دەست بە کارەکانیانەوە دەگرن. بەپێی زانیاری نێو

ڕۆژنامەکانی ئەمەریکا و ئەوەی ڕۆژنامەی (شەرق ئەلئەوست) لەڕۆژی ١٩ی نۆڤێمبەری ٢٠٢٢ لە ژمارە (١٦٠٦٢) بڵاوی کردۆتەوە هاتووە: ملیۆنێک و شەش سەد و دوو هەزار کەس لە ئەمەزۆن وەکوو کار بە کاتی تەواو، یان نیوە کاتی کار کرێکاری دەکەن لەکاتی پەتاکەی کرۆنەدا لەساڵەکانی ٢٠٢٠-٢٠٢٢ ژمارەیەکی زۆر خەڵکی دامەزراندووە بۆیە بڕیاریان داوە ژمارەی کرێکارەکانیان کەم بکەنەوە. پێیان وایە دۆخی ئابووری هێشتا لەدۆخێکی ئاڵۆز دایە و لەم ساڵانەی دوایدا بەشێوەیەکی خێرا خەڵکیان دامەزراندووە، بۆیە بڕیاریان داوە هەزارەها کرێکار لەکارەکانیان بووەستێنن. ئەمە تەنیا نموونەیەکە لەهەموو ئەو فشارانە ئابووریانەی کاریگەری لەسەر کرێکاران و مووچە و ژیانیان دروست دەکات.




https://www.google.com/search?q=The+problem+of+wo

بەپێی ڕاپرسییەکەی کۆمپانیای (ڕەدفێلد و ویلتەن ستراتیژی) و (نیوزویک) ٦٤٪ کرێکارە ئەمەریکییەکان واتە زۆرینەیان ئەمساڵ ٢٠٢٣ بەنیاز نین و نایانەوێت گۆڕانکاری لە کارەکانیان بکەن. ئەمەش ڕەوشی ئابووری و تایبەتمەندی بازاڕی کاری لەنێو ئەمەریکا پێچەوانە کردۆتەوە. ڕەوشەکە سەبارەت بەو ژن و مێردانەی ساڵەهایە کار دەکەن، یان ئەوانەی هەمیشە بەدوای دروستکردنی هاوسەنگی واقیعی ژیانی کار و ژیانی هەنووکەیان بوون و باسی ئەم هاوسەنگەیان لەنێوان ژیان و کارەکانیان دەکرد وەکوو هۆکارێکی سەرەکی وابوو تاکوو کارەکانیان جێ نەهێلن، بەڵام دڵنیابوون لەدۆخی ئابووری ئەمەریکا و جیهانیش وایکردووە کرێکارانی ئەمەریکا لەبەر مەترسی بازاڕی کار و دۆخی ئابووری ئەمساڵ بیر لەگۆڕینی کارەکانیان نەکەنەوە. کەواتە بێنە بەرچاوی خۆتان دۆخەکە چەندە خراپە، ئایا خەڵک دەتوانن لەدوورەوە لەکارەکانیان بەردەوام بن. ئایا ئەمە بەکردەوە و بەواتای هەقیقی سەردەمی "وازهێنانی بێدەنگە"؟.

ئەمساڵ لەکەرتەکانی تەکنەلۆژیا بەکۆمەڵ کرێکار و مووچەخۆرەکانیان دەرکرد، لەکردەوەدا ئەم دەرکردنە بەکۆمەڵە لەساڵی ٢٠٢٢ەوە دەستی پێکردووە. مایکرۆسۆفت لە سەرەتای شوباتی ٢٠٢٣دا ڕایگەیاند ١٠ هەزار کارمەندەکانی لەپێناو کەمکردنەوەی ڕێژەی تێچوون لەکارەکانیان دووردەخەنەوە. (ساتیا نادێلا) بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای مایکرۆسۆفت لە (داڤۆس)دا ڕایگەیاندبوو "کەس ناتوانێت سەرپێچی لەهێزی

کێشکردن بکات، ئەم کێشکردنە بریتییە لەگەشەی ئابووری ڕێکخراو بەهۆی هەڵاوسانەوە دێتە ئاراوە".



https://www.google.com/search?q=The+problem+of+workers

کۆمپانیا گەورەکان بڕیاریان دا هەزاران کرێکار لەکارەکانیان دەربکەن لەوانە ئەمازۆن ١٩ هەزار کرێکار و مێتا ١١ هەزار کرێکاری دەرکردووە، لەو کاتەی (ئیلۆن ماسک) دەستی

بەکارکردووە و تویتەریش نیوەی هێزی کار لە کۆمپانیاکەی دەرکردووە. ئەم پرۆسەی دەرکردنەش ناونراوە "دەرکردن بەدەنگی بەرز". (جۆن بلێڤینز) مامۆستا لە کۆلیژی بازرگانی ئیس سی جۆنسۆن لە زانکۆی کۆرنێل بە گۆڤاری (نیوزویک)ی ڕاگەیاندووە "ئەم دەرکردنانە دەرنجامی دامەزراندنە زۆرەکەی سەردەمی پەتای کرۆنایە. ئەو کات بازرگانی بەخێرایی زیادی کرد بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکان کرێکاری زۆر و بەپەلە دامەزرێنران، ئێستاش لەگەڵ خاوبوونەوەی ئابووری، خاوبوونەوەکە کاریگەریی لەسەر سوود و قازانج دروستکردووە، بۆیە بازرگانەکان دەیانەوێت خۆیان لەگەڵ خاوبوونەوەی ئابووری بگونجێنن".

لەدرێژەی ئەم شیکردنەوەیەدا لە "نیوزویک"دا ئاماژە بەوە کراوە ئێمە هێشتا هەست بە ئازارەکانی قامچییە توندەکانی وەستان و قەیرانی ئابووری لەساڵی ٢٠٢٠ دەکەین و سەرباری درێژەکێشان و دووبارە بوونەوەی لەساڵی ٢٠٢١دا. دەرکردنی بەکۆمەڵی کرێکاران لە کۆمپانیاکانی تەکنەلۆژی دەرەنجامی ئەو بڕیارە خێرایەیە، کاتێک خواست لەسەر خزمەتگوزاری زۆربوو و ڕێژەی داواکاریی و پێویستی خێراکردنی بازرگانی بەرزبۆوە، پێویستیان بە کارمەند و کرێکار زیاد بوو، بۆیە بەشێوەیەکی خێرا خەڵکیان خستە کارەوە، ئێستا ئەمە پێچەوانە بۆتەوە، بەهۆی خاوبوونەوەی بازرگانی و داواکردن بەدەنگی بەرز بەکۆمەڵ کرێکارەکانیان لەکارەکان دەردەکەن.

لەهەمان کاتدا شارەزایانی بواری ئابووری پێیان وایە ئەم دۆخەی لەنێو کۆمپانیاکانی تەکنەلۆژیا هەیە، نابێت نیگەرانی

لای کرێکارانی بواری پیشەسازیی دروست بکات. (گریگۆری دیڤرێتاس) لەزانکۆی ئابووری و بەڕێوەبردنی سەنتەری لێکۆڵینەوە لە کار و دیموکراسی لە زانکۆی هۆڤسترا دەڵێت "بازاڕی کار لە ئەمەریکا بەپێی هەموو پێوەرە ستانداردەکان کار و مووچەت تێدا بەهێز دەمێنێتەوە. هەرچەندە دەرکردن لەبواری تەکنەلۆژیا بۆتە مانشێتی زۆربەی هەواڵەکان، بەڵام ئەمە تەنیا لە کاردانەوەیەکی کورتبینانەی کۆپیکراو دەچێت، لەکاتێکدا ڕێژەی سوود و نرخی پشکەکان وەکوو خۆیانن. کرێ لەچەند مانگی ڕابردوودا هیچ هەڵاوسانێکی بەخۆیەوە نەبینووە، هەرچەندە خاوبوونەوە لە بەرزبوونەوەی نرخەکاندا بەدی دەکرێت و ڕەنگە ئەمەش ڕووبدات".

"کاریگەرییەکانی پەتاکە لەسەر ژیانی کرێکارانی بنەڕەتی و سەرەکی و مەسەلەی توندیی لەبازاڕی کار، بۆتە هۆکار بۆ ئەوەی زۆر کەسی وەکوو کارەکتەری بوێر دەربکەوێت و داوای باشترکردنی بارودۆخی کار و یارمەتییەکان و دەنگدان لەشوێنی کار و مافی سەندیکاکان بکەن. ئەوە دەتوانێت گۆڕانکارییەکی درێژخایەن بێت، بەتایبەتی بۆ (جێن زی). سەرەڕای ئەوەی ئەمە گەشبینە بە داهاتووی بازاڕی کاری ئەمەریکا، بەڵام (ئەلیس گۆڵد)ی ئابووریناس لە دامەزراوەی قازانج نەویست، کە بنکەکەی لە واشنتۆنە بەناوی پەیمانگای سیاسەتی ئابووری (EPI)بە (نیوزویک)ی گوتووە "ئەو نیگەرانە سەبارەت بەچارەنووسی کرێکارانی کەرتی گشتی".

بۆیە پرۆسەی "وازهێنان بەبێدەنگی" لەنێو بازاڕی کار لە ئەمەریکا لەنێوان کەرتی تایبەتی و گشتیدا هەندێک جیاوازە،

ئەوەی کۆمپانیا گەورەکانی بازرگانی و تەکنەلۆژی دەیکەن، جیاوازە لە کەرتی گشتی، کە دوای پەتای کۆرۆنا زۆر گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە، هەرچەندە بۆ نموونە کەرتی تەندروستی و پەروەردە تووشی فشار و دۆخێکی دەروونی و ئازاری زۆربوون. بەپێی ڕاپرسییەکەی (نیوزویک) "ساڵی ٢٠٢٣ پێویستە وازهێنانی بێدەنگ لەبیر بکرێت، چونکە زۆربەی هەر زۆری خەڵک لەشوێنی کارەکانیان دڵخۆشن و نایانەوێت کارەکانیان بگۆڕن. ئەم پاشەکشەیەش پەیوەندیی بەوەوە هەیە، کرێکارەکان هیچ بژاردەیەکی دیکەیان نییە، بۆیە کارەکانیان ناگۆڕن".

**ده هەقیقەتی ڕاستەقینە لەبارەی کرێکارانی ئەمەریکا**


**یەکەم:** بەپێی سەرچاوەکان لە ٣٥ ساڵی ڕابردوودا پشکی کرێکارانی ئەمەریکا کە لەڕیزی سەندیکاکانی کرێکاران تۆمارکراون و ئەندام بوون نزیکەی نیوەی ڕێژەکەی دابەزیوە. ژمارەی ئەندامەکانی سەندیکای کرێکاران لەساڵی ١٩٤٥ گەیشتۆتە لوتکە و ٣٥٪ ی هەموو کرێکارانی ئەمەریکا بووە، کەچی ساڵی ٢٠١٨ ڕێژەی بوونە ئەندامی سەندیکا تەنیا ١٠.٥٪ بووە. لەهەمان گاڤدا ژمارەی ئەو کرێکارانەی لەلایەن سەندیکاوە نوێنەرایەتی دەکرێن ١١.٧٪ بووە، چونکە ١.٦ ملیۆن کرێکاریش ئەندامی سەندیکا نەبوون، بەڵام گرێبەستەکانی سەندیکا پشتگیری مافەکانی ئەوانی کردووە. ساڵی ٢٠٢٢ ژمارەی ڕاستەقینەی ئەندامەکانی سەندیکا ١٤.٧ ملیۆن کەس

بووە، بەپێی ئاماری نووسینگەی کار (BLS) لەم ساڵەدا ژمارەی ئەندامەکانی سەندیکا نزمترین ئاستیان تۆمارکردووە.
ئەو بوارە پیشەسازیانەی زۆرترین ڕێژەی دابەزینی ئەندامی سەندیکایان لەنێوان ساڵەکانی ٢٠٠٠- ٢٠١٨ هەبووە، بریتین لەکەرتی گواستنەوە و گواستنەوەی ماددەکان، کە لە ٪٢١.٧ دابەزیوە بۆ ڕێژەی ٪١٤.٥. ئەم بواری پیشەسازییە ژمارەیەک پیشەی جیاواز لەخۆ دەگرێت، لەوانە کۆنترۆلی هاتوچۆی فڕۆکەوانی، تاکوو شوفێری پاسەکان و خزمەتکارانی فڕۆکەوانی دەگرێتەوە. لەهەمان کاتدا ژمارەی ئەندامەکانی سەندیکا لە ساڵی ١٩٩٩- ٢٠٠٠ زیادی کردووە لە ٪٥.١ بەرزبۆتەوە بۆ ٪٥.٩.
**دووەم:** ئەمەریکییەکان بەشێوەیەکی گشتی حەزیان لەکاری سەندیکایی هەیە و ٪٥٥ ئارەزووی ئەم بوارەیان هەیە و ٪٣٣ش ئارەزووی کاری سەندیکایی ناکەن.
بەپێی ڕاپرسییەکی ساڵی ٢٠١٥ بەم ڕێژەیەی ئاماژەی پێکراوە لەگەڵ یەکگرتوویی کرێکاران بوون: ٪٨٢ کرێکارانی بەرهەمهێنان و کارگەکان. ٪٧٤ گواستنەوەی گشت و ٪٧٢ پۆلیس و ئاگرکوژێنەوە، ٪٧١ی مامۆستایانی قوتابخانە حکوومییەکان، لە ٪٦٢ی کرێکارانی خواردنی خێراش پێیان وایە دەبێت کرێکاران یەکگرتوو بن، لەکاتێکدا ٪٣٥ دژی ئەم بیرکردنەوە و ئاراستەیە بوون. ساڵی ٢٠١٨ زانیارییەکان ئەوەیان دەرخستووە ئەندامەکانی سەندیکا هەفتانە ١٠٥١ دۆلاریان دەستکەوتە، کەچی ئەوانەی ئەندامی سەندیکا نەبوون تەنیا ٨٦٠ دۆلاریان دەست کەوتووە. ئەم جیاوازیی و بۆشاییە پەیوەندیی

بەجیاوازیی پیشەسازی و پیشە و قەبارەی کۆمپانیا و ناوچەکان و دەڤەرەکانەوە هەیە.
**سێیەم:** بەشی زۆری کرێکارانی ئەمەریکا لەبواری خزمەتگوزاری کار دەکەن. بەپێی دواین ڕاپۆرتی (BLS) هاتووە: ١٠٧.٨ ملیۆن کەس، کە دەکاتە ٧١٪ لە پیشەسازییە تایبەتییەکانی بواری خزمەتگوازی کار دەکەن. بازرگانی و گواستنەوە و خزمەتگوزارییەکان ٢٧.٨ ملیۆن کرێکار و خزمەتگوزاری پەروەردە و تەندروستی هەبووە و ٢٤.٣ ملیۆن و ٢١.٥ ملیۆن خزمەتگوازریی پیشەیی و بازرگانی و ١٦.٧ ملیۆنیش لەبواری کات بەسەربردن و میوانداری کاریان کردووە. لەدەرەوەی ئەوانەشدا ٢٢.٥ ئەمەریکی لەمانگی تەمووزی ٢٠٢٢ لەنێو دامەزراوەکانی حکوومەتدا کاریان کردووە و نزیکەی دوو لەسەر سێیان لەئاستی ناوەخۆیی و نزیکەی ١٢.٩ ملیۆنیش لەبواری بەرهەمهێنان کاریان کردووە.
**چوارەم:** بەپێی ڕاپۆرتی تەمووزی ٢٠٢٢ی ( BLS) نزکیەی ١٦ ملیۆن ئەمەریکی خۆبەش کاریان کردووە.
**پێنجەم:** هێزی کاری ئێستای ئەمەریکا لەنێوان تەمەنی ٢٣-٣٨ ساڵییە، ئەمەش بەرێژەی ٣٥٪ یان ٥٦ ملیۆن کرێکار دەگرێتەوە.
**شەشەم:** کرێ و هەقدەستی ئافرەتان لە پیاوان کەمترە و ئافرەتان ٨٥ سەنت وەردەگرن، بەڵام لەنێو گەنجەکاندا ئەم بۆشاییە لەبەراورد لەنێوان هەقدەستی ئافرتان و پیاوان کەمتر بۆتەوە. ساڵی ٢٠١٨ کرێکارانی تەمەن ٢٥-٣٤ ساڵە، هەقدەستی ئافرەتان ٨٩٪ بووە بەراورد بەهەقدەستی پیاوان، واتە هەقدەستی ئافرەتان کەمترە لەبەراورد بە پیاوان. واتە

ئافرەتان لەدوای پیاو و هاوسەرەکانیان دێن لە هەقدەست و کرێ و داهات، چەندین هۆکار بۆ ئەم جیاوازییە لە مووچە لەبواری جیاوازیی ڕەگەزی نێر و مێ هەیە. ئەمەش پەیوەندی بە چاودێری خێزان و جیاوازیی لەبواری بەرهەمهێنانی پیشەسازیی و پیشەکان لەنێوان ژنان و پیاوان هەیە. سەرباری جیاکاریی لەڕەگەز و ئەزموونی کار لەنێو کایە و شوێنی کاردا.

**حەوتەم:** کێشەیەکی دیکە جیاوازی موچە و هەقدەستی نێوان کرێکارە گەنجە خاوەن بڕوانامەکانی کۆلیژ و هاوتەمەنەکانی خۆیانە، کە ئاستی خوێندەوارییان کەمترە. سەرباری تێچووی خوێندن و زانکۆ.




https://www.google.com/search?q=The+problem+of+workers+cartoon&sca

بەپێی زانیارییە بڕواپێکراوەکانی سەنتەری توێژینەوە هەقدەست و موچەی مامناوەندی دەرچووی زانکۆیەک لەنێوان تەمەنی ٢٥-٣٧، سالانە ٢٤،٧٠٠ دۆلار پترە لەو گەنجانەی بڕوانامەی زانکۆیان نییە. ئەوانی خاوەنی بڕوانامەن چانسی بەدەستهێنانی کاریان پترە، بەپێی زانیارییەکانی (BLS) تەنیا ٢.٢٪ ی ئەو بەتەمەنانەی بڕوانامەی بەکەلارۆسیان هەیە بێکاربوون. لەکاتێکدا ئەو بێکارە بەتەمەنانە بێکار بوون لە ٣.٦٪یان خاوەنی بڕوانامەی ئامادەیی بووە و ٥.١٪ خاوەنی کەمتر لە بڕوانامەی ئامادەین.

**هەشتەم:** گەنجە هەرزەکارەکانی ئەمەریکا بەراورد بە دەیەکانی ڕابردوو کەمتر کار دەکەن. بەپێی شرۆڤەی (سەنتەری توێژینەوە پیو) و بەپشتن بەستن بە داتاکانی (BLS) هەرزەکاران هەنووکە تەنیا ٢٦ خولەک بۆ کارکردن تەرخان دەکەن، کەچی دەساڵ لەمەوبەر ٤٩ خولەک کاریان دەکرد و لەناوەڕاستی نەوەدەکانیشدا ٥٧ خولەک کاریان کردووە. تەنیا ئەو ژمارەیەی ئاماژە بە کارکردنی هەرزەکاران لەپشووی هاوینە دەکات سالی ٢٠١٠- ٢٠١١ بەرێژەی ٢٩.٦٪ یان کار دەکەن هەرچەندە کار دەکرێت ئەم ڕێژەیە بەرز بکرێتەوە و لەهاوینی ٢٠١٧دا گەیشتۆتە ٣٤.٦٪، کەچی ئەگەر قسە لەبارەی کاری هاوینەی هەرزەکارانی ئەمەریکا بەگشتی لەسالی ١٩٤٠ بکەین، دەبینرێت ئەو کات بەرێژەی ٪ ٤٦ و ٥٨٪ بووە. ڕێژەی گەنجی تەمەن ١٦-٢٩ سالانە لە ئەمەریکا لەسالی ٢٠١٨دا ١٤.٨٪ی تیکڕای دانیشتوانی ئەمەریکا بووە، واتە ٩ ملیۆن گەنج هەبووە، لەسالی ٢٠١٣دا نزیکەی ١١ ملیۆن گەنج لە ئەمەریکا

ژیاوە، واتە ١٨.٥٪ دانیشتوانی ئەمەریکا پێک دەهێنێت. توێژینەی سەنتەری (پیو) دەریخستووە ڕێژەی پتری گەنجەکان ئافرەتن و مێ ٥٧٪ و نێر ٤٣٪ پێک دەهێنن. لەبیری نەکەین ٣/٢ی دانیشتوانی ئەمەریکا بڕوانامەی خوێندنی ئامادەیی، یان کەمتریان هەیە.

**نۆیەم:** ئەمەریکییە بەتەمەنەکان ئێستا پتر لەپێشان کار دەکەن، ژمارەکانی تەمووزی ٢٠٢٢ ئاماژە بەوە دەکەن ١٩.٨٪ بەتەمەنەکانی ئەمەریکا لەسەرووی ٦٥ ساڵی نزیکەی ١٠.٥ ملیۆن کەسن، ئەمانە گووتویانە بەتەواوی، یان بەنیوە کات و نیوە ئیش کار دەکەن. ئەم ژمارەیەش بەردەوام لە زیادبوونە، بەلای کەمەوە دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین لەساڵی ٢٠٠٠دا تەنیا ٦.٦٪ی کرێکارەکان لە کەسانی بەتەمەنی سەرووی ٦٥ ساڵی بوون. تەنیا ساڵی ٢٠٠٧ ئەو کەسانەی لەتەمەنی ٥٥ ساڵی دان، ژمارەکانیان وەکوو کرێکار زیادی کردووە و بەپێی داتاکانی سەنتەری توێژینەوەی پیو هێزی کاری ساڵی ٢٠١٨ دەریخستووە کە کرێکارانی تەمەن ٦٥-٧٢ ساڵی گەیشتۆتە ٢٩٪ ئەمانە یان کرێکاری دەکەن، یان بەدوای کاردا دەگەڕێن.

**دەیەم:** بەرزکردنەوەی کەمترین مووچەی فیدرالی بۆتە جێگەی بایەخ، هەرچەندە ناکۆکییەکی حزبی توند لەنێوان دیموکراتەکان و کۆمارییەکان هەیە. ئەمەش پەیوەستە بە بەرزکردنەوەی کەمترین مووچە لەسەعاتێکدا کە ٧.٢٥ سەنتە بۆ ١٥ دۆلار، ئەمە بەجددی بۆتە جێگەی مشتومڕ، لەهەمان کاتدا ناکۆکییەکانیش توندن. ٨٦٪ دیموکراتەکان پاڵپشتی ئەم بیرۆکەیە دەکەن و ٥٧٪ی کۆمارییەکانیش دژی بیرۆکەکەن.

بەپێی زانیارییەکانی ( BLS) لەساڵی ٢٠١٨دا ١.٧ ملیۆن کرێکار واتە ڕێژەی ٢.١٪ی سەرجەم کرێکارانی ئەمەریکا مووچەکانیان لە کاتژمێرێک بەکەمترین مووچەی فیدرالی حیساب کراوە. هەرچەندە ٢٩ ویلایەت و ژمارەیەک شار و پارێزگا کەمترین ئاستی مووچەکانی خۆیان دیاریکردووە، بەڵام بەهۆی جیاوازیی گەورەی پێویستیی و تێچوونی ئاسایی ژیانی ڕۆژانە لای تاک لەسەرتاسەری ئەمەریکا کێشەکانی ئاڵۆزتر کردووە و ڕەنگدانەوەی پتری لەسەر ململانێ سیاسیەکاندا هەیە.
https://www.pewresearch.org/fact-/tank/2019/08/29/facts-about-american-workers

**ناڕەزایی کرێکاران ڕێگە پێدراو نییە**

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کرێکارانی ئەمریکا: تێسلا ڕێگە بە کارمەندانی نادات ناڕەزایی دەرببڕن**

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کرێکارانی ئەمریکا، کۆمپانیای تێسلا بە هەڕەشەکردن لە کرێکارەکانی بۆ باس نەکردنی ناڕەزایەتیی دۆخی کارکردن و کەمیی مووچەکانیان، تۆمەتبار دەکات.
ڕۆژی سێشەممە ٢٥-٤-٢٠٢٣ (مایکڵ ڕۆساس) دادوەر لەئەنجوومەنی نیشتمانیی کرێکارانی ئەمەریکا ڕایگەیاند، بەڕێوەبەرانی ناوەندێکی چاککردنەوەی تێسلا لە ئۆرلاندۆی فلۆریدا لە ٢٠٢١دا ژمارەیەک کارمەندیان "بێدەنگ" کردووە، کە لەدژی ئەوەی مووچەی کارمەندە تازە دامەزراوەکان لە هی ئەوان زۆرترە، ناڕەزایەتییان دەربڕیوە.

ئەنجوومەنەکە داواکارییەکی پێشکێشی (تێسلا) کردووە، چیدی مافی کارمەندەکانی پێشێل نەکات و ئەو پێشێلکارییانەش لەو ناوەندە ڕوویداوە بکاتە ڕاپۆرتێک و بە ئیمەیڵ بۆ تەواوی کارمەندەکانی (تێسلا)ی بنێرێت.

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کرێکارانی ئەمەریکا ئاژانسێکی سەر بە حکوومەتی ئەمەریکایە، ئەرکی سەپاندنی یاساکانی پەیوەست بە مافی کرێکارانە بەسەر کۆمپانیا و خاوەن کارەکاندا و هەروەها سزادانی ئەو شوێن و کۆمپانیایانەیە، کە پێشێلکاری دەکەن.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوی ئەنجوومەنەکە، لە کۆتایی ٢٠٢١دا کارمەندەکانی تێسلا زانیویانە کارمەندە دامەزراوە نوێیەکان مووچەی زیاتر لە کارمەندە کۆنەکان وەردەگرن؛ بۆیە ژمارەیەکیان ناڕەزایەتییان دەربڕیوە، کە یەکێکیان تەکنیکارێک بووە و بە ئیمەیڵ ناڕەزایەتییەکەی بۆ یەکێک لە جێگرانی سەرۆکی کۆمپانیاکە ناردووە.

دواتر بەڕێوەبەرانی ئەو ناوەندی چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل کۆبوونەوەیان بە بەژمارەیەک کارمەندی خۆیان کردووە و پێیان گوتوون: نابێت باسی مووچە و دۆخی کارکردنیان بکەن یان پەڕاوی ناڕەزایی بۆ بەڕێوەبەرە پلە باڵاکان بەرز بکەنەوە.

ئاشکرابوونی ئەو بابەتە بە دوایین ئابڕووچوون بۆ تێسلا دادەنرێت و پێش ئەمەش پەڕاوی یاسایی لە دژ کرابووەوە، کە لەنێو ناوەندەکانی بەستنی پارچەکانی ئۆتۆمبێلەکەدا جیاکارییەکی زۆری ڕەچەڵەک و گێچەڵی سێکسی دەکرێت.

دادگایەکی ئەمەریکا تۆمەتێکی دژ بە (ئیلۆن مەسک) خاوەنی کۆمپانیای تێسلا و تویتەر و سپەیس ئێکس پشتڕاست کردەوە، بە کرێکارەکانیان ڕاگەیاندووە، ئەگەر ببنە ئەندام لە سەندیکای کرێکاران، چانسی زیادکردنی مووچەکانیان لەدەست دەدەن.

# ئارامی و سەلامەتی ئافرەتان و توندوتیژی

(9)



https://www.google.com/search?q=Peace+and+safety+of+women

ئەمەریکا یەکێک لەو وڵاتانەی بایەخی زۆر بەپاراستنی ئارامی و ژیان و چارەنووسی ئافرەتان و مافەکانیان دەدات، بەڵام بەپێی سەرچاوە و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەم وڵاتە، نیگەرانییەکان سەبارەت بە توندوتیژی و بەکارهێنانی چەک و دەمانچە خەریکە دەبێتە یەکێک لەڕووداوە باسکراوە دیارەکانی ئەمساڵ.

بەپێی زانیارە فەرمییەکان ئەمساڵ لەنێو ئەمەریکادا پتر نیگەرانن لەوەی ڕووداوێکی توندوتیژی بە دەمانچە بەسەریاندا بێت. بەپێی ڕاپۆرتەکان ٪٩ نیگەرانییەکان چوونەتە سەرەوە. بەپێی دوایین داتا لەبارەی تاوانەکان FBI ئاشکرای کردووە، کوشتن نزیکەی ٪٤٠ زیادی کردووە و٪٧٨ی کوشتنەکان بە چەکێکی ئاگرین ئەنجام دراون.

**ژمارەکان دەدوێن**

بەپێی ئەو ڕاپرسیەی لەبارەی توندوتیژی و بەکارهێنانی چەک ئەنجام دراوە، لە ٪٥١ی بەشداربووان زۆر نیگەرانن سەبارەت بەوەی توندوتیژییان لەڕێگەی بەکارهێنانی دەمانچە تووش دەبێت. بەپێی داتاکان ڕێژەی توندوتیژی لە٪٤٧ لەساڵی ٢٠٢١ و ٪٣٦ لەساڵی ٢٠٢٠ زیادی کردووە. لە ڕاپرسییەکی دیکەشدا بەشداربووانی تەمەن ١٨-٣٤ ساڵی پێیان وایە بەکارهێنانی دەمانچە هۆکارە بۆ قەومانی توندوتیژی، هەروەها لە ٪١٧ی بەشداربوون لە تەمەنی ٣٥-٥٤ ساڵیش لەبەکارهێنانی دەمانچە ناڕازین و نیگەرانن. لە ٪٥٠ی

بەشداربووانیش توندوتیژی لە٨٪ی توندوتیژی لەساڵی ٢٠٢٠ بۆ بەکارهێنانی دەمانچە دەگێڕنەوە و بەرزبوونەوەی بۆ ١٢٪ش لەساڵی ٢٠٢٠- ٢٠٢١ بۆ هەمان هۆکار دەگێڕنەوە.
نیگەرانی یەکێکە لەپرسە گرنگ و دیارەکانی ئافرەتان سەبارەت بەچارەنووسیان بۆتە پرسێکی دیار و ڕێژەی تاوان دیار و نەگۆڕە، هەرچەندە ساڵی ٢٠٢١ ڕێژەی تاوانەکان دابەزیوە و ئەمەش سەلامەتی و ئارامی ئافرەتانی زیادکردووە و وەکوو دەزانین پەتای کۆرۆنا هەموومانی تووشی یەکەمین داخستنی سەرتاسەری لەماوەی نزیکەی سەدەیەکدا کرد، هەروەها بەهۆی ئەم پەتایە ئەمەریکا بووە یەکێک لەشوێنە گەرمەکانی دۆز و پرسی کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان.
لێرەدا هەندێک وردەکاریی دەخەینە ڕوو، کە لەساڵی ٢٠٢١ دا سەبارەت بەسەلامەتی کۆمەڵایەتی ئافرەتان بڵاوکراونەتەوە پێمان دەڵێن چی ڕویداوە: لەساڵی دووەمی پەتای کۆڤید-١٩ چی ڕویدا، سەرمان سوڕما دەمێنێت، کە سەیری بەرزبوونەوەی نیگەرانییە گشتییەکان لەساڵی ٢٠٢٠دا دەکەین، زانیارییەکان ئەوە دەردەخەن ڕێژەی نیگەرانی بەشێوەیەکی بەرزی ڕۆژانە لەنێو ئەمەریکا سەبارەت بەپرسی سەلامەتی لەساڵی ٢٠٢١دا سێ خاڵ بەرزبووەوە. واتە لە ٤٧% بۆ ٥٠ .% بەرز بۆتەوە و ڕێژەی ئەو ئەمەریکییانەی هەست بەسەلامەتی دەکەن لە ویلایەتەکەیان ساڵ بە ساڵ پێنج خاڵ دابەزیوە و لە ٥٥٪ لە ساڵی ٢٠٢٠ بۆ ٥٠٪ لە ساڵی ٢٠٢١ زیادی کردووە.
Violence Against Women in the United States: Statistics

https://now.org/resource/violence-against-women-in-the-united-states-statistic/).

ئەمە ئەوەمان نیشان دەدات ئافرەتان لەم وڵاتەدا هەرچەندە ئازادی و کراونەوە و یاسا و مافی زۆریشان هەیە، بەڵام بەهۆی توندوتیژی و بەکارهێنانی چەک خۆیان بەسەلامەتی نازانن، ئەم هەستکردنە لە ویلایەتەکاندا وەکوو یەک نییە.

**ئایا نیگەرانی دەبێتە هۆی گرتنەبەری هەنگاو؟**




https://www.google.com/search?q=Peace+and+safety+of+women

هەرچەندە ئەمەریکییەکان بەردەوامن لەوەی بڵێن تاوان لە زیادبوون دایە، بەڵام ئەوە بەس نییە بۆ زیادکردنی ڕێوشوێنە ئەمنییەکان. لە یەک ساڵی ڕابردوودا لەهەر پێنج ئەمەریکییەک تەنیا یەک کەسیان ڕێوشوێنە ئەمنییەکانی زیادکردووە. لەهەر سێ ئەمەریکییەک یەکێکیان هەندێک ڕێگەی پاراستنی کەسی لەوێنەی (سپرای بیبەر) بەکاردەهێنێت. بەگشتی سەرچاوەکانی بیمەی کۆمەڵایەتی بەدووری دەزانن ئەو جۆرە خۆپاراستنەی ئەمەریکییەکان بەکاری دەهێنن باسی بکەن، تەنیا ١٤٪ دەڵێن هیچ شتێک بەکارناهێنن و ٣٨٪ی ئەمەریکییەکانیش گووتویانە هیچ کاردانەوە و شتێک بۆ خۆپاراستن بەکارناهێنن، لەپێناو دابینکردنی ئاسایشی زیاتر بۆ موڵکەکانیان. بڕوانە ( Rebecca Edwards Jun 02, 2023 .(/https://www.safewise.com/state-of-safety

**داوێنپیسی و تاوان**

داوێنپیسی وەها پێناسەکراوە، کە بریتییە لەڕەفتارێک ئاراستەی کەسێکی دیاریکراو دەکرێت و دەبێتە هۆی ئەوەی کەسێکی عەقڵانی هەست بکات ترسی لەسەرە. لە ١٢ مانگدا لەساڵانی ٢٠٠٥- ٢٠٠٦، بەمەزەندە ٣.٤ ملیۆن کەس کە تەمەنیان لە ١٨ ساڵی دابووە، یان گەورەتربوون بوونەتە قوربانی داوێنپیسی و لە ١٢ مانگیشدا بە مەزەندەکردن ١٤ کەس لەهەر ١٠٠٠ کەسێک، کە تەمەنیان ١٨ساڵ یان پترە بووە، بوونەتە قوربانیی داوێنپیسی . لەنێو قوربانییەکان لەچاو

نێرەکان، مێینەکان مەترسی زیاتریان لەسەر بووە. مێینەکان لەبواری داوێنپیسیدا لەهەر ١٠٠٠ کەسی مێینە ٢٠ کەسیان بوونەتە قوربانی کە تەمەنیان ١٨ساڵیی بووە، یان بەتەمەنتر بوون. ڕێژەی قوربانییەکانی نێرینە لەبواری داوێنپیسیدا نزیکەی ٧ کەس لە هەر ١٠٠٠ ی نێری تەمەنی ١٨ ساڵ یان زیاتر بووە.

ئەم ڕێژەیە لای ئاسیاییەکان و دوورگەکانی دەریای هێمن جیاوازترە لەگەڵ ئەوانی دیکە و ٧ کەس لەهەر هەزار کەسێکی تەمەن ١٨ ساڵ و سەرووتر کەمتر ئەگەری تووشبوون بەکردەی داوێنپیسیان هەیە، لەبەراورد بە سپیپێستەکان ١٤ کەس لەهەر ١٠٠٠ کەس و لای ڕەشپێستەکان (١٢ کەس لەهەر ١٠٠٠ کەس) و هەروەها لای ئەو کەسانە دوو ڕەگەزیشن (٣٢ کەس لەهەر ١٠٠٠ کەسێک) تووشی ئەم دۆخە بوونە و ئەو کەسانەی ئیسپانیش نین ئەگەری زیاتریان هەبووە لە ئیسپانییەکان بۆ ئەوەی تووشی داوێنپیسی ببن. ئەم ژمارەیەش (١٤ کەس بووە لەبەرانبەر ١١ کەس لەهەر ١٠٠٠ کەسێکدا لەتەمەنی ١٢ ساڵان، یان بەرەو سەرەوەتر).

بەپێی داتاکان نزیکەی ١ لە هەر ١٠ کەسێک لەلایەن کەسێکی نامۆوە داوێنپیسی و تاوانی دژ کراوە و نزیکەی ٣ لە ٤ کەسیش لەهەموو قوربانییەکان تاوانبارەکەیان بە جۆرێک لەجۆرەکان ناسیووە.

## سەرچاوەکانی نائارامی ئافرەتان چین



https://www.google.com/search?q=Peace+and+safety+of+women

بەپێی زانیارییەکانی نێو ئەو باسەی لەبارەی داوێنپیسی و تاوان و دروستکردنی نائارامی دژی ئافرەتان بڵاوکراونەتەوە، دەرکەوتووە، کە قوربانییەکانی داوێنپیسی زۆرترین جار ئەو کەسانەی بوونەتە هۆکار و سەرچاوەی تاوانەکەیان ناسیوە لەوانە هاوسەر و دۆستی پێشوو (٪٢١.٥) بووە. هاوڕێ یان هاوژوور، یان دراوسێ (٪١٦.٤) بووە. ئەم قوربانیانەش ٪ ٤١ ئافرەت و مێ بوون و لە ٪٣٧یش پیاو و نێر بوون. ئافرەتی ڕەشپێستەکان لەمێژوودا توندوتیژی خێزاندا ریان بەرێژەیەکی زیاتر تووشبووە، لە بەراورد بە مێینەی سپیپێستەکان. لەساڵی ٢٠٠٨ مێینە ئیسپانی و غەیرە ئیسپانییەکان تووشی توندوتیژیی هاوسەرگیری بوون بە ڕێژەی ٤.١ لە هەر هەزار کەسێکدا .

بۆ زانیاریی پتر بڕوانە ( Female Victims of Violence, Shannan Catalano, Ph.D., Erica Smith, Howard Snyder, Ph.D., and Michael Rand BJS Statisticians, U.S. Department of Justice Office of Justice Programs, September 2009, NCJ 228356.، https://bjs.ojp.gov/content/pub/pdf/fvv.pdf

**توندوتیژی دژی ئافرەتان لە ئەمەریکا**

بەپێی ئامارەکانی توندوتیژی دژی ئافرەتان هێشتا ژمارەکان لە ئەمەریکا مەترسیران، بۆیە ناوەندەکانی داکۆکی لە ئافرەت

پێیان وایە کۆنگرێس و سەرۆکی ئەمەریکا دەبێت بیری جددی لەو مەسەلەیە بکەنەوە و پێش لەتووندوتیژی بگرن، کە دەبێتە هۆی نەمانی سەلامەتی ئافرەتان.

**کوشتن**

لەساڵی ٢٠٠٥دا، ١١٨١ ئافرەت لەلایەن هاوبەشێکی نزیکانەوە کوژران و لەکۆی هەموو ئەو ئافرەتانەی لە ئەمەریکا کوژراون، نزیکەی یەک لەسەر سێیان لەلایەن هاوبەشێکی نزیکانەوە ئەنجام دراوە.

**تووندوتیژی خێزانی (تووندوتیژی هاوبەشی نزیک یان لێدان)**

دەتوانرێت تووندوتیژی خێزانی وەک شێوازە ڕەفتارێکی تووندوتیژی لەپەیوەندیی نێوان دوو کەسی هاوبەشدا وەسف بکرێت، کە لەلایەن هاوبەشێکەوە بەکاردەهێنرێت بۆ بەدەستهێنان، یان پاراستنی دەسەڵات و کۆنترۆڵکردن بەسەر هاوبەشەکەی دیکەیدا. لە ٢٠ ئافرەتی زولمێکراودا تەنیا ٤یان کە بریندار بوون و ئازاریان چێشتووە بۆ چارەسەر چوونەتە نەخۆشخانە و خۆیان نیشانی دکتۆر داوە.




https://www.google.com/search?q=Peace+and+safety+of+women

**تووندوتیژی سێکسی**

بەپێی ڕاپرسی نیشتمانی قوربانییەکانی تاوان، ئەو تاوانانە لەخۆدەگرێت، کە هەموویان زانیارییەکانیان بەدەست پۆلیس نەگەیشتووە. ٢٣٢,٩٦٠ ئافرەت لە ئەمەریکا لەساڵی ٢٠٠٦دا دەستدرێژی سێکسیان کراوەتە سەر. ئەمە ئەوەمان بۆ دەردەخات ڕۆژانە پتر لە ٦٠٠ ئافرەت دەستدرێژیان کراوەتە سەر. ژمارە فەرمییەکان زۆر کەمترن لە ژمارەی هەقیقی، چونکە پشت بەداتای دەزگاکانی جێبەجێکردنی یاسا دەبەستن. لەبەر ڕەچاوکردنی هەست و نەستی قوربانییەکە گەلێک ڕووداوی دەستدرێژی سێکسی هەیە بەفەرمی تۆمار ناکرێت.

**ئامانجەکان**

ئافرەتی گەنج و ئەو ئافرەتانەی داهاتیان کەمە، هەروەها هەندێک لە ئافرەتانی کەمینەکان بەشێوەیەکی نارێژەیی دەبنە قوربانی تووندوتیژی خێزانی و دەستدرێژی سێکسی. ئافرەتانی تەمەن ٢٠-٤٠ ساڵ زۆرترین مەترسی تووندوتیژییان ڕووبەڕوو دەبێتەوە. داهات هۆکارێکی بەرچاوە: تا ماڵەکە هەژارتر بێت، ڕێژەی تووندوتیژی خێزانی تێدا بەرزترە، تووندوتیژی لەنێو ئەو ئافرەتانەی داهاتیان کەمترە، ڕێژەکە پتر لەشەش هێندەی ئەو ڕێژەیە لەبەراورد بە ئافرەتانی دیکە.

**کاریگه‌ری له‌سه‌ر منداڵان**

به‌پێی سندوقی خۆپاراستن له‌توندوتیژی خێزانیی "گه‌وره‌بوون له‌نێو ماڵێکدا، که‌ توندوتیژی تێدایه‌، ره‌نگه‌ ببێته‌ ئه‌زموونێکی ترسناک و زیانبه‌خش و کاریگه‌ری له‌سه‌ر هه‌موو لایه‌نه‌کانی ژیان و گه‌شه‌کردنی منداڵ ده‌بێت. ئه‌و منداڵانه‌ی ڕووبه‌ڕووی توندوتیژی خێزانی بوون، به‌ئاشکرا نیشانه‌کانی فشاری ده‌روونیان پێوه‌ دیاره‌ و دواتریش تووشی کاره‌سات ده‌بن. هه‌ندێکیان له‌نێو جێگادا میز به‌خۆیان داده‌که‌ن، یان تووشی مۆته‌که‌ دێن، به‌راورد به‌ هاوته‌مه‌نه‌کانی خۆیان مه‌ترسی زیاتریان له‌سه‌ره‌ تووشی دۆخی هه‌ستیاری و ته‌نگه‌نه‌فه‌سی و کێشه‌ی گه‌ده‌ و ڕیخۆڵه‌ و سه‌رئێشه‌ و ئه‌نفلۆنزا ببن.



https://www.google.com/search?q=Peace+and+safety+of+women

## پێویستییە داراییەکان بۆ چارەسەر

سەنتەری کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکان، مەزەندە ئەوەی کردووە خەرجی و تێچووی چارەسەری دیاردەکانی توندوتیژی خێزانیی لەساڵی ۲۰۰۳ دا پتر له ۸.۳ ملیار دۆلار بووە. ئەم پارەیە چاودێری پزیشکی و خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی دەروونی و بەرهەمهێنانەوەی ئەو شتانەی لەدەست چوون دەگرێتەوە.

## یاسادانان

لەساڵی ۱۹۹٤، ڕێکخراوی نیشتمانی بۆ ئافرەتان، سندوقی بەرگری یاسایی و پەروەردەی درستکردووە، کە ئێستا پێی دەوترێت (Legal Momentum) زۆرینەی فێمینیست و ڕێکخراوەکانی دیکە لەخۆ دەگرێت لەکۆتاییدا ئەمانە توانیان پەسەندکردنی یاسای توندوتیژی دژی ئافرەتان مسۆگەر بکەن. لەپێناو چارەسەری کێشەکانی توندوتیژی دژی ئافرەتان توانی بڕی ۱.٦ ملیار دۆلاریش دابین بکات.
لەبیری نەکەین دوای پەسندکردنی ئەم یاسایە نزیکەی ساڵێکی دیکەی خایاند بۆ ئەوەی کۆنگرێس بە سەرۆکایەتی (نیوت گینگریچ) ناچار بکەن دەسەڵاتی بەکارهێنانی ئەم پارەیە ببەخشێتە لایەنە پەیوەندارەکان. مەزەندە دەکرێت نزیکەی ۱٤.۸ ملیار دۆلار لەخەرجییەکانی کۆمەڵایەتی خۆپارێزیدا پاشەکەوت کراوە.

### توندوتیژی لە نێو هاوڕەگەزبازەکاندا

بەپێی هاوپەیمانی نیشتمانی بەرنامەکانی دژە توندوتیژی "توندوتیژی خێزانی کاریگەری لەسەر تاکەکانی ئەم گروپانەی هاوڕەگەز بازن هەیە و ئەوانیش بەکردەوە کەم کێشەکانی خۆیان ئاشکرا دەکەن و تاوانە دژ کراوەکانیان بەڕێژەیەکی کەم بە پۆلیس ڕادەگەیەنن ئاشکرای ناکەن چیان دژ قەوماوە. نەبوونی هۆشیاری و ئینکاری سەبارەت بەبوونی ئەم جۆرە توندوتیژییە و کاریگەریی لەسەر زانیارییەکان هەیە.

### ئایا ئێستا ئافرەتان لە ئەمەریکا لەجاران سەلامەتترن

ئەمە وەڵامی بنەڕەتی هەموو ئەو ئەگەر و زانیاریی و داتایانە نیشان دەدات، کە ئافرەتان لە ئەمەریکا بەراورد بە پێشوو، هەندێک باشترن. پرسیارەکەی ئەوەیە ئایا بەڕاستی ئێستا لەدۆخێکی باشتر و گونجاوتر و سەلامەترن، یان هێشتا لەژیانێکی مەترسیداردا دەژین. لە تشرینی دووەمی ٢٠٢٣دا لەوتارێکدا (Nicole Russell) (https://www.newsweek.com/women-are-safer-now-america-ever-before-opinion-1845413) دەنووسێت: ئێستا زۆر ئاڵۆزە بۆ ئەوەی لە ئەمەریکا ئافرەت بیت، بەڵام کاتێک باس لەسەلامەتی گشتی دەکرێت، ئافرەتان لە ئەمەریکا سەلامەتترن لەوەی کە پێشووتر هەبوون. بەپێی ئامارەکانی سەنتەری توێژینەوەی (پیو) لە نەوەدەکاندا تاوان لە ئەمەریکا

بەشێوەیەکی زۆر بەرز بووە، نزیکەی ٨٠ کەس بوونەتە قوربانی لەنێو هەر هەزار کەسێکدا، کە تەمەنیان لەسەرووی ١٢ ساڵەوە بووە. بەپێی زانیارییەکانی ٢٠٢١ ئامارەکان دەری دەخەن ئافرەت پتر لە پیاوان دەبنە قوربانی تاوان و کوشتن و پیاو پتر لە ئافرەتان تاوان ئەنجام دەدەن.

ئەم نووسەرە ئەمەریکییە ئاماژە بەوە دەکات "شتی هەرە گرنگ ئەوەیە توندوتیژی دژی ئافرەتان لە ئەمەریکا کەمترە بەراورد بە بەشێکی زۆری وڵاتانی دیکەی جیهان. بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی هاوکاری و گەشەپێدانی ئابووری، دوو لەسەر سێی وڵاتانی جیهان شانازی بە هەڵوێست و یاسا لاوازەکانیان بەراورد بە ئەمەریکا دەکەن، کە تایبەتە بە توندوتیژی دژی ئافرەتان".

نووسەرەکە ئاماژە بە هەندێک وڵاتی وەکوو (ئەفغانستان، ڤەنزوێلا، ئەفریقای باشوور و هندۆراس) دەکات، کە ڕێژەی تاوان و توندوتیژی دژی ئافرەتان بەشێوەیەکی باوەڕ پێ نەکراو بەرزە. تالیبان توندوتیژییەکانی دژی ئافرەتان گەیاندۆتە ئاستێکی زۆر بەرز و لەساڵی ٢٠٢٢دا جارێکی دیکە دەستی پێکردەوە و توندوتیژی جەستەیی شتێکی دیاریکراوە، بەڵام تاکتیکەکانی سەرکوتکردنیش زیادییان کردووە. بینیمان پیاوە چەکدارەکانی تالیبان چۆن لە قوتابخانەکان هێرشیان کردە سەر پۆلەکان و کارمەندەکانیان ناچارکرد پشکنینی کچان بکەن بۆ ئەوەی بزانن ئایا گەیشتوونەتە تەمەنی باڵغبوون و بەم شێوەیە لەخوێندن بەپێی تەمەنیان دوورخراونەتەوە.

ئافرەتانی ئەفغانستان ئەگەر جلوبەرگی ڕۆژئاوایی لەبەر

بکەن، لێیان دەدرێت. ئافرەتان دەبێت لەشوێنی گشتیدا دەموچاویان داپۆشن، ناتوانن مۆڵەتی شۆفێری وەربگرن، یان بەبێ یاوەرێکی پیاو سەفەر بکەن و لە بۆ شوێنی دوور بچن. ژیانی ئافرەتانی ئەفغانستان وایکردووە ئەمەریکا بۆ ئافرەتان وەکوو گۆڕەپانی یاری منداڵان دەربکەوێت.

لەبەشێکی دیکەی وتارەکەیدا (Nicole Russell) لە بەراوردی ئەمەریکا بە وڵاتانی دیکە دەنووسێت: " ئەمەریکا لەپێوەرەکانی ئاشتی جیهانیدا پلەی ١٢٩ ی پێدراوە، بەڵام ئەوە پێوەرێکی هەڵەیە کاتێک باسی ئایسلەندا وەکوو سەلامەتترین وڵاتی جیهان دەکرێت، نابێت لەبیری بکەین ژمارەی دانیشتوانەکەی ڕکابەری ژمارەی دانیشتوانی مۆنتگۆمێری لە ویلایەتی ئەلاباما دەکات".

هەروەسا لە بارەی ترسی توندوتیژی دژی ئافرەتانی ئەمەریکا دەنووسێت: "هێشتا هەندێک بوار هەیە جێگەی نیگەرانی ئافرەتانی ئەمەریکان، لەوانە: هەرچەندە توندوتیژی خێزانی بەگشتی لەگەڵ تاوانە توندوتیژەکاندا کەمی کردووە، بەڵام ئافرەتان هێشتا ئامانجی سەرەکی توندوتیژی هاوبەشی هاوژینەکانیان. بەپێی ئامارەکانی ناوەندی سیاسەتی توندوتیژی، لەساڵی ٢٠١٩ لە کۆی ١٠ ئافرەتی کوژراو ٩ لەلایەن ئەو پیاوانەی کە دەیانناسن کوژراون". لەتەک ئەوەشدا ئێمە باسی توندوتیژی دژی ئافرەتان و ترس لەسەلامەتی ژیانی ئافرەتان دەکەین "توندوتیژی خێزانی و ژیانی ئافرەتان لەزۆر بوارەکانی دیکەدا لەجیهان تووشی توندوتیژی خێزانی دەبنەوە

وەکوو ئەمەریکا، ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا".

**چارەسەر چییە؟**

قسەکردن لەسەر ڕەوشی ژیان و سەلامەتی و ئارامی کۆمەڵایەتی و دەروونی لای ئافرەتان هەویرێکە ئاوی زۆر هەڵ دەگرێت، ئەم نووسەرە ئەمەریکییە لەبارەی ڕاگرتنی توندوتیژی دژی ئافرەتان دەڵێت: "ئازادی لایەنێکی گرنگی سەلامەتییە، هەروەها بەپێی ئامارەکانی پەیمانگای (کاتۆ) ئەمەریکا بە چەندین پێوەر لەپلەی بیستەمی ئازادترین وڵاتی جیهان دایە، لەنێویاندا چەندین پێوەر دیاریی کراون، کە ئافرەتان بەسەلامەتی دەهێڵنەوە. داتاکانیان "دابەشکردنی نایەکسانی ئازادی لە جیهاندا" بەداخەوە نیشان دەدەن: زیاتر لە ٪٧٥ی دانیشتوانی جیهان لەنیوەی خوارەوەی پێوەرەکەدا دەژین، بێگومان ئەم داتایانە ئافرەتیش لەخۆ دەگرێت، هەروەها دووەمین هەموارکردنەوەی یاسا لە ئەمەریکا ڕێگە بەو ئافرەتانەی هەست بەلاوازی لەنێو ئەمەریکا دەکەن، مافی بەرگریکردن لەخۆیان هەبێت، مافێک کە ئافرەتان لەزۆربەی وڵاتانی دیکەدا نیانە.
نەهێشتنی مەترسی و فشار و چەک یەکێکی دیکە لەچارەسەرەکان. من پێم وایە بەشێکی توندوتیژی پەیوەندی بە بەکارهێنانی چەکەوە هەیە. ( Nicole Russell) کە لە وتارێکی شیکاری خودان بۆچووندا شتەکانی لێکداوەتەوە ئاماژە بەوە

دەكات "گروپی خاوەن دەمانچە لە ئەمەریكادا لەنێو ئافرەتاندا گەشە دەكات، بەپێی ئاماری (گالۆپ) لەساڵی ٢٠١٦دا تەنیا ١٥٪ ئافرەتان خاوەنی چەك و دەمانچە بوون، كەچی لەساڵی ٢٠٢٢دا ئەو ژمارەیە بۆ ٢٢% بەرزبوویەوە". واتە چەك هۆكارێكە بۆ ئەوەی ئافرەتان وەكوو ئامرازێكی كارا و كاریگەر بۆ دابینكردنی سەلامەتی و ئارامی خۆیان بەكاری بهێنن.

واتا بەپێی لێكدانەوەكان ئازادی و نەهێشتنی چەك و چارەسەری كێشەی توندوتیژی خێزانیی و یەكسانی و نەهێشتنی جیاوازیی ڕەگەز و هەژاریی و داهاتێكی گونجاو لەنێو خێزاندا بەشێكن لەچارەسەر، لەگەڵ بوونی یاساییێكی شیاو و بودجەیەكی لەبار، كە دەبنە هۆكار بۆ بڵاوكردنەوە و پەرەپێدانی هوشیاری كۆمەڵایەتی و سێكسی و ئازادانە یەكسانبوون لەنێوان نێر و مێدا.

# هاوکاری منداڵە برسییەکانی ئەمەریکا لەنێوان دیموکرات و کۆمارییەکاندا

(10)




https://www.google.com/search?q=Helping+hungry+children+in

بەپێی ڕاپۆرتێکی پڕ زانیاریی و ژمارە و داتای گۆڤاری (نیوز ویکی) ئەمەریکی لە ١٠ی شوباتی ٢٠٢٤دا لە نوێترین زانیاریی لەبارەی هاوکارییەکانی ئەم هاوینە بۆ منداڵانی برسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دابەشبوونێکی حزبی هاتۆتە ئاراوە. کۆمارییەکان بەگشتی لە ویلایەتە جیاوازەکان خاوەنی دوو بۆچوون و هەڵوێستن، دیموکراتەکانیش بەگشتی پاڵپشتی بەرنامەیەکی ئیدارەی (جۆ بایدن) دەکەن بریتییە لە هاوکاری هاوینەی منداڵە برسییەکانی ئەمەریکا.

ساڵی ٢٠٢٣ هەموو ویلایەتەکانی ئەمەریکا ئازاد کران و بژاردەی ئەوەیان پێدرا، خۆیان بڕیار بدەن لەوەی ئایا دەیانەوێت بەشداری لە پرۆگرامی گواستنەوەی یارمەتی ئەلیکترۆنی (EBT) ی هاوینەدا بۆ منداڵانی برسی بکەن، کە لەلایەن حکوومەتی فیدراڵییەوە بەڕێوەدەبرێت، یاخود نا. بەرنامەکە بوودجەی زیاتر بە ویلایەتە بەشداری دەدات، کە یارمەتی منداڵانی خێزانە کەم داهاتەکان، یان بێ داهاتەکان دەدات.

بەرنامەکە بریتییە لەوەی هەر منداڵێکی شایستە بەم بەرنامەیە مانگانە ٤٠ دۆلاری زیادە لە سێ مانگی هاویندا وەردەگرن، کە کۆی گشتی ١٢٠ دۆلارە بۆ هەر منداڵێک. ئەم پارەیە وەکوو هاوکاری بۆ کڕینی خواردن بەکاردێت، کە قوتابخانەکان لەهاوین دادەخرێن. بەرنامەکە کۆنگرێس بە پاڵپشتی هەردوو حزب پەسەند کراوە و پێشبینی دەکرێت دوو ملیار و نیو دۆلار تێچووی حکوومەتی فیدراڵی بۆ تەرخان بکرێت.

## ئاسایشی خۆراک

بەپێی ڕاپۆرت و زانیارییەکانی نێو میدیای ئەمەریکا و قسەکانی (تۆم ڤیلساک) وەزیری کشتوکاڵ دەڵێت: "ئەزموونی پەتای کۆرۆنا نیشانی داین کاتێک حکوومەت وەبەرهێنان لە پاڵپشتییەکی مەبەستدار بۆ خێزانەکان دەکات، دەتوانین کاریگەری ئەرێنی لەسەر ئاسایشی خۆراک دروست بکەین، تەنانەت لەو کاتانەی ڕووبەڕووی دۆخی سەختی ئابووریشن".
بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی کشتوکاڵی ئەمەریکا، ١٢.٨٪ سەرجەمماڵەکانی ئەمەریکا لەساڵی ٢٠٢٢دا ئاسایشی خۆراکیان نەبووە، کە بەگشتی دەکاتە ١٧ ملیۆن ماڵ. چۆن پێناسەی نەبوونی ئاسایشی خۆراک لەلایەن USDA کراوە: "هەر ماڵێک بەزەحمەت بتوانێت خۆراکی پێویست بۆ ئەندامەکانی خێزانەکەی بەهۆی کەمی سەرچاوەکانی ژیان دابین بکات، ئەمە بە نەبوونی ئاسایشی خۆراک وەسف دەکرێت". ڕێکخراوی بەرەنگاربوونەوەی برسێتی و هەژاریی بە (نیوزویکی) ڕاگەیاندووە بەرنامەی EBT ی هاوینە یارمەتیدەر دەبێت بۆ دابینکردنی هاوکاری خۆراک بۆ نزیکەی ٢٠ ملیۆن منداڵ لە مانگەکانی هاویندا.




https://www.google.com/search?q=Helping+hungry+children+in

(ڤینس هۆڵ) بەرپرسی سەرەکی پەیوەندییەکانی حکوومەتی فیدینگ ئەمریکا بە (نیوزویک)ی گووتوە "ئەم بەرنامە نوێیە ناتوانێت لە کاتێکی باشتردا دەست پێ بکات. لە ساڵی ٢٠٢٢دا زیاتر لە ١٣ ملیۆن منداڵ لە ئەمەریکا یەک لە هەر ٥ منداڵ لە ماڵێک ژیاون کە ئاسایشی خۆراکیان نەبووە. ئامارژەی بەوەشکردووە، "ئەمەش بە بەراورد بە ساڵی پێشوو بەرێژەکەی لەسەدا ٤٤ زیادیکردووە و بەرزترین رێژەی نائاسایشی خۆراکی منداڵانە لە ساڵی ٢٠١٤ەوە."

## جیاوازیی ویلایەتە کۆمارییەکان و دیموکراتەکان

لە کۆی ئەو ٣٥ ویلایەتەی کە بەشداریکردنیان هەڵبژاردووە، ٢٣ ویلایەتی لەلایەن حاکمەکانی دیموکراتەکانەوە سەرکردایەتی دەکرێن و ١٢ ویلایەتیش لەلایەن حاکمەکانی کۆمارییەوە سەرۆکایەتی دەکرێن. هەموو ئەو ویلایەتانەی کە ئەو دەرفەتیان ڕەتکردەوە، لەلایەن حاکمەکانی کۆمارییەوە سەرکردایەتی دەکرێن و هەرچەندە هێشتا دەرفەت ماوە بۆ ئەوەی ویلایەتەکانی دیکەش بڕیاری بەشداربوون، یان ڕەتکردنەوەی ئەم پڕۆگرامە بدەن. لە کردەوەشدا هەر ویلایەتێک ئازادە لە بڕیاردان بەپێی بڕیاری کۆنگرێس.
ویلایەتی ئەلاباما، ئەلاسکا، فلۆریدا، جۆرجیا، ئایداهۆ، ئایۆوا، لویزیانا، میسیسیپی، نەبراسکا، ئۆکلاهۆما، کارۆلینای باشوور، داکۆتای باشوور، تەکساس، ڤێرمۆنت و وایۆمینگ ڕەتیان کردۆتەوە بەشداری لەم پڕۆگرامە لە هاوینی ساڵی ٢٠٢٤دا بکەن.

## ویلایەتەکان منداڵەکانیان برسی دەکەن

بەپێی زانیارییە بڕواپێکراوەکان نەبوونی ئاسایشی خۆراک لەنێو ئەو خێزانانەی منداڵیان هەیە، ڕێژەکەی لە زیادبوون دایە. ئەو خێزانانەی لە ساڵی ٢٠٢٢دا بەدەست نەبوونی ئاسایشی خۆراک لە ئەمەریکا دەناڵێنن، بەپێی زانیارییە پشتڕاستکراوەکانی USDA دەرکەوتووە، ئەو خێزانانە ٣.٣ ملیۆن

منداڵیان هەیە، کە ژمارەکەش بە بەراورد بە پار یەک ملیۆن زیادیکردووە. بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی (واشنتۆن پۆست) (ڤیلساک) دەڵێت: "ئەوە جێگەی داخە، هیچ هۆکارێکی سیاسی لە ئارادا نییە بۆ ئەوەی ئەم بەرنامەیە جێبەجێ نەکرێت. بەڵێ ئەمە جێگەی داخە، پێموایە و ڕەنگە حاکمەکانی ویلایەتەکان کاتیان نەبووبێت، یان هەوڵیان نەدابێت بۆ ئەوەی باش لەو بەرنامەیە بگەن، تاکوو بزانن ئەم بەرنامەیە چییە و چی نییە".




https://www.google.com/search?q=Helping+hungry+children+in

زانیارییەکانی نێو میدیای ئەمەریکا بەپشت بەستن بە داتای ڕێکخراوە خێرخوازییەکان ساڵی ٢٠٢٢ پتر لە ١٣ ملیۆن منداڵ لەنێو ئەمەریکا، کە دەکاتە یەک لەسەر پێنجی ٥/١ منداڵانی هەر خێزانێک تووشی نەبوونی ئاسایشی خۆراک بوون. ئەم ڕێژەیەش بەراورد بە پار ٤٤٪ زیادی کردووە.

**بۆچی هەندێک لە ویلایەتەکان وازیان هێناوە؟**

ئەو ویلایەتانەی وازیان لەم بەرنامەیە هێناوە، چەندین هۆکارێکی جیاوازییان بۆ ڕەتکردنەوەی بەرنامەی هاوکاری خۆراک خستووەتەڕوو. لەوانە هەندێک هۆکارەکە بۆ زیادبوونی تێچووی دارایی و کارگێڕییەوە دەگێڕنەوە. لە گاڤێکدا حکوومەتی فیدراڵی تەواوی تێچووی یارمەتییەکان و نیوەی تێچووی کارگێڕییەکەش دەدات. هەندێک لەحاکم و سەرکردەکانی ویلایەتەکانی دیکەش ئاماژەیان بەوە کردووە، کە چی دیکە ئارەزوو ناکەن لەسەر بەرنامەی هاوکاری سەردەمەی کۆرۆنا بەردوام بن. هەندێکیش نایشارنەوە و ڕایانگەیاندووە، کە باوەڕیان بە حکوومەتی فیدراڵی سەبارەت بە بەڕێوەبردنی بەرنامەکە نییە. بۆ نموونە وێلایەتی(کارۆلینای باشوور) کە یەکێکە لەو ١٥ ویلایەتی ئەم بەرنامەیان ڕوتکردۆتەوە بەشانازیی و پێداگرییەوە بەرنامەکەی حکوومەتی فیدرالی ڕەت دەکاتەوە. (ویلایەتی ئایۆوا و نەبراسکا)ش بەرنامەی تایبەتی خۆیان بۆ هاوکاریی منداڵی خێزانە کەم دەرامەتەکانیان هەیە.

لەکاتێکدا شارەزایانی سیاسی ئەمە دەبەستنەوە بە ناکۆکی و ململانێی سیاسی نێوان هەردوو حزبەکە.
ئەم ناکۆکیی و هەڵوێستە لە هەندێکی بواری دیکەشدا بەزەقی دیارە، پسپۆرانی ئەم بوارە ڕای دەگەیەنن ئەگەر (ئیدارەی (بایدن) و کۆنگرێس دەیانەوێت پابەندبوونێکی ڕاستەقینە لەپێناو بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی خێزانەکان نیشان بدەن، ئەوە پێویستە وەبەرهێنان لە بەرنامەی پێشووتر سەربارەت بەژێرخانی ویلایەتەکان بکەن و نەرمیمان بەرانبەر بنوێنن، تاکوو خۆیان لەگەڵ پێداویستییەکانی ویلایەتەکەیان بگونجێنین.

## کێشەکە سیاسییە

لەو زانیاریانەی لە راپۆتەکەی (نیوز ویک) لە ١٠ شوباتی ٢٠٢٤دا بڵاوکراونەتەوە (جیم پیلن) حاکمی کۆمارییەکانی (ویلایەتی نەبراسکا) بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆ باسی نەیارانی سیاسی پارتەکەی بکات، ڕوانگەیەکی نەریتی پارتی کۆمارییەکانی نیشان داوە، کە نابێت خۆشگوزەرانی ببێتە بەردی بناغەی داهات بۆ خێزانەکان. (پیلن) لە مانگی ڕابردوودا لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە، "نەبراسکا پابەندە بە یارمەتیدانی مندالان و ئەو خێزانانەی پێویستیان بە هاوکاری خۆراکە، بەرنامەکانمان زیاتر لەسەر دابینکردنی خواردنە". بە واتایەکی دیکە ئەوان لەگەڵ بەرنامەی درێژخایەنی (ولفەر/

هاوکاری بەردەوامی خێزانە کەم داهاتەکان) نین. ئەمە ڕوانگەی سروشتی و لەمێژینەی کۆمارییەکانە.
(نەبراسکا) هەر لەئێستاڕا بەرنامەی تایبەتی خۆی بۆ یارمەتی خۆراک هەیە، لەوانەدا پراگرامیان بۆ ئافرەتان و منداڵی کۆرپە هەیە. بەپێی زانیارییەکانی بەرنامەی تەواوکەری خۆراک، لە نەبراسکا تاکوو ساڵی ٢٠٢١ ڕێژەی هەژاری منداڵان لە ١٢.١٪ بووە. لەم ویلایەتەدا کار بۆ بەرنامەیەکی هاوبەش لەلایەن هەردوو حزبەوە دەکرێت و بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەی (نێبراسکا ئێگزامینەر) لە مانگی یەکی ٢٠٢٤دا ڕایگەیاندبوو، کە پشتیوانی هەردوو لایەنە سیاسییەکە بۆ پرۆژە یاساکە هەیە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە هەموو کۆمارییەکان لەگەڵ بڕیارەکەی (پیلن)ی حاکمی ویلایەتەکە نین بۆ ئەوەی ویلایەتەکە بەیەکجاری لەبەرنامەکە دوور بخاتەوە.
ویلایەتە کۆمارییەکانی دیکەش ڕایانگەیاندووە: "پێ ناچێت لەسەر ئەو بەرنامەیە بەردەوام بن". ڕۆژنامەی (ئیندیپێندنت) بڵاوی کردەوە، ویلایەتی تێنسی ڕایگەیاندووە کە تەنیا بۆ ماوەی ساڵێک بەشداری لەم بەرنامەیە دەکات و گوتەبێژەکەی (بیل لی) حاکمی کۆمارییەکان ئاشکرای کردووە ساڵێکی دیکە ویلایەتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ "بەکارهێنانی بەرنامەکانی پێشوەختە بۆ دابینکردنی پێداویستییە خۆراکییەکانی منداڵان لە مانگەکانی هاویندا". بەواتایەکی دیکە کۆمارییەکان هەموویان یەک بۆچوون و هەڵوێستیان لەبارەی ئەم بەرنامەیە نییە، لەکاتێکدا پێ دەچێت دیموکراتەکان، یان ئەو ویلایەتانەی دیموکراتەکان حووکمی تێدا دەکەن، لەهەڵوێستدا وەکو یەکن.

لەویلایەتی (ئۆکلاهۆما)ش کە کۆمارییەکان تێیدا باڵادەستن، نەبوونی ئاسایشی خۆرک لەنێو منداڵاندا ڕێژەکەی بەرزە و گەیشتۆتە ٢٠.٥٪ لەگەڵ ئەم بەرنامەیە نییە، لەکاتێکدا دانیشتووانی ئێرە لە ڕاپرسییەکدا نزیکەی ٤٠٣،٠٠٠ کەس پێیان وایە دەبێت لەم بەرنامەی EBT، کە بۆ هاوینە سوود مەندبن. لەکاتێکدا (کیڤن ستیت) حاکمی کۆمارییەکان ڕایگەیاندووە: "پێویستە لە بانکی ناوەندی ئەمەریکا بپرسن بۆچی دەیانەوێت هەمووان بەشداری لەم بەرنامەیە بکەین، گووتیشی ئەو "ڕازییە" لە بەرنامەکانی ئێستای ویلایەتەکەی خۆی.


لە ویلایەتی (میزۆری)یشدا نیگەران سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردنی حکوومەت لەگەڵEBT ، ئەوان شتەکەیان بە ناڕوونی بەرنامەکە بەستاوەتەوە. پێشتر گوتمان هەموو کۆمارییەکان هەمان هەڵوێستی ڕەتکردنەوەی بەرنامەی دابینکردنی خۆراکیان بۆ منداڵانی برسی لەنێو ئەمەریکا نییە. (سارا هاکابی ساندەرز) حاکمی ویلایەتی (ئەرکانساس) ڕایگەیاندووە EBT هاوینە "ئامراز و هۆکارێکی نوێی گرنگە بۆ پێدانی ئەو خواردن و خۆراکانەی بۆ منداڵانی ویلایەتی ئەرکانساس پێویستیانە". ئەمەش نیشانی دەدات، کە ئامادەیە بەشداری لە بەرنامەی ئەم هاوینە بکات.

**دابەشبوون.. برسیبوون.. سیاسەتی حزبی**

بەپێی هەموو ئەو لێکدانەوە و شرۆڤە سیاسیی و ڕۆژنامەوانی و هەتا ئەکادیمانەی دەکرێن، ململانێی سیاسی، ڕکابەری لەهەڵبژاردن و ڕووداوە سیاسی و ئابووری و جەنگ و هەڵاوسانی ئابووری کاریگەرییان لەسەر چۆنیەتی بیکردنەوە و هەڵوێستی حزبە سیاسییەکان هەیە، لەهەمان کاتیشدا کۆمارییەکان و دیموکراتەکان دوو بەرنامە و میتۆد و تێڕوانینی جیاوازیان بۆ هاوکاری و پاڵپشتی خێزانی کەم دەرامەت هەیە. کۆمارییەکان هاندەرن نین بۆ دابینکردن و پەرەپێدانی بەرنامەی (ولفەر/ هاوکاری خێزان) و دیموکراتەکان لەم بوارەدا هاوکارن و پاڵپشتی خێزانە کەم دەرامەتەکان دەکەن. بۆیە کۆمارییەکان، بەردەوام ڕەخنە لە دیموکراتەکان دەگرن و بە (سۆشیال دیموکرات) و (چەپڕەو) و (هەندێکجار کۆمۆنیستیش) ناویان دەبەن. لەسەردەمی (باراک ئۆباما) ئەم ناکۆکیی و ئاماژە پێکردنانە زەقتر بوو، چونکە ئەو دەیویست پتر هاوکاری خێزانە کەم دەرامەتەکان بکرێت، کە لەکردەوەدا خێزانە ڕەشپێستەکانی پتر دەگرتەوە، کە خاوەنی داهاتی کەمن. ئەم دابەشبوونە پەیوەندیی بە میتۆدی بیکردنەوە و بەرنامەی جیاوازی حزبەکان و دابەشبوونی سیاسییەوە هەیە.

# ئایا ئەمەریکا پێویستی بە حزب و حزابەیەتی هەیە؟

(11)





https://www.google.com/search?q=Does+America+need+partisanship%3F

لە دوو هەفتەی ڕابردوو لە گفتوگۆیەکی پێچەوانە لە گۆڤاری (نیوزویک)ی ئەمەریکا دوو بۆچوونی دژ بەیەک و ناکۆک بڵاکرایەوە و بە پرسیارێک دەست پێ دەکات و دەپرسێت: ئایا لە ئەمەریکا حزبایەتی پێویستە؟.

ڕەنگە ئەم پرسیارە پەیوەندی بە خرِ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و گروپ و پێکهاتە و دەوڵەت و سیستەمە ئایدیۆلۆژییە جیاوازەکان و فکری سیاسی و شێوازی کاری سیاسەتیشەوە هەبێت.

(دێڤید فەریس) پرۆفیسۆر لە زانکۆی رووسەلڤت ئاماژە بە ململانێی نێوان (بایدن) و (ترەمپ) دەکات و دەپرسێت ئایا حزبایەتی بە مانای بەدڕەوشتی دێت و لەدرێژەی بۆچوونەکانی دەڵێت: حزبایەتی تەنیا کارێکی خۆبەخشی پەیوەست بەئامانج و بیروبۆچوونی حزبێکی سیاسی نییە. حزبایەتی بە هیچ شێوەیەک شتی نائاسایی و ژەهراوی تێدا نییە و لەکاتێکدا پسپۆرانی دروستکردنی دەستوور، کە بە دوژمنایەتی حزباتی بەناوبانگن، دەرکەوت بەشێوەیەکی گشتی سەبارەت بەڕۆڵی ئەم ڕێکخراوانە هەڵەبوون، نەک تەنیا لەسیاسەتی ئەمەریکا بەڵکوو لەبارەی دیموکراسییەتی سەرتاسەری دونیاش هەڵەبوون، هەریەکە لە (ڕوسل مویرهێد و نانسی ڕۆزنبلوم)ی زانا و پسپۆرانی بواری سیاسیەت ئاماژەیان بە حزبایەتی کردووە و پێناسەیان کردووە و بەوەی "توخمێکی دەرخەرە بۆ ناساندنی هاووڵاتیبوونی باش". ئەمەشیان بەستاوەتەوە بە "پابەندبوون بە فرەیی، داننان بە شەرعیەتی دژایەتی و ململانێ" و "پابەندبوون بە یاساکانی ڕکابەریی ڕێکخراو".

لە بەرانبەر ئەم لێکدانەوەشدا، کە پێچەوانەوەی بیرۆکە و بۆچوونەکانی (دێڤید)ە، (ویلەم کوپەر)ی نووسەریش ڕاشکاوانە دەبێژێت: کێشەی سەرەکی بیرکردنەوەی حزبی ئەوەیە، نادروست و هەڵەیە و بەبێ گوێدانە ئەوەی لە چ هۆزێکەوە هاتووە کار دەکات. ئەمەش لەسەرتاپای کاری سیاسیدا دەبێتە هۆی گەمژەییەکی گەورە، وەک ئەوەی باوەڕمان بەوە هەبێت، کە سەرۆکی پێشوو (باراک ئۆباما) لە کینیا لەدایک بووە، یان سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا (دۆناڵد ترەمپ) هاوپەیمانی لەگەڵ (ڤلادیمێر پوتین) سەرۆکی ڕوسیا هەبووە.




https://www.google.com/search?q=Does+America+need+partisanship

بینین بەچاویلکەی حزبی لەکردەوەدا دژە بەرهەمە، ئەگەر ئامانجت لێکدانەوەی وردی جیهان بێت، بۆ نموونە گەر پێت وابێت لە کردەوەیەکدا تەنیا نەتەوە و گرووپە سیاسییەکەی خۆت لەڕووی ئەزموونی بەکردەوە ڕاستە، لە دۆخێکی وەهادا زوومەکەی ئەم چاویلکە حزبییە زیادەیە. ئەگەر هۆزەکەشت لە ڕووی ئەزموونەوە هەڵە بێت، لەم دۆخەشدا زوومەکەی بەشێوەیەکی دیکە شێواوە.

لەوەسفی حزبایەتی لە کۆمەڵگەی سیاسی ئەمەریکادا (پۆپەر) دەڵێت: دژە حزبی بوون ڕێگایەکی ڕۆشنە. حووکمدانی هەڵەی حزبی زیاترە لەوەی تەنیا بابەتێکی دەروونی سەرنجڕاکێش، یان پرسیارێکی ئەکادیمی هاندەر بێت. سەپاندنی ئایدیۆلۆژیایەک وەک شتێکی فەرزکراو بەسەر دەرەنجامە هەڵەکانە لەجیهاندا، هەرگیز بە باشی بەڕێوە ناچێت، بە تایبەت لە دیموکراسییەکی نوێنەرایەتیدا زۆرجار ڕای گشتی سیاسەت وەکوو فەرهەنگ جێبەجێ دەکات. پێویستە بنەمای فیکریی حکوومەت، بنەمایەکی تەندروست بێت بۆ ئەوەی بە باشی کار بکات. کاری حزبی و شێوازی حزبایەتی لە ئەمەریکا لەچەندین هەڵە و شکستی بەرچاوی سیاسەتی گشتی بەشدار بووە.

(دەڤید فەریس) لەبارەی حزبایەتی و کاریگەریی لەسەر ژیانی سیاسی و کۆمەڵگە و بڕیارەکاندا دەڵێت: کێشەکە لە ئەمەریکا بەجۆرێکە، ئەو کێشەیە هەموو ڕۆژێک بەشێوەیەکی مەجازی نمایش دەکرێت و بەجۆرێک لە جۆرەکان کاریگەری لەسەر توانا و پێگەی کۆنگرێس هەیە. ئەوە نییە حزبایەتی دەکەن بۆ

جێبەجێکردنی ئەو بیرۆکە و سیاسەتانەی کە باوەڕیان پێیەتی، لەهەمان کاتدا ناتوانن بیشارنەوە ئەوان لەوەش دەگەن، کە سیستەمی سازشکردن لەپێناو بەڕێوەبردنی حکوومەتی ئەمەریکا کارێکی پێویستە بۆ ئەوەی بتوانین زۆربەی ئەرک و شتەکانیان ئەنجام بدەن، حزب چییەکان بەزۆری حزبەکەیان لەپێش هەموو شتێکەوە دادەنێن.

تەنیا سەیری هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی ٢٠٢٤ بکەن: پیاوێک هەوڵی ڕووخاندنی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی دەدات و خەریکە لەگەڵ کابرای دیکە یەک دەگرێتەوە، کە کێشەی تەواوکردنی ڕستەیەکی درێژتر لە چەند وشەیەکی هەیە. بەهۆی هێزی حزبایەتییەوە هەر لایەنێک پێی وایە بەڕاستی نوێنەرەکەیان کەسێکی گونجاوە بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆک. ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەوەیە سیاسەتی ئەمەریکا چۆن پتر بە حزبایەتی بەستراوەتەوە.

ئەمەی سەرەوە بۆچوونی دوو نووسەر و پسپۆرە، لەبارەی کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی حزب لەنێو کایەی سیاسی لە ئەمەریکا. منیش پێم وایە ئەمە سیستەمی دیموکراسی ئەمەریکای لە وڵاتەکانی دیکە جیاکردۆتەوە، چۆنیەتی ململانێ و ڕکابەری سیاسییە لەنێو حزبەکان و هەروەها لەنێو خودی حزبەکان لەکاتی هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی کۆنگرێس و ئەنجوومەنی پیران و سەرۆکی وڵات و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی، بەڵام لەم چوار ساڵەی دوایدا خەریکە ململانێکان ئاراستەی دیکە وەردەگرن و هێزی حزب وەکوو

بزوێنەرێکی نیمچە نەرێنی خەریکە دەچێتە نێو هەموو کایە جیاکان.

فشارە ئاشکراکانی دیموکراتەکان دژی (دۆنالد ترەمپ) هێندە زەقە، هیچ کەسێک و ناوەندێکی توێژینەوەی ستراتیژی و ڕاگەیاندن و سیاسی ناتوانێت ئەم ڕاستییە بشارێتەوە، کە ئەوەی ڕوو دەدات بریتییە لە ململانێ و فشاری حزبی لەپێناو فرێدانە دەرەوەی (ترەمپ) و لێ سەندنەوەی مافی خۆ کاندێدکردنی بۆ خولی ٢٠٢٤ی سەرۆکایەتی وڵات. لەهەمان کاتدا کۆمارییەکانیش پتر لە جاران وەکوو کاردانەوەی حزبی هەموو دەسەڵات و پێگەیەکی سیاسی و نوێنەرایەتی و فشارە هەمەجۆرەکان بەکار دەهێنن، بۆ سوکردنی پێگەی (جۆ بایدن) و پێناسەکردنی وەکوو کەسێکی بەتەمەنی کەم توانا و تووشبوو بەنەخۆشی لەبیرچوونەوە. ئەم ناکۆکیانە هێندە بەزەقی حزبایەتیان پێوە دیارە، ڕەنگە کەم جار لە مێژووی سیاسی ئەمەریکا هێندەی ئێستا ڕەوشە سیاسییە گشتییەکە و دیموکراسیەتی نوێنەرایەتی و هەڵبژاردن کەوتبێتە نێو بازنەی حزبایەتی و گومان و پێداچوونەوە.

لەڕاستیدا لەسەردەمی سۆڤیەتی پێشوو و دەسەڵاتی کۆمۆنیستی و دابەشبوونی دونیا بۆ سەر دوو جیهانی سۆسیالیستی و سەرمایەداری حزبایەتی و ڕێکخستن و ئایدۆلۆژیای حزبی دابەشی سەر ئەم دوو جیهانە ناکۆک و دژ بەیەکە بوو بوو. پرسیاری هەنووکەی بەردەم زۆر لە کۆمەڵگە جیاکانی دونیا ئەوەیە، ئایا لە ئەگەری دابەشبوونەوەی سەر لەنوێی جیهان بەسەر دوو، یان پتر لە دوو هێز و ناوچە و زلهێزی دونیا،

حزبایەتیش بەهەمان شێوە دەمێنێتەوە، بێگومان لە ئەگەری هەر گۆڕانکارییەک، شێواز و تەکنیک و مەرامی حزبایەتیش دەگۆڕێت و پێویستی بە نوێبوونەوە هەیە.
ئەمەریکا لەبەردەم ژمارەیەک ئەگەر و پرسیاری جددییە، ئایا (ترەمپ)یزم بۆتە فەلسەفە و ڕێگە و شێوازێکی تایبەت و نوێی ئەمەریکیی بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردن و ڕێکخستن و دیموکراسیەتی نوێنەرایەتی و حزبایەتی لەنێو خودی ئەمەریکا؟ ئایا بەڕاستی (ترەمپ)یزم وەکوو شێوازێک و تەکنیکێکی فکری و سیاسی کاریگەریی لەسەر ڕاگەیاندن و ژیانی سیاسی و سیاسەتکردن لە جیهان هەبووە؟ ئایا هەموو ئەندام و نوێنەرەکانی خودی حزبی کۆماری لە ئەمەریکا بەم شێوازە ڕازین و پاڵپشتی (ترەمپ)یزم دەکەن، یان لەنێو خۆشیاندا ناکۆکن و ترسیان لەگۆڕانکاریی و شێوازی کارکردنی (دۆنالد ترەمپ) هەیە؟ لەبەرانبەر ئەوانیشدا ئایا دیموکراتەکان دەتوانن لەپێگە و هێزی دەسەڵات و جەماوەری خۆیان بمێننەوە، بێ ئەوەی خۆیان لە (ترەمپ)یزم و نوێبوونەوە بپارێزن؟ ئایا ڕێگاکانی خۆ پارێزییان چییە؟
گریمانەکان و پێشگریمانەکان زۆرن، هەر کاتێک کۆمەڵگە هەنگاو بەرەو نوێبوونەوە دەنێت، حزبایەتیش پێویستی بە گۆڕانکاریی و نوێبوونەوە دەبێت. حزب لەپێناو چاککردنی کێشەکان و پێشکەشکردنی بەرنامەی فکری و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی خەبات دەکات، نەک بەپێچەوانەوە کێشەکان حزب چاک بکەن. لەهەنگاوی یەکەم حزب

دەستپێشخەر و پێشەنگ دەبێت، لەوەی دووەمیشیاندا حزب دوا دەکەوێت و ئیرادەی بڕیاری لاواز دەبێت.

پێشکەوتنی سیاسی هەر کۆمەڵگەیەک و زیندوویی فکری لەوە دایە، وەکوو ئەوەی لە ئەمەریکا و لە نێو گۆڤاری (نیوزویک) گفتوگۆی لەسەرکراوە، ئەوەیە ئایا حزبایەتی پێویستە بۆ ئەوەی کاریگەریی لەسەر کێشەکان و ململانێ و ڕووداوەکان هەبێت، یان لەبنەڕەتدا پێویستییەکانی بوونی حزب لەنێو کۆمەڵگە نەماوە؟!.

# سۆشیال میدیا و پێوەری دادپەروەرانە و نەمانی متمانە بە میدیای هەواڵ

(12)



https://www.google.com/search?q=Social+media+and+fair+criteria

پرسێکی گشتی باوی ئەم سەردەمە، کە بریتییە لە نەمانی متمانە لەنێوان بەکارهێنەرانی میدیا و میدیایی تەقلیدیی هەواڵ، ختووکەی زۆر کەس دەدات، ئایا بۆچی ڕاگەیاندن متمانە و هێزی بڕواپێهێنانی جارانی نەماوە، ئایا بەکردەوە میدیا بەشداری لەدارڕمانی فکر و قەناعەت و بیرکردنەوەی تاک و هاووڵاتی دەکات، یان ئەمەش بەشێکە لەدارڕمانی بەها و پێگە و بناغەی ئەو قەڵا بەهێزەی دەیان ساڵە لەنێو ڕاگەیاندن دروستکراوە. پرسەکە هەر تەنیا میدیای ڕۆژهەڵاتیی و وڵاتە دواکەوتووە داخراوە دیکتاتۆرییەکان نییە، نەخێر ئەڤرۆکە لەنێو ئەمەریکاش، کە پێشڕەوی ئازادی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە دەکات، دەگرێتەوە.


لەم ماوەیەدا بابەتێک لە (نیوزویک)ی ئەمەریکی بە زمانی بڵاوکراوەتەوە و نووسینی (نانسی کووپەر، سەرنووسەری گلۆبل)ە.

,Global Editor in Chief ,**What Is Fair** _( Nancy Cooper_ **Reporting? We Asked Our Readers to Tell Us** **,Published** Feb 16, 2024 at 1:07 PM EST **Updated** Feb 21, 2024,

https://www.newsweek.com/what-fair-reporting-we-asked-our-readers-tell-us-1871712 .)

لەم بابەتەدا باس لەتێکچوونی هەواڵ و نەمانی متمانە و دارڕمانی جەمسەرەکان و مافی هاووڵاتیان لەپشکنینی

دادپەروەرانەی ڕاپۆرتە هەواڵییەکان دەکات. ئەو ناوی لە بابەتەکەی ناوە (ڕاپۆرتکردنی دادپەروەرانە چییە؟ داوامان لە خوێنەرانمان کرد پێمان بڵێن).
ئەو کێشەی میدیای هەواڵی لەم سەردەمە بە سێ ڕەهەند دەبەستێتەوە، کە بریتین لە "قووڵبوونەوەی جەمسەرگیری، کەمبوونەوەی متمانە و دابەزینی زۆری بەشداریی خوێنەران". چارەسەریش لە "پێوەری دادپەروەریی" دەبینین. بەو مانایەی ڕێگە بە خوێنەران دەدرێت لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکەن، لەڕێی هەڵسەنگاندنی دادپەروەریانەی هەر بابەتێک بە ڕەچاوکردنی چەند پێوەرێک.




https://www.google.com/search?q=Social+media+and+fair+criteria

لەهەمان کاتدا ئەم نووسەرە کێشە و دەرد و پەتای نەمانی متمانە لەنێو میدیای هەواڵیی ئەمەریکا لەچەند بنچینە دیدێک کورت کردۆتەوە لەوانە:

**دیمەنی جەمسەرگیری و لەناوچوونی متمانە**

زیادبوونی جەمسەرگیری میدیا، لەم سەردەمە زۆر قەرزاری باڵادەستی سۆشیال میدیایە، هەرچەندە ڕووبەڕووبوونەوەکان و گرفتە سەختەکە پێش سۆشیال میدیا بە هەڵوەشاندنەوەی عەقیدەی دادپەروەریی لەساڵی ١٩٨٧ دەستیان پێکرد. ئەم سیستەمە سیاسەتێکی کراوەی هەبوو فەرمانی بەوەرگرتنی بۆچوون و لێکدانەوە جۆراوجۆرەکان دەکرد، بەمەش فرە بۆچوون و لێکدانەوەی لە ڕۆژنامەگەری چاپکراو مسۆگەر دەکرد و هاوسەنگییەکی فەرمی، کە دادپەروەریی و متمانە لەخۆدەگرێت، دروست دەکرد. لابردنی ئەم عەقیدەیە دادپەروەرییە یەکەم گۆڕانکاری بوو بەرەو ئەو شوێنەی ئەمڕۆکە تێی کەوتووین. لەپای ئەمە دەبینین تووشی چ دەردێک هاتوون و بووەتە هۆکار بۆ گێڕانەوەی میدیای توندڕەو و جەمسەرگیرتر لەجاران.
ڕاپرسییەکانی (گالۆپ) لەساڵەکانی ٢٠٢١ و ٢٠٢٢ دەری دەخەن تەنیا ٣٤%ی ئەمریکییەکان متمانەیان بە میدیای گشتی هەیە، لەگەڵ دابەشبوونێکی حزبی بەرچاو لەنێو میدیای ئەمەریکی هەیە. ٧٠%ی دیموکراتەکان لەبەرانبەر تەنیا ١٤%ی کۆمارییەکان متمانەیان بە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی گشتی ماوە.

بەپێی بۆچوونەکانی (نانسی کووپەر) ئەڤ مەسەلە گەلەک کوول و تەژی کێشەیە. وەرچەرخانێکە، متمانەی بە میدیای هەواڵیی بەرەو خوار بردووە، پەیوەندیی. ئەڤەژی پەیوەندی بە گۆشەگیرییەوە نییە، بەڵکو بەشێکە لە کات و سەردەمانێکی هەنووکەیی فرەکراوە، کە بۆتە ئەگەری شکاندنی متمانەی گشتی بە دامەزراوەکان و متمانە کەمبوونەوە، لەبەرانبەر ئەوەشدا زانیاری هەڵە بەزۆری لە سۆشیال میدیا بڵاو دەبێتەوە. ئەمەش وایکردووە ڕۆڵی میدیای بەرپرس لەگەیاندن و بڵاوکردنەوەی زانیاری دروست و بێلایەن لەهەموو کاتێک پتر لە داشکان و داڕزان بێت.

لەبەر هەندێ (نانسی) نایشارێتەوە و داوا دەکات پێویستە کاری جددی بۆ گێڕانەوەی متمانە بکرێت، ئەمەشی بەستاوەتەوە بەنێوەڕۆکی بەرهەمهێنانی خودی هەواڵەوە.

ڕەهەند و ڕووداوەکانی دوای ساڵی ٢٠١٦ ئامارژەیەکن گاڵتە هەڵناگرن سەبارەت بە دابەزینی پەیوەندی خەڵک لەگەڵ دەزگا هەواڵییە تەقلیدییەکان، بەتایبەتیش داتاکان لەبارەی گەنجەکانەوە ئەم ئامارژەیە باشتر پشتڕاست دەکەنەوە. گەنج بەگشتی پشتیان کردۆتە دەزگا تەقلیدییەکانی هەواڵ و بۆ وەرگرتنی زانیاریی و هەواڵ خوویان داوەتە سۆشیال میدیا و کەناڵە ئەلەکترۆنییە دیجیتالییەکان. ئەم گۆڕانکارییە کاریگەریی زۆری لەسەر پەیوەندیی نێوان دەزگاکانی هەواڵ و بینەر و بەکارهێنەرەکانیان و چۆنیەتی پاراستنی پەیوەندییەکانیان لەم سەردەمە دروستکردووە، کە بەسەردەمی دیجیتالی ناسراوە.

نووسەری ئەم بۆچوونانە دۆزە بنەڕەتییەکە بەم شێوەیە دیدگامەند دەکات:

**یەکەم:** خۆی لە پایەبەندبوون و قووڵکردنەوەی متمانە و بەرزکردنەوەی بەشداریی خوێنەران و بەکارهێنەرانی دەزگاکانی میدیا دەبینێتەوە، لەڕێگەی بەشداریی بینەرەکانیان لەهەڵسەنگاندنی ڕاستەوخۆی نێوەڕۆکی هەواڵەکان و ڕاپۆتە هەواڵییەکان.

**دووەم:** ئەم هەنگاوە ئامراز و کەرەستەیەکە، دەتوانێت سیستەمە تەقلدییەکە سەرلەنوێ بەپشت بەستن بەبنەچە و بنەمایەکی سەرنجدان و شرۆڤە و لێکدانەوەکان پێناسە بکاتەوە. ئەمەش بناغە و سیستەمێکی بەردەوام هەڵ دەبژێرێت بۆ ئەوەی خوێنەران بۆچوونەکانیان لەسەر دادپەروەری بابەتە بڵاوکراوەکان دەرببڕن، بەمەش دەتوانرێت شێوازێکی پتەوی کۆنکرێتی بۆ خوێنەران و بەکارهێنەرانی دەزگاکانی میدیای هەواڵیی دابین بکرێت بۆ ئەوەی یارمەتیدەر بن بۆ دارشتن و تیژکردنەوە و لەهەساندانەوەی بنەما ڕۆژنامەوانییەکان.

(نانسی پووپەر) ئاماژە بەهەندێک ژمارە و داتای دیکەی گرنگ وەکوو ئەزموندان و تاقیکردنەوەی بەکارهێنەرانی هەواڵ و بەکارهێنانی میدیای هەواڵیی دەکات و دەبێژێت:

هەندێک لەو شتانەی فێری بووین، پاش دانانی پێوەرێکی دادپەروەرانە، کە پشت بەپتر لە ١٠٠٠ چیرۆک بەستووە و ئەمەژی لەئەیلوولی ٢٠٢٣ جەڕباندووە. خوێنەران و بەکارهێنەران بەشێوەیەکی جددی و سەرسەختانە پێیان وایە

لەم بوارە ئێمە پێوەرێکی دادپەروەرمان بۆ هەڵسەنگاندنی شتەکان هەیە و لەکۆی زیاتر لە ٣٧٠ هەزار دەنگ، ٢٩٠ هەزار دەنگیان "دادپەروەرانە" بووە. ئەمەش ٧٨٪ی هەموو دەنگەکانەکان دەگرێتەوە، کە بەکردەوە ئەم ژمارەیە سەرسامی کردین، چونکە ئەرێنی و بەشداری ڕێژەی دەنگەکان زۆر بەرزە.
گومان نییە هەموو کەسێک ئەم بەشدارییە ناکات، لەکۆی ٢٢% یان چیرۆکێکیان بە نادادپەروەرانە زانیوە، ئەمەش پەیوەندیی بەلێکدانەوەی خەڵکەوە هەبووە، کە هەندێک پتر لایان وابووە و ئەگەری ئەوەیان داناوە، ئێمە بە چەپڕەو بزانن و ٦٪ی بەشداربووەکانیش گووتویانە چیرۆکێک مەیلی چەپڕەوانەی هەبووە و ٧٪یش گووتویانە زۆربەی کات بابەتەکان دادپەروەرانەن. هەرچەندە مەیلی چەپگەرایی و چەپڕەویی تێدایە. لەلایەکی دیکەشەوە ٤٪ی خوێنەران و بەکارهێنەران چیرۆکێکیان بەڕاسترەوانە زانیوە، لەگاڤێکدا ٦٪ی بەکارهێنەران بابەتەکەیان بەزۆری بە دادپەروەرانە زانیوە و بەڵام نایشارنەوە بابەتەکە مەیلی بیرکردنەوە و بۆچوونی ڕاسترەوانەی لەخۆگرتووە.
ئەوەی جێگەی سەرنجە لە گشتیان دادپەروەرانەتر چیرۆکی دادگایی (دۆناڵد ترەمپ)ە، لەبارەی ساختەدادگایی و دادگایەکی هەقیقی ٩٣٪ی بەکارهێنەرانی بابەتەکەمان و ئەوانەی دەنگیان داوە، بە هەواڵێکی دادپەروەرانەیان داناوە و هەڵسەنگاندیان بۆ کردووە.
چیرۆکێک، کە کەمترین مەیلی دادپەروەرانەی بەدەستهێناوە: بریتییە لە چیرۆکێک لەبارەی ڕکابەری مەلەوانی (ڕایلی

گەینز)، تەنیا ٪٢٧ی ئەوانەی دەنگیان داوە، بە دادپەروەرانە هەڵیان سەنگاندووە، ئەو بەکارهێنەرانەی دەنگیشیان داوە بەگشتی و زۆرینە پێیان وایە چیرۆکەکە مەیلی چەپڕەوانەی هەبووە و ٪٤٣ دەڵێن چیرۆکەکە نادادپەروەرانەیە و مەیلی چەپگرایی تێدایە. لەهەمان گاڤیش لەشرۆڤەکردندا ٪٢٥ی بەکارهێنەران گووتویانە بابەت و هەواڵێکی دادپەروەرانەیە، هەرچەندە مەیلی چەپڕەوانەشی هەیە.

ئامانج لەم بۆچوون و لێکدانەوانەیە، گێڕانەوەی متمانەیە لەنێوان بەکارهێنەران و دەزگاکانی میدیای هەواڵیی. لەڕێگەی بەکارهێنانی پێوەری دادپەروەرانە بۆ شرۆڤە و لێکدانەوە و ناساندنی هەواڵەکان.

ئامانجێکی دیکەی (نانسی پووپەر) بریتییە لە دیدگایەکی پتەو و گرنگ لەبارەی هەواڵ و چۆنیەتی دروستکردنەوەی پەیوەندییەکی متمانەدار لەنێوان بەکارهێنەرانی زانیاریی و هەواڵ و خودی دەزگاکانی میدیا تەقلیدییەکان، کە بریتین لە:

### گەڕاندنەوەی پەیوەندیی لەگەڵ هەواڵ، لەڕێگەی خاوەنداریەتی هەواڵ

تێپەڕینی کات لە قازانجی میدیای تەقلیدیی نییە و "سۆشیال میدیا و دامەزراوەکانی هەواڵ وەک مەکۆی گفتوگۆ و مشتومڕ لەبارەی هەواڵ و ڕووداوە هەنووکەییەکان، شتەکانی قۆرخکردووە".

یەکێک لە ئەگەر و بەرهەمە لاوەکییەکان دروستکردنی ژوورەکانی دەنگدانەوە و بڵاوکردنەوەی زانیارییەکانە. زۆرجار

لەپێناو دروستکردنی پەیوەندییەکی لاگیرانە و پاڵپشتی ئاراستەیەک لەڕێگەی پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکان و گرووپە جیاوازەکانەوە زەمینەسازی بۆ ئەو لایەنگرییە دەکەن. گەلێکجار نێوەڕۆک و بۆچوون و سەرنجە هەستیارەکان و مشتومڕەکان وەکوو کارێکی لەپێشینە وان، ئەمەش وەکوو سووتەمەنی بۆ گەرمکردنی "تووڕەیی بەشداریکردن" بەکار دەهێنرێت.

ئەم گۆڕانکارییەش کاریگەریی لەنێو ئەو گوتارە پێکهێناوە، کە کاتی خۆی تایبەتمەندییەکانی ڕەچاو دەکرا و هەیبوو، ژبەر هەندێ پێمان وایە پێوەرەکانی دادپەروەریی، دەستپێشخەرییە لەپێناو گەڕاندنەوەی بەشداری بەکارهێنەرانی دەزگاکانی میدیای هەواڵیی بۆ نێو سەکۆ و پلاتفۆرمەکانی هەواڵ.

ئەم توێژەرە میدیاییە لەبیری نەکردووە، کە بێ (لێپرسینەوە) کارێکی ئاسان نابێت، ئەو متمانە و بەشدارییە هاوبەشە لەنێوان بەکارهێنەرانی هەواڵ و زانیارییەکان و خودی دەزگا میدیاییەکانی هەواڵ دروست بکرێتەوە. بۆیە ئەو سەرنجەکانی لەم خاڵە کورت کردۆتەوە، کە دەڵێت:

### کۆتایی تاوەری عاج: بانگەوازێک بۆ لێپرسینەوەی گشتی

سیمای میدیای مۆدێرن پێویستی بە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی هەیە، لەچۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەزگاکانی هەواڵ لەبارەی (تێڕوانین و بەشداریکردنی خوێنەر و بەکارهێنەرەکانی). سەردەمی "تاوەری عاج"ی ڕۆژنامەگەری، کە

دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەدابڕان لە بینەر و خوێنەر و بەکارهێنەرەکانی خۆیانی دادەنێن، دیماهیی هاتووە.

نووسەر پێی وایە میدیا پێویستە بەرەو ڕەچاوکردنی گشتی بزڤڕیت. پێوەری دادپەروەری یەکێکە لەڕێگاکانی نیشاندانی ئەم ڕێبازە تازەیە و ڕێگە بە خوێنەر و بەکارهێنەرانی میدیا دەدات چالاکانە بەشداری لەداڕشتنی ئەو چیرۆکانە بکەن، کە ڕۆژنامەنووسەکانمان ڕاپۆرتیان لەبارەوە دروست دەکەن.

لە دیماهی ئەم بابەتە (نانسی کووپەر) سەرنجەکانی لەبارەی داڕمان و پووچانەوەی ئەم پەیوەندیی و کاریگەریانە دەبێژێت: پشتگوێخستن و نەبوونی شەفافیەت مەترسییەکی بەرچاوی دەگەڵ خۆیدا هێناوە، دابەزینی متمانەی گشتی و زۆربوونی بەشداری بەکارهێنەران بۆ دەستخستنی هەواڵ لەڕێی پلاتفۆرمە دیجیتالییەکان، پەرەسەندنی لایەنگرانی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا ئەو ڕاستییە پشتڕاست دەکەنەوە، وزە و سەرچاوەی ئەم گۆڕانکارییە خودی سۆشیال میدیایە. ئەڤ پاڵپشتی و بەکارهێنانی وزەیە وایکردووە ڕۆژ بەڕۆژ دۆزەکە توندتر بێت و ببێتە هەڕەشەش لەدژی بناغە و بنەماکانی کاری ڕۆژنامەگەری باوەڕپێکراوی متمانەدار.

ئەم سیستەم و پێوەرەی ناونراوە "دادپەروەریی" تەنیا فیدباک نییە، بەڵکو هۆکارە بۆ پەرەپێدانی شێوازی گفتوگۆ و لێکگەیشتن و لەهەمان گاڤیشدا ڕێز لەبۆچوون و لێکدانەوەکانی بەکارهێنەرە زیرەکەکانی میدیای هەواڵ دەگرێت و دان بەڕۆڵی ڕەخنەگرانەیش لەبنیاتنانی شێوازی کارکردنی ئەم ڕێبازە لەنێو میدیا دەنێت.

### ژمارەی بەکارهێنەرانی سۆشیال میدیا لە جیهان

بەپێی زانیاریی و داتاکان ٤.٩ بلیۆن کەس لەسەرتاسەری دونیا سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن و ڕەچاو دەکرێت ئەم ژمارەیە لەساڵی ٢٠٢٧ بگاتە ٥.٨٥ بلیۆن کەس. مانگانە ٢.٩ بلیۆن کەس فەیس بووک بەکاردەهێنن.

### ئەمەریکا و ژمارەکان

بەپێی داتا بڕواپێکراوەکان لە ئەمەریکا هەر کەسێک ٧.١ ئەکاونتی سۆشیال میدیای هەیە، لەکاتێکدا هەر کەسێک ٨.١ ئەکاونتی هەیە، بەرزترین ڕێژەی ئەم ئەکاونتانە لای تاکی هیندستانییە، کە گەیشتۆتە ١١.٥ ئەکاونت لای هەر کەسێک و نزمترینیشیان لای تاکی ژاپۆنییە، کە گەیشتۆتە ٣.٨ ئەکاونت.

### کاتی بەکارهێنان


بەشێوەیەکی گشتی هەر تاکێک ڕۆژانە لەجیهان ڕۆژانە ١٤٥ خوولەک سۆشیال میدیا بەکار دەهێنێت و تاکێکی ئەمەریکی ڕۆژانە دوو سەعات و حەوت خوولەک بەکاری دەهێنێت.
تەمەن. بەپێی تەمەن (١٨-٢٩ ساڵ) بەرێژەی ٨٤٪ و تەمەنی (٣٠-٤٩) ساڵیش بە ڕێژەی ٤١٪ و تەمەنی (٥٠-٦٤ساڵ)یش بەرێژەی ٧٣٪ و لە تەمەنی (٦٥ ساڵ) بەرەو ژوور، بەرێژەی ٤٥٪ سۆشیال میدیا بەکار دەهێنن. ( Belle Wong, J.D., Top

Social Media Statistics And Trends Of 2024, file:///C:/Users/M-Store/Desktop/Top%20Social%20Media%20Statistics)

مەبەستمان لەم ژمارانە بۆ ئەوەی ئەوە بزانین کە کاریگەری بەکارهێنانی سۆشیال و میدیا و ژمارەی بەکارهێنەران و تەمەنەکان لەچ ئاستێک دایە، ئەم بەکارهێنانە چەندە کاریگەریی لەسەر بەکارهێنان و شکان و داتەپینی میدیا و بەشداری بەکارهێنەرانی میدیای هەواڵیی هەیە و چەند کاریگەریی لەسەر پاشەکشە بە گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن و تێگەیشتن لەچۆنیەتی دروستکردنەوەی ئەو متمانە و پێگەیە دەبێت. ئەمە گفتوگۆ و دۆز و کێشەی هەموو جیهانە، وەکوو چۆن بۆتە مایەی گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە لەنێو ئەمەریکاش.

## بایدن و ترەمپ لەبەر هەندێک ئەنجام دەیانەوێت سەرۆکی وڵات بن

(١٣)




https://www.google.com/search?q=Biden+and+Trumpcartoon&sca

مەسەلەکە لێرە پێچەوانەیە کاندیدەکانی سەرۆکایەتی ئەمەریکا لەبەر هەندێک (هۆکار) نا، بەڵکو لەبەر هەندێک (ئەنجام) دەیانەوێت سەرۆکی وڵات بن و ڕکابەرەکەیان بخەنە گۆشەیەک، مایەی بەزەیی بێت. ئەم ئەنجامەیە وایکردووە سەرتاپای پرۆسەی بانگەشەی هەڵبژاردن و دەنگدان و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و ئەنجامەکان جیاواز بن. بێگومان هیچ گریمانەیەکی بەراوردکاری لەگەڵ هەڵبژاردنی بەرپرسەکانی ڕۆژهەڵات و وڵاتێکی وەکوو ڕوسیا و چین و حکوومەتەکانی ئاسیا و ئەفریقیا ناکەین. ئەنجام لای (ترەمپ) ئەوەیە سەرۆکی ئێستای ئەمەریکا خراپی کردووە، توانای عەقڵی و بیرهاتنەوەی لاوازە، ئابووری وڵات و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی تێکداوە. (بایدن)یش لەو ئەنجامە دەدوێت کە سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا (ئاژاوە دەگێڕێت و شەڕانگێزە و هەڕەشەیە بۆ سەر دیموکراسی). ئەمانە ئەنجامن، هۆکار نین. لەم گفتوگۆیەی لە شەوی پێنجشەممەی ٢٧حوزەیرانی ٢٠٢٤ کردیان، قسەیان هەمووی لەسەر ئەنجام بوو.

یەکەم دیدارە میدیاییەکەی نێوان (بایدن) و (ترەمپ) قسەکردن و هێرش و ڕەخنەبوو لەسەر ئەنجامی سیاسەت و ئیدارە و کێشە و قەیرانە جددییەکانی نێو ئەمەریکا و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کێشە و قەیران و وڵاتەکانی دونیا. (ترەمپ) لەبەر هەندێک لەو ئەنجامانەی (بایدن) پێی گەیشتووە لەبارەی (هەڵاوسانی ئابووری، ستراتیژی هاوکای جەنگی ئۆکرەین، ململانێ لەگەڵ چین، قسەکردن لەسەر مافی لەباربردنی کۆرپە و تێڕوانینە جیاوازەکان و کێشەی کۆچبەران و کۆنترۆڵی سنووری

مەكسیكۆ... تاد) وەكوو ئاگر ڕەخنەی دەگرت، هێندەی هێرشكردە سەر ئیدارەی (بایدن)، هیچی تێدا نەهێشتەوە. وایلێهات ڕۆژنامەنووسێک لەیەكێک لەكەناڵە ئەمەریكییەكان بێژێت "قسەكانی (ترەمپ) وەكوو زبڵ و خاشاک بوون".



https://www.google.com/search?q=Biden+and+Trumpcartoon&sca

(ترەمپ) ڕەخنەی توندی لە (بایدن) گرت و بە فاشل وەسفی كرد، (بایدن)یش پێی گووت درۆ دەكات و شتەكان بەم جۆرە نییە. ئەمەش لەئەنجامی ئەو ئەنجامە دێت كە لەچوار ساڵی ڕابردوو لەنێو بازنەی ململانێیەكی توندا دەخوولێتەوە و (ترەمپ) لەهەمان گاڤدا دەیەوێت ئەنجامێكی جیاوازتر لەواقیعی ئێستا بەدەست بهێنێت، كە چوار ساڵە بەردەوام

لەبەردەم دەرگای دادگایە و ڕاگەیاندن ئەویان کردۆتە کارەکتەرێکی تاوانبار.
لەڕاپرسییەکی کەناڵی (ئەی بی سی) ئەمەریکی لە یەکەمین ڕۆژی دوای دیدارەکە دەرکەوتووە ٣.٦ لە هاووڵاتیانی بەشدار لە ڕاپرسییەکە (ترەمپ)یان بە سەرکەوتووتر داناوە و ١.٩٩ش (بایدن)یان پێ سەرکوتوو بووە. ئەم ژمارانە لەکردەوەدا نیشانە و هێمان بۆ ئەنجامێکی خراپ بۆ دیموکراتەکان و بە هەقیقیش ڕەنگدانەوەی مەزاج و هەست و بیروباوەڕی هاووڵاتیانە.
لەڕاستیشدا بەپێی لێکدانەوەی هەموو ڕاگەیاندنەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا، (ترەمپ) توانی باشتر و گونجاوتر لە (بایدن) لەئامانجەکانی نزیک بێتەوە.
بازاڕی میدیای ئەمەریکا لەدوای ئەم گفتوگۆیە ڕووبەڕووە گەرمە، لەڕوانگە و سەرچاوەی جیاوازەوە هەڵسەنگاندن بۆ دەرەنجامی شێوازی گفتوگۆ و زانیاریی و گوتار و توانای هەر یەکێک لەم دوو کاندێدە لە دیدارەکە دەکەن، هەموویان کۆکن، تەنیا خودی حزبی دیموکراتیش ئەوە ناشارێتەوە کە ترسیان هەیە (بایدن) لە دیماهی شەرمەزاریان بکات و کۆشکی سپی بۆ پاساوهێنانەوە گووتیی"بایدن لەکاتی دیبەتەکەدا سەرمایی بوو بوو".
(بایدن) هەفتەیەکە ڕاهێنانی بۆ ئەم دیدارە ڕاستەوخۆیە کردووە، بەڵام وەکوو ئەوە دەرنەچوو، کە دیموکراتەکان دەیانووسیت. لەهەمان کاتدا لەکردەوەدا "ترەمپ وەکوو مۆتەکەی بایدن دەردەکەوت".

ئەگەر بەم شێوەیە بڕوات، (ترەمپ) دەتوانێت لەم پیاوە (پیرە، خەوتە بباتەوە. هەموو جارێک (ترەمپ) بەم شێوەیە وەسفی دەکات). بڕان لەقسە و وەستان لەناوەڕاستی قسەکردن، وەکوو نیشانەیەکی لاواز و خراپی (بایدن) وەسف دەکرێت، لەکردەوەشدا ئەنجام گرنگە، قسەکردن لەسەر ئەنجامەکان گرنگە. ڕۆژێک دوای دیدارەکە (بایدن) لەکۆبوونەوەیەکی جەماوەری گووتی: "من دەزانم چۆن شتەکان بەڕاستی و دروستی بڵێم، مەبەستی ڕاستگۆیی بوو". ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی (ترەمپ) پیاوێکی درۆزنە و قسەی ڕاست ناکات و چەند جارێکیش لەگفتوگۆ و وەڵامی پرسیارەکاندا، (ترەمپ) زانیاریی هەڵەی لەبارەی کۆچبەران و کوشتنی منداڵ لەلایەن دیموکراتەکانەوە بەسەر زاریدا هات.


لەنێو دیدارەکەدا (بایدن) ئەو کاتەی لەبارەی تەندروستی دەئاخڤێت، قسەکانی پچڕان و وەستانی تێدابوو، (ترەمپ)یش زیرەکانە وەکوو قسەکەرێکی شارەزا، کە زۆر حەزی لە نمایش و کاری تەلەڤزیۆنییە، گووتی "هیچ لە دواین ڕستەکانی (بایدن) نەگەیشتم". ئەم پلارە بۆتە خاڵێکی زۆر لاوازی (بایدن).

لەیەکەم ڕۆژی دوای دیدارەکە لەکۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا (ترەمپ) دەبێژێت: "بایدن هەفتەیەک ڕاهێنانی کرد، بەڵام نازانێت چی دەکات و دەڵێت". شەڕەکە بە قسە و گفتوگۆ و زار و بڵاوکردنەوەی زانیاریی لەدژی یەکترە و ئامانج قسەکردنە لەسەر ئەنجامەکان بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامێکی نوێ کە بریتییە لە (بردنەوە و دۆڕان). ئەمە نەریتێکی باوی سیاسی و دەستوورییە لە ئەمەریکا پەیڕەو دەکرێت، کاندێدەکان قسەی

خۆیان دەکەن، دەچنە ناخی هەموو شتێک، ڕەخنەدەگرن، بەرنامەی خۆیان و ئەفکار و بۆچوونەکانیان دەبێژن و لەهەندێک بواردا گاڵتە و نوکتە و قسەی ڕەق و نەشیاویش دەکەن، بەڵام سنووری یاسایی نابەزێنن. واتا ناگاتە ئەوەی وشە بگۆڕن بۆ هێز، ئەوان پشت بە هێزی وشە و گوتارێکی بەهێزی بەکردەوەی کاریگەر و نمایشێکی سەرکەتوو لەپێناو بەدەستهێنانی متمانە دەبەستن بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کەسایەتی شیاو و سەرکەوتوویان هەیە، ئەمەش لەکردەوەدا گوتاری قسەکردنە لەبارەی ئەنجام بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامێکی دیکەی باشتر و کاریگەرتر، کە ئەویش بردنەوەیە.

# میدیای ئەمەریکی: کاک بایدن پیاوی چاکبه واز بێنه!!

(13)




دوای یەکەم دیداری ڕاستەوخۆی نێوان (بایدن) و (ترەمپ) لەجیاتی ئەوەی دیموکراتەکان (ترەمپ)ی شەڕاوی ئاگر بدەن، خەریکە بەهۆی لاوازیی و سستی و لە وزە کەوتنی (بایدن)ە فەندی ئاگرەکە خۆیان بگرێتەوە. مەبەستم ئاگری (کۆکردنەوە و لەدەستدانی دەنگدەرە).

ئێستا گفتوگۆ و ئەگەر و مەگەر کەوتۆتە نێو خودی حزبی دیموکرات و قسە لەسەر ئەوە دەکەن، ئایا پێویستە (بایدن) لەهەڵبژاردن خۆی بکێشتەوە، یان مانەوەی کارێکی پێویستە؟ لەئەگەری نەمانی چ جۆرە ئاژاوە و گرفت و قەیرانێکیان تووش دەبێت؟.

لێدوان و زانیاریی و لێکدانەوە و گوتاری هەمەجۆر لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەمەریکا لەبارەی گوتاری هەردوو کاندێد بڵاو دەکرێنەوە. بەرپرسانی هەڵمەتی هەڵبژاردنی (بایدن) ڕایانگەیاندووە، کە "هیچ ئاژاوەیەک ڕوونادات و کشانەوەی (بایدن) وا دەکات بەلاوازی ڕووبەڕووی (ترەمپ) ببینەوە". (ڕۆب فلاهیرتی) جێگری هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی (بایدن) بە کەناڵی (ئەی بی سی) گوتووە: "کشانەوەی بایدن باشترین ڕێگەیە بۆ ئەوەی ترەمپ بباتەوە و ئێمەش بدۆڕێین". واتا لایەنگرانی و ستافی کاری سەرۆکی ئەمەریکا دەیانەوێت کشانەوەی کاندێدی دیموکراتەکان بە دۆڕان بەرانبەر (ترەمپ) ببەستنەوە، لەکاتێکدا دیموکراتەکان چەند ساڵێکە هەموو توانای خۆیان بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی ڕێگەی خۆ کاندێدیی لەسەرۆکی پێشووی ئەمەریکا بگرن و دادگا سزایەکی بدات بیکاتە پەندی مێژوو. بۆ بەختی دیموکراتەکان دادگا ڕۆژی

دووشەممە ١ی تەموزی ٢٠٢٤ بڕیاری "هەڵنەگرتنی پارێزبەندی لەقازانجی (ترەمپ) دا. هەرچەندە لەسیاسەت شتی چاوەڕوان نەکراو زۆرە.




https://www.google.com/search?q=Biden+and+Trumpcartoon&sca

دۆزەکە هەنووکە گەیشتۆتە شوێنێک، دیموکراتەکان وەکوو ئەوەی مسۆگەر بن (بایدن) ناباتەوە، هەندێکیان بەنیگەرانییەوە داوای گۆڕین و خۆکشانەوە لە (بایدن) لەڕکابەری هەڵبژاردن دەکەن.

ڕۆژنامەی (نیۆیۆرک تایمز) لە هەڵبژاردنی ٢٠٢٠ پاڵپشتی (بایدن)ی کرد، هەنووکە ڕاشکاوانە داوای کردووە و دەبێژێت: "سەرۆک بایدن، سەرۆکێکی یەکجار باشە، بەڵام گەورەترین

خزمەت ئەوەیە بەڕێز بایدن ڕای بگەیەنێت، لەخۆ کاندێدکردن بەردەوام نابێت".
سەرۆکی ئەمەریکاش پێداگرە لەسەر بەردەوامبوونی لەململانێ و ڕکابەری گووتیەتی: "ئەگەر نەزانم دەبەمەوە، خۆم هەڵ نەدەبژاردەوە".
لە ڕاپرسییەکی (Morning Consult ) کە ماڵپەڕی (ئێکسیوس) بڵاوی کردۆتەوە لە ٦٠٪ دەنگدەران پێیان وایە باشترە (بایدن) بکشێتەوە. دەبێت ئامارژە بەوەش بکەین لەکۆی ٤٠٠٠ ئەندامی کۆنگرەی دیموکراتەکان ٣٩٠٠ ئەندام پاڵپشتی خۆ کاندێدکردنەوەی (بایدن)ی کردووە، ئەمەش وایکردووە لەڕووی دەستووری حزبییەوە (بایدن) دەنگی لەتێری بێت و پێداگربێت لەبەردەوامبوون و دوای دیدارەکەش کەوتنە بەر ڕەخنە لەئەنجامی خراپیی گفتوگۆ و شێوازی مردوو و ساردوسڕی نێو دیدارە راستەوخۆکە، بەدەنگێکی بەرز گووتی: "گوێ بگرن بەردەوام دەبم" و خێزانەکەیشی هانی دەدەن بەردەوام بێت. ئەو وەکوو ئەوەی داکۆکی لەخۆی بکات و هەست بەلاوازی خۆشی لەهەمان کات بکات، دەبێژێت "وەکوو پێشوو سارد نابم، بەڵام دەزانم چۆن هەقیقەت بڵێم".
بەو واتایەی خۆشی دەزانێت شێوازی ڕاپەڕاندنی گوتارەکەی، تەکنیکی دەربڕین و گوزارشت و خستنەڕووی بابەت و ساخکردنەوەی شتەکان لاوازتر لەلاواز بووە، بەڵام ئەو دەیەوێت ئامارژە بە ئەخلاق و ڕاستگۆیی بکات و بە ڕای گشتی ئەمەریکا دەڵێت: ئەو لای گرنگە "درۆزن نەبێت" و "هەقیقەت بڵێت".

گوتاری (ترەمپ) پشت بە "هێرش، بڕوابەخۆبوون، خۆڕاگری، هەڵسانەوەی ئەمەریکا، شانازیی کردن بەوەی ئەمەریکییە" دەبەستێت. ئەو هێرشبەرە و گوتاری (بایدن)یش "داکۆکیی لەخۆی و کارەکانی و شیکردنەوە و گوتنی هەقیقەتە و داکۆیییە لە خۆی و کارەکانی" و وەکوو پێویست بەهێز نییە تا دەڵێت: "دەتوانم ڕاستی لە هەڵە جیابکەمەوە، دەتوانم کاروبارەکان دەستەبەر بکەم، دەزانم چۆن شتەکان ڕاپەڕێنم، میلۆنان ئەمەریکیی ئەوە دەزانن کە کەوتیت سەرلەنوێ هەڵ دەستیتەوە".

مەبەستم شێواز و تەکنیکی گوتاری ئەم دوو لایەنە دیموکراتەکان و کۆمارییەکانە، بێگومان هیچ کاتێک هێز و لۆژیکی گوتاری لایەنێک کە دەسەڵاتی بەدەستەوە بێت، وەکوو هێز و لۆژیکی گوتاری ئەو لایەنە نابێت، کە لەدەرەوەی دەسەڵاتە و لایەنێکە دەیەوێت شوێنی حزبە ڕکابەرەکەی لەدەسەڵات وەرگرێت. لاوازی سەرۆکی هەنووکەی ئەمەریکا هەر تەنیا لەلاوازیی و داوەشانیی و پچڕپچڕی قرچۆکی لەقسەکردن و خاوەخاوی قسەکانی نییە، بەڵکو ناتوانێت وەکوو پێویست داکۆکی لە دەستکەوتەکانی چوار ساڵی حووکمڕانی خۆشی بکات. ناهەقیش نییە خەریکە لەنێوەخۆی دیموکراتەکانیش گومان دروست دەبێت و فشاری دژ دروست دەکەن، ئەو ڕۆژنامە و میدیایەی پێشتر پاڵپشتیان کردووە، نووکە دەبێژن "سەرۆک چەندە باشیش بیت، وازبێنە، پیاوی چاک بە".

دەتوانم بڵێم، سەرۆکی ئێستای ئەمەریکا لەبەردەم ڕەشەبایەکی تووندی ڕەخنەیە، گومانی زۆری خستۆتە سەر توانا

و لێهاتوویی خۆی لە ڕاپەڕاندنی گوتارە سیاسییەکەی لە پرۆسەی هەڵمەتی هەڵبژاردن. گوێگرتن لە خەڵک سەرکەوتنە، نەک گوێگرتن لە ئامانجی کەسی و حەز و خواستی خۆت، تەنیا متمانە بەخۆبوون نابێتە پاڵپشت بۆ سەرکەوتنی گوتارێکی بێهێز. ڕاستە ئەو بکەوێت دەتوانێت هەڵستێتەوە، بەڵام ناتوانێت جارێکی دیکە ڕکابەری هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکا بکاتەوە. کەوتنی ئەو کەوتنی ئەمجارەی دیموکراتەکانیشە، دەبێت چوار ساڵی دیکە چاوەڕێ بن. گریمانەی ئەوە دەکرێت بردنەوەی (ترەمپ) ببێتە فروانبوونی سیاسەت و فکرە و بۆچوونەکانی (ترەمپ)یزم لەسەرلەنوێ پێداچوونەوە بەپەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و پێکهاتە نێوەخۆییەکانی ئەمەریکا و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ململانێ جیهانییەکانیش.

# لە چرکەی تەقەکردنەکە، ((ترەمپ)) دەبێتە هێمای بەرەنگاربوونەوە..!

(14)




https://www.google.com/search?q=In+the+moment+of+the+shooting%2C

له ئێوارەی ١٣ تەموزی ٢٠٢٤ له كۆبوونەوەیەكی جەماوەری له شاری (باتلەر) له ویلایەتی پەنسلڤانیا (دۆنالد ترەمپ)ی سەرۆكی پێشووی ئەمەریكا و ڕكابەری (جۆ بایدن) بۆ سەرۆكایەتی ئەمەریكا له كردەیەكی تیرۆر بەرێككەوت ڕزگاری بوو. تەقەكە بە ئاستەم سەری گوێی ڕاستی گرت و هەندێك خوێن پەڕییە سەر دەموچاوی و هێزی پاراستن یەكسەر خۆیان بەسەر (ترەمپ) دادا، بۆ ئەوەی لەمەترسی تەقەكردنی دیكەی قەناس بەدەستەكان بیپارێزن. ئەوەی ڕوویدا ئاسایی نییە، بەشێكە له بەكارهێنانی توندوتیژی سیاسی.

له دیداری یەكەم له (بایدن) باشتر بوو، ئەمەش وایكرد پێگەی جەماوەریی بەرز بێتەوە و لەهەمان كاتدا ناكۆكیش بخاتە نێو خودی حزبی دیموكرات، كار گەیشتۆتە ئەوەی گفتوگۆ لەبارەی توانا و بێ توانایی نوێنەرەكەیان بۆ كاندیدی سەرۆكایەتی ئەمەریكا بكەن، لەكردەوەدا ئەم تەقەكردنەش قووڕەكە خەستر دەكاتەوە، نزیكەی چوار ساڵه دەیانەوێت لەڕێگەی دادگا (ترەمپ) فڕێ بدەنە دەرەوەی مێژووی سیاسی، ئەوە غافلكوژیشی هاتە سەر.

ڕووداوەكە زۆر له فیلمی سینەمایی هۆلیۆد دەچێت، ئەمە مادەیەكی گرنگی فیلمێكە و دوور نییە لەئاییندەیەكی نزیك چیرۆكی (ترەمپ) و (ترەمپ)یزم و چیرۆكی دادگایی و پارە و ئابڕووچوونەكان و ڕەفتارە كۆمیدیی و سەرنجڕاكێشەكانی و ئەم كردە تیرۆریستییە وەكوو ڕووداوێكی مێژوویی هاوچەرخی ئەمەریكا بكرێتە فیلم.

لەو چرکەیەی تەقە لە (ترەمپ) کراوە، میدیاکانی ئەمەریکا قسە دەکەن و شیکاری دۆخەکە و هۆکار و کاردانەوە و ئەنجامەکان دەکەن. (بایدن) پەیوەندیی بە (ترەمپ) کردووە و قسەی لەگەڵ کردووە و گووتی: سوپاسگوزارم کە سەلامەتە و نزا بۆ خۆی و خێزانەکەی و هەموو ئەوانەی لەگردبوونەوەکە ئامادەبوون، دەکەم. گووتیشی (من و جێلی هاوسەرم) سوپاسی دەزگای نهێنی دەکەین، کە کاریبوون (ترەمپ) بگەیننە شوێنێکی سەلامەت و پارێزراو. بەیانی و دووبەیانی کاردانەوەکان پتر دەبن، کێشەکان قووڵتر دەبنەوە و دوور نییە ئەم غافلکوژییە بەخێر، خێرێکی رەچاونەکراو بۆ (ترەمپ) بگەڕێتەوە و کێرڤی لایەنگرانی بەرز بکاتەوە و کۆمارییەکان، کە دەبێت لە کۆنفراسی خۆیان دوا بڕیار لەبارەی کاندێدەکەیان بدەن، بە هێز و گوڕێکی پترەوە پاڵپشتی نوێنەرەکەیان بکەن.

هەر دوای ڕووداوەکە (ترەمپ) لەڕێگەی تروس سۆشیال میدیا لە بروسکە گوتارێکی کورت قسەی بۆ لایەنگرانی خۆی کرد و گووتی: "لەتەک سوپاسی هێزی نهێنیی، سوپاسی جێبەجێکردنی یاسای بەم شێوەیە خێرایە دەکەم، سەرباری هاوخەمیم بۆ ئەوانەی بوونە قوربانی و برینداربوون. خەمتان نەبێت دەچمە (میلواکیی) بۆ بەشداری لە کۆنفرانسی نیشتمانی کۆمارییەکان".

دوای ئەوەی لەفیشەکێکی قەناس بەدەستە بکوژەکەی ڕزگاری بوو، لەیەکەمین کاردانەوەدا کە هێشتا لەژێر هێزی نهێنی پارێز، قیت کرایەوە و خێرا مشتی گوشراوی خۆی بەرزکردەوە و قسە کرد. ئەمەش وەکوو هێمایەک بۆ بەردەوامی و خۆڕاگری بوو. ئەم مشتە کوشتراوەی، کە بەرزی کردووە، دەمێکە وەکوو "هێما و

نیشانەی بەرەنگاربوونەوەی ستەم، یان دەسەڵات و نیشانەی سەرکەوتن" بەکاردێت. وێنەگرێک لەم ساتە وەختەدا، لەم چرکە مێژووییەدا وێنەیەکی پیاوە ڕزگاربووەکە لەمردنێکی هەقیقی دەگرێت، کە (ئاڵایەکی ئەمەریکا لە پشتی هەڵواسراوە) و ئەم وێنەیە بەرپەڕ و ماڵپەرەکانی سۆشیال میدیای داگیرکرد، وەکوو لافاو بڵاوبۆوە. گۆڤاری بەنێوبانگی (نیوزویکی) ئەمەریکی ئاماژەی بەم حالەتە کردووە. (جۆنیۆر دۆنالد ترەمپ) بڵاوی کردەوە کە "هەرگیز لە شەڕکردن بۆ ڕزگاری ئەمەریکا ناوەستێت" و (ئێریک ترەمپ)یش کە وێنەکەی لە (ئێکس) بڵاوکردۆتەوە، نووسیویەتی "ئەمە ئەو شەڕەیە، کە ئەمەریکا پێویستییەتی".

دوو ڕۆژی دیکە کۆنفرانسی نیشتمانی کۆمارییەکان دەست پێ دەکات و بێگومان ئەمە دەبێتە دەرفەتێکی زێڕین تاکوو (ترەمپ) بە گوتاری ئاگرین سۆز و عەقڵ و دڵی لایەنگرانی پارتی کۆماری پتر بەلای خۆیدا ڕابکێشێت.


لەڕاسیدا تەقەکردنەکە دوور نییە (ترەمپ) بکاتە هێما و نیشانەیەکی سیاسی بەهێز بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیموکراتەکان، یان ببێتە پاڵەوانێکی ڕاستەقینە و گوتاری (ئەمەریکا لە ستەم و زۆرداری دیموکراتەکان) ڕزگار بکەن، فراوانتر بکرێت.

هەڵبڕینی دەستی بەم شێوەیە، وەک ئایکۆن و هێمایەکی بەهێز بۆ ڕەتکردنەوەی سیاسەتی (بایدن) و سەرکەوتن بەکاردێت. دوورنییە ڕووداوێکی لەم جۆرە خزمەتێکی زۆری (ترەمپ) لە زۆر

بواری وەکوو کێشەی دادگا و بەدەستهێنانی متمانەی تەواوی کۆمارییەکان و ڕاکێشانی پتری دەنگدەر بکات.
(بایدن) لە یەکەمین کاردانەوەدا گووتی "با هەموومان لەپێناو بەهێز هێشتنەوەی ئەمەریکا یەکدەنگ بین" و نزیکەکانی (ترەمپ)یش دەڵێن (ئەمە ئەو شەڕە پێویستەیە، کە (ترەمپ) لەپێناو ئەمەریکا دەیکات". غافلکوژییەکە هێزی پتر دەداتە (ترەمپ) بۆ ئەوەی گوتاری هێرشبەر و تێکشێنەری بە خورتر ڕاپەرێنێت و ئەمە (بایدن) دەخاتە کەشێکی خراپ، کە دەبێت هێزی داکۆکی و ڕوونکردنەوە و ڕەتکردنەوەی توندوتیژی سیاسی زۆرتر بکات، لە هەڵبژاردنیش هەڵبژاردنی هێزی داکۆکی جۆرێکە لەمردن و دۆڕان.

**((بایدن)): ئەگەر خوا داوام لێبکات، دەکشێمەوە**

(15)




https://www.google.com/search?q=Biden+cartoon&sca_esv=f4be2

بەپێی هەواڵەکانی نێو ئەمەریکا نێو ماڵی حزبی دیموکرات بەرەو ناکۆکی و بیروڕای جیاواز دەچن لەبارەی مانەوەی (بایدن) وەکوو کاندێدی سەرەکی ڕکابەری (ترەمپ). ئەویش پێداگرە و بەدەنگی بەرز دەبێژێت: "نەخێر، من دەتوانم و توانام هەیە، ئیلا و بیللا (ترەمپ) دەبەزێنم!". لە کردەوەدا ڕکابەرەکەشی پێداگرە و پێی خۆشە (بایدن) وەکوو ڕکابەر بمێنێتەوە، چونکە پێی وایە و وای مەزەندە کەن بردنەوە و سەرکەوتنی لەکاتی مانەوەی (بایدن) مسۆگەرتر دەبێت. قسەی نیمچە فەرمی و نافەرمی ئەوەیە، کە هەندێک لە دیموکراتەکان بەئاشکرا داوایان لە (پیرە بایدن)ی کەموزە لە بیرهاتنەوە) کردووە، شەرم نەکات و دەست لە خۆ کاندێدکردن بکێشێتەوە.

ڕاپرسییەکان بەشێوەیەکی گشتی ئەوە نیشان دەدەن، کە (ترەمپ) لەپێشەوەیە، تەقەکردنەکە پێگە و لایەنگری (ترەمپ)ی لەنێو حزبی کۆماریی یەکلاکردەوە و بێ ڕکابەر، بێ نقە و بە پشتگیرییەکی بەهێز و دژە کردەوە گووتیان بەڵێ ئەمە سەرۆکی ئایندەیە. ئەویش "پێشوازی لە بڕیاری کۆنگرەی حزبەکەی کرد و قبووڵی کرد کاندێد بێت" وەکوو ئەوەی چوار ساڵە (ترەمپ) کار بۆ ئەم چرکە ساتە نەکات!! هەندێک جار سیاسەت کۆمیدیایەکی ڕەشە، پڕە لە نوکتەی سەیر و بێ زەوقیش و لەتەک ئەوەشدا (جی دی فانس)ی گەنجێکی ٣٩ ساڵی بۆ یەکەمجار لە مێژووی سیاسی ئەمەریکا وەکوو جێگری خۆی بەربژێر کرد. ئەمە دیموکراتەکانی تووڕە کردووە، گۆیە جێگرەکەی کەسێکی ڕاسترەوە.




https://www.google.com/search?q=Biden+cartoon&sca_esv=

کات کەم بۆتەوە و دیموکراتەکان دەبێت یەکلای بکەنەوە (بایدن)، یان کەسێکی دیکە هەڵدەبژێرن. دوور نییە بەمانەوەی (بایدن) لە ڕکابەرییەکە نەک (ترەمپ) بباتەوە، لەوانەیە لە کۆنگرێس و ئەنجوومەنی پیرانیش دەنگەکانیان کەم بکات، ئەو کاتە پارسەنگی هێز و بڕیار و دانانی یاسا هەمووی دەکەوێتە دەست کۆمارییەکان و بەکردەوە (ترەمپ) ئەگەر دەرچێت دەبێتە (پاشای ئەمەریکا)، بەڵێ بۆ چوار ساڵی بانگی دەکەن (پاشا ترەمپ!!) و (ترەمپ)یزم دەبرێتە قۆناغێکی باڵاتر و نەک هەر


لەناوەخۆی ئەمەریکا، لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیش ڕەنگە شتی چاوەڕوان نەکراو بهێنێتە پێشەوە.
کەناڵی (سی ئێن ئێن) ئەمەریکی ئاشکرای کردووە هەولی غافلکوژییەکەی دژ بە (ترەمپ) دەستی ئێرانی تێدابووە، ئێرانیش ئەمەی ڕەتکردەوە. ئێمە دەزانین ئێران پێیان خۆشترە (بایدن) و دیموکراتەکان دەسەڵاتیان پتر بێت و براوەبن، چونکە سوود لەسیاسەتی دیپلۆماسی و تێڕوانینی ئەوان و درێژەدان بە هەنگاوەکانی (ئۆباما) وەردەگرن، بۆ چارەسەری کێشەکان، بەڵام (ترەمپ) پێشتر و ئێستاش نایشارێتەوە ئەو دژی سیاسەت و ڕەفتاری ئێرانە، واتە گوریسی ناوتەنگەی کێشەکان توندتر دەکات. هیچ شتێك لە سیاسەت موستەحیل نییە، ئێران دەبێت چ قازانجێک بکات (ترەمپ) بکوژێت؟ لەکاتێکدا گەمەکە بەهۆی ڕزگاربوونی ئەم سەرکردە پێچەوانەوە هەڵگەڕایەوە. بەپێی ئەزموون و مێژووی پێشتر کۆمارییەکان بەشێوە چارەسەری دیموکراتییەکانیان لەبارەی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان ڕازیی نین. ڕوسیاش بۆ ئەوەی لە کێشەکان دوور بێت ڕایگەیاند ئەوان "مامەڵە لەگەڵ هەر کەسێک دەکەن، کە ببێتە سەرۆکی ئەمەریک". ئەم گوتارەی کرێملن وەکوو گومان و ترس لەخۆکردنە، نەبادە بڵێن ڕوسیا دەستی لە غافلکوژییەکە هەبووە، پێ دەچێت جۆرێک لە خۆشەویستی لەنێوان (ترەمپ) و (بۆتین) هەبێت.
دوور نییە (بایدن)، کە هەنووکە ڕایگەیاندووە تووشی پەتای کۆڤید- ١٩ بووە، ئەم بابەتە بکاتە دەریچەیەک و هۆکارێک تاکوو خۆی بکێشێتەوە، ئەگەر ڤایرۆسەکە پتر هانی نەدات

پێداگریی بکات و بیەوێت بەهێزتر (ترەمپ) لە عەردی بدات. کورد گوتەنی نازانین "مرۆڤ شیری خاوی خواردووە". ئەگەر بکشێتەوە لە دەرگایەکی گەورە دەچێتە نێو ڕووداوە گەورە مێژووییەکان، پێچەوانەش هەنگاو بنێت نادیارە چ دەقەومێت. (بایدن) کەسێکی سیاسیی دوور بینە، بەئاسانی تەسلیم نابێت و ئاسانیش نییە حزبی دیموکرات و ئەمەریکا بەقوربانی خواستە خودییەکانی خۆی بکات و مل نەدانە قسە و ڕەخنە و ئامۆژگاریی و داوای هیچ کەسێک.

گوتاری هەردوو کاندێد پێداگرییە لە سەر (یەکگرتووی ئەمەریکا)، کەچی ململانێی ئەم دوو سەرکردە بەکردەوە خەریکە شەقامی ئەمەریکا دابەش بکات، ناکۆکی سیاسی تا ئەم ساڵانەی دوایی لەتووندوتیژی و ناکۆکی وشک و ڕەق و یەکتر شکان دوور بوو، کەچی لەم چەند ساڵەی دوایی کردەی توندوتیژی لە دوای دۆڕانی، یان دان نەنان بە خۆدۆڕانی (ترەمپ) زیادی کردووە و کێرڤی پەنابردنە بەر توندیی لە (قسە و گوتار و ئینجا کردار و ڕەفتار)دا بەئاشکرا ئەنجام دەدرێت. هێرشکردنە سەر کاپیتۆل و کۆنگرێس و دامەزراوە شەرعییەکان نیشانە و هێمایەک بوو بۆ (بەپەڕۆکردنی سیستەمی دیموکراسی لە ئەمەریکا) سەرەتا لەقسە دەستی پێکرد و دواتر دیموکراسی ئەمەریکایان ئەتک کرد.

پەنابردنە بەر تیرۆر و کوشتنی سەرۆکەکانیش جاری یەکەم نییە، بەڵام ئەمە دیاردەیەکی ناشارستانی و شێواندنی دیموکراسی و بیرکردنەوەیە لەتۆڵەکردنەوە و سڕینەوەی جەستەیی و فکریی و ئەخلاقی.

لەوانەیە بەپێداگری (بایدن) لەمانەوەی لە ڕکابەری هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی (ترەمپ) بە (پاشابوونەکەی خۆی لە ئەمەریکا) مسۆگەر بکات، بەڵام بەکشانەوەی (بایدن) دوور نییە ڕیسەکەی لێ ببێتەوە خووری، هەرچەندە ئەم گۆڕانکاریی و پێداگرییەی کەسیی و خوودیەی لەپێناو مانەوە هەیە، زیانێکی زۆر بە پێگەی جەماوەری دیموکراتەکان بەگشتی دەگەیەنێت.
هەڵبژاردن ژمارەیە و ستراتیژێکی قووڵە لەپێناو بەدەستهێنانی دەسەڵاتێکی مسۆگەری پاک لەڕێگەی (دەنگدانەوە، نەک بەکارهێنانی هێز و سڕینەوە و توندوتیژی)، ڕکابەریی (بەوشە و فکر و پەیڤین و پڕۆژە) نەک (هێز و خۆسەپاندن و ڕەتکردنەوەی ئەوی دیکە).




https://www.google.com/search?q=Biden+cartoon&sca_esv=f4be2e8

دیموکراسی پشت بەستوو بە وشە، هێزی نەرم و گوتاری عاقڵانەی پڕ لە پرۆژە و فکر، جیاوازە لە گوتاری (غافلکوژیی و توندوتیژی و ڕەتکردنەوەی یەکتر).
(بایدن) بانگەشەی ئەوە دەکات (ترەمپ) هەڕەشەیە بۆ سەر دیموکراسی ئەمەریکیی، لەکاتێکدا ئەو لەگەڵ ئەوەی بەهۆی تەمەنەوە ناتوانێت تەواوی ئەزموونی سیاسی و ئیداری خۆی وەکوو پێویست لەپێناو (هەموو ئەمەریکا ڕاپەڕێنێت و هەندێک بە عەقڵ پووکاوەی مێشک لاوازی ناو دەبەن) دیموکراتەکان دەخاتە بەردەم چارەنووسێکی سەخت و دژوار. گفتوگۆکانی نێو میدیای ئەمەریکا سەرتاپا قسەکردن و چاوەڕوانییە لە کاردانەوە و دوا بڕیاری (بایدن).
گوتاری (بایدن) و دیموکراتەکان بەکردەوە ئەم هەفتەیە بریتییە لە یەکبڕیاری و یەکخستن و یەکگرتوویی ناوماڵی حزبی دیموکرات، گوتاری (ترەمپ) و کۆمارییەکانیش بریتییە لە یەکگرتوویی ئەمەریکا و (ترەمپ) بە دەرکەوتنی بە گوێی بریندارەوە دەیەوێت وەکوو هێما و نیشانەی یەکگرتوویی هەموو ئەمەریکا ڕەفتار بکات. ئەمەش لەکردەوەدا دیموکراتەکان دەخاتە پلەی دووەم.
بەپێی لێکدانەوەکانی ڕۆژنامەی (لۆتان)ی سویسری، و (نیۆریک تایمز) و (واشنتن پۆست) و(نیوزویک) و کەناڵە ئاسمانییە بەنێو بانگەکانی ئەمەریکا (بایدن) دواجار گووتیەتی: "ئەگەر خوا داوام لێبکات، دەکشێمەوە" بەمانای ئەوەی ئەگەر خوا پێی خۆشبێت، ئەوە لەڕکابەری دەکشێمەوە. چەند ڕۆژێک دواتر هەندێک نەرمی نواندووە و گووتیەتی ئەگەر ژمارەی دروستم

بدەنێ، کە من نابەمەوە، ئەو کاتە فکر لە خۆکێشانەوە لەڕکابەری دەکەمەوە. ژمارەکان هیچ لە قازانجی (بایدن) نین ٢٩٪ دەنگدەرەکانی دیموکرتەکان پێیان وایە نوێنەرەکەیان توانای عەقڵی وەکوو پێویستە، کەچی ٤٨٪ی کۆمارییەکان دڵنیایان داوە، کە نوێنەرەکەیان ئەم توانایەی هەیە. لە ڕاپرسییەکی (ئەسۆشێتد پرێس) دەرکەوتووە لە ٦٥٪ی دیموکراتەکان لەگەڵ ئەوەن (بایدن) واز بهێنێت و تەنیا ٢٦٪ی کۆمارییەکان بە (ترەمپ) ڕازیی نەبوون. ئەمەش جیاوازییەکی یەکجار گەورە نیشان دەدات و ترووسکایی خێری بۆ سەرۆکی ئەمەریکا تێدا نییە.

بۆ زانیاریی پتر هێشتا (بایدن) چاوەڕوانە پەیامێکی لە خوا پێ بگات، ٢١ نوێنەری دیموکراتەکان و ٢٩ کەسایەتی سیاسی داواین کردووە (بایدن) دەرفەت بە کاندێکی دیکە بدات، چونکە پێیان وایە ئەنجامەکان بۆ دیموکراتەکان باش نابێت. ئەو هەموو خەڵکە داوا لە (گەورەترین سیاسی دیموکراسی و ئەمەریکای ئازادی شاناز بەخۆ) دەکەن، کەچی ئەو هێشتا بیر دەکاتەوە چۆن (ترەمپ) ببەزێنێت لەکاتێکدا هەموو ئامارەکان ئەوەمان نیشان دەدەن لەیەکەم دیداری ڕووبەڕوو ئەو بەزیی و خەرمانی تونا و سیاسی و لێهاتوویی و قسەزانی چەند ساڵەی سووتا.

لە هەڵبژاردنی ٢٠٢٠ (بایدن) خەونی (ترەمپ)یزمی لە گۆڕ نا، کەچی خەریکە ئەمجارە خەونی دیموکراتەکان پێش دەنگدان بکوژێنێتەوە!.

# هاریسی مارکسی و چەپ و دین، دەیەوێت ببێتە سەرۆکی ئەمەریکا

(16)




https://www.google.com/search?q=Harris+is+Marxist%2C+leftist

لەجیاتی ئەوەی (جۆ بایدن) (ترەمپ) ببەزێنێت، کە لەسەرەتاوە ئاماژەی بەوە دەکرد، بەپێچەوانە خۆی بەزیی و بەهۆی تەمەن و لاوازنیشاندانی توانای عەقڵی لەململانێی ڕکابەری سەرۆکایەتی ئەمەریکا چووە دەرەوە. بڕیارەکەی ژیرانە و دڵسۆزانە بوو بۆ حزبی دیموکراتی و ئەمەریکاش، لەهەمان کاتدا نیشانی دەدات لەو شوێنانەی یاسا هەیە و بڕیارەکان ڕێزلێگیراون تاکەکان هەر کێیەک بن و لەهەر دەسەڵات و پێگەیەک بن، ناتوانن، یان نایانەوێت لەچوارچێوەی بەرژەوەندیی و تێفکرین و هەنگاوی گشتی دەربچن، بەڵام پێ ناچێت (ترەمپ) واز لەگوتاری ئاگرین و هێرشبەرانە و تاوانبارکردن و بچووکردنەوە و گومانخستنە سەر توانای بەرانبەرەکەی بهێنێت. ئەم تەکنیک و فۆرمە فرە لایەنە. هەر چەندە دوورنییە بەپێی زانیاریی نێو میدیای ئەمەریکی لەم ڕۆژانەی دادێ دادگا (ترەمپ) سزا بدات بەتۆمەتی (بێدەنگکردنی ئەو ئافرەتەی بە سەماکەر بەنێو بانگە).

دادگای نیویۆرک پێداگری لەسەر ڕاکەی خۆی دەکات و پێی وایە دەبێت بڕیاری سزادانی (ترەمپ) دەربکات. ئەو کاتە گریمانەی ئەوە دەکرێت کاندێدی کۆمارییەکانیش بەم هێز و توانا و متمانەیە نەمێنێتەوە. ئەوەی ئێستا دەیبینین کاندێدی کۆمارییەکان بە لەخۆڕازیبوون و متمانەبەخۆبوون و گوتارێکی ڕیسواکەرانە گوزارشت لەپێگەی خۆیان دەکەن، دیموکراتەکانیش هێشتا بڕیاری کۆتاییان بۆ دیارکردنی جێگرەوەی (بایدن) و جێگرەکەی نەداوە.

هەندێک پێیان وابوو، دوور نییە بەکشانەوەی (بایدن)، وا بکرێت (ترەمپ)یش خۆی بکێشێتەوە، بەڵام هەولی غافلکوژییەکەی مەسەلەکەی لەقازانجی (ترەمپ) گۆڕی و نەک هەر مایەوە، بەڵکو لەلایەن کۆنگرەی کۆمارییەکان متمانەیەکی بەهێزی پێدرا و ئەویش وەکوو قوربانی و نیشانە و هێمای (یەکخستن و یەکبوونی ئەمەریکا) نمایشی کرد.

(ترەمپ) دەیەوێت هەر چۆنێکە ببێتەوە سەرۆک و لەماوەی چوار ساڵیشدا ئەمەریکا بگۆڕێت. بۆیە دەڵێت خەڵکینە دەنگم پێ بدەن، ئەمە دوا جارە، وڵات دەگۆڕم و بەدڵی ئێوە دەبێت، مەبەستی لەلایەنگرانی بیر و بۆچوونی کۆمارییەکانە. ئەو دەیەوێت جیاواز لەوانی دیکە شتێک بکات هەر لە (ترەمپ)یزم بچێت و کەم وێنە بێت لەناوەخۆی ئەمەریکا و دەرەوەی ئەمەریکا. ئێمە دەزانین ئەم کاندێدە سەرسامە بە (بۆتین و ئەردۆگان) ئایا بیری لەوە کردۆتەوە ئەویش بەهەمان شێوە حووکم بکات.

ئاشکرایە سیاسەتی کۆمارییەکان داکۆکییە لە بۆچوونەکانی کەنیسە لەڕووی کۆمەڵایەتی و کەلتووریی و پاڵپشتی سیستەمی سەرمایەداریی دەکات، بۆیە وەکوو هەنگاوێک بۆ بەدەستهێنانی دەنگ و متمانەی کۆمپانیا مەزنەکان، ڕکابەرەکانی لە دیموکراتەکان بە (چەپخواز و لایەنگری مارکسیەت) تۆمەتبار دەکات.

ئەو دەیەوێت خۆ نیشان بدات توانای کۆتایی پێهێنانی جەنگی هەیە، لەکاتێکدا ئەم جەنگەی لە ئۆکرەین بەڕێوە دەچێت، جەنگێکی فراوانترە لەجەنگێک تەنیا لەنێوان دوو وڵات

قەومابێت. ڕوسیا ڕاشکاوانە دەیەوێت سیستەمی جیهانی بەسەرۆکایەتی ئەمەریکا کۆتایی پێ بهێنێت. لەکاتێکدا خەریکە بزاڤی ڕاستڕەوویی و چەپ لە ئەورووپا گەشە دەکات و دەیانەوێت لە هەڵبژاردنەکان بگەڕێنەوە بۆ دەسەڵات و (ترەمپ)یش لەکردەوەدا سەرچاوەی نیگەرانییە بۆ دوارۆژی ناتۆ و دۆستە ئەوروپاییەکانی ئەمەریکا.

هەردوو بەربژێر بانگەشەی دیدارێکی ڕاستەوخۆ دەکەن، بەکشانەوەی (بایدن) خەریکە دیموکراتەکان وزە پەیدا دەکەنەوە. گرنگترین ئاماژە ئەوەیە (کامالا هاریس) لەم ماوەیەدا توانیویەتی پارەیەکی زۆر بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن کۆ بکاتەوە. ئەمەش نیشانەیەکی ئەرێنی بەهێزە بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی لایەنگر و دەنگدەری دیموکراتەکان.



https://www.google.com/search?q=Harris+is+Marxist%2C+leftist

ململانێی ئەم دوو حزبەی ئەمەریکا پەیوەندی بە فکر و بەرنامە و بیروبۆچوون و سیستەمی کاری سیاسی و ئابووری و دیپلۆماسی و کۆمەڵایەتی و کەلتوورەوە هەیە. هەڵبژاردنەکان دەبنە بنەما بۆ بیرکردنەوە لەبەرنامەیەکی چوار ساڵی لەپێناو بەڕێوەبردن. گفتوگۆکان توندن، گوتارەکانیان هێرشبەری تەژی لەزانیاریی و بۆچوون و ڕیسواکردنە.


(ترەمپ) لەکۆبوونەوەیەکی جەماوەری لە شاری ئەتلانتای ویلایەتی جۆرجیا هێرشێکی توندی وەکوو گوتارێکی سیاسی کردە سەر (کامالا هاریس) و گووتی: " هاریس بەگشتی بانگەشەی مارکسیەت دەکات و کەسێکی چەپڕەوی دینە و گووتیشی ئەو وەکوو فیلمێکی ترسێنەر وایە، وڵاتەکەمان تێکوپێک دەدات".

ئەم هێرشە دەمێکە دژی دیموکراتەکان پیادە دەکرێت، کاتی خۆی (ئۆباما)شیان بەم شتانە تاوانبار دەکرد، دەیانگووت کەسێکی سۆسیالیستییە و دەیەوێت وەکوو ئەوروپا بەرنامەی سۆشیال دیموکرات و بەرنامەی هاوکاری کەم دەرامەتەکان بهێنێتە نێو ئەمەریکا. ئەم گوتارە مەرج نییە گوتارێکی براوە بێت، بەڵام کاریگەریی لەسەر بیرکردنەوە و تێڕوانینی دەنگدەری ئەمەریکی دەبێت، کە لەژینگەیەکی سەرمایەداری پارێزگارخوازی ژێر هەژموونی کەنیسە دەژیت و کۆمارییەکان و پارێزگارەکان و ڕاسترەوە توندەکان و لایەنگرانی کەنیسە نیمچە لایەنگرێکی ئاشکرای ئەم پێناسە و ناسنامەیەن. سەرباری ئەوەی ئێمە دەزانین ئەمەریکا نوێنەرایەتی سیستەمی سەرمایەداری دەکات، یەکێکە لەو وڵاتانەی بەدرێژایی مێژوو بە

شانازییەوە پێداگرە لەسەر مانەوە و زیندوو هێشتنەوە و نوێکردنەوەی سیستەمی سەرمایەداری.
(ترەمپ) لە گوتاری هێرشبەر ناکەوێت، پێی وایە ئەمە تاکە ڕێگایە سەرکەوتنی بۆ ئاسان دەکات، لەکاتێکدا کۆمەڵگەی ئەمەریکی، کە زۆربەیان کرێکاران، ناتوانن مەیلی ماركسیان هەبێت، بەڵام لەکردەوەدا ڕەفتاری چەپخوازنەی کرێکاری و چەپڕەوانەی کۆمەڵایەتیان هەیە، بەتایبەتی چینی خوارەوە کە دوای یەکسانی و مافی ئافرەت و هەقدەست و دادی کۆمەڵایەتی دەکەن.
نابێت ئەوە بشارینەوە کۆمارییەکان لەئاکامی ئەم شێوازە گوتارەی (ترەمپ) خۆیان وا دەبینن، کە دەبێت بچنەوە سەنگەری داکۆکی، واتە لەچوارچێوەی ئەم چەشنە گوتارە نایانەوێت قسە لەسەر هەندێک باس و بابەتی کەسی وەکوو نەژادی هاریس و چەپڕەویی و ڕەنگ و پاشخانی بکرێت، چونکە پێیان وایە ئەمە وا دەکات بابەتە سەرەکییەکانی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی وڵات و ڕەخنەگرتن لەسیستەمی سیاسی لەبیر بکرێت.
گوتاری هەڵبژاردن لەسەر بنەمای زانستێکی پشت ئەستوور بە (زانین و زانیاریی و تەکنیکی ئاخاوتن و چۆنیەتی بەکارهێنانی وشە و گەیاندنی پەیامە سەرەکییەکان) بەڕێوە دەچێت. ئەمەریکا خاوەنی ئەزموونی زۆری ئەم بوارەن، بەڵام پێ ناچێت (ترەمپ)، کە پشت بە کورتەگوتاری هێرشبەر دەبەستێت، بایەخ بە کێشە و بەرنامە و سیستەمی بەڕێوەبردنی چوار ساڵی ڕابردوو بدات. ئەمەش لەکردەوەدا کۆمارییەکان بەرەو هەڵوێستی بەرگریی دەبات و بەرگریش ئاکامی باشی نابێت.

# له ئەمەریکا کتێب چۆن قەدەغە دەکرێت؟

(17)




https://www.google.com/search?q=books+are+banned+in+the


لەسەرتاسەری دونیا سانسۆر، ململانێی لەگەڵ وشە و کتێب هەبووە، لەمێژووی مرۆڤایەتیدا دەیان نموونە هەن، ئاماژە بە سانسۆر و سووتان و لەناوبردنی کتێب دەکەن، کە لەکردەوەدا مێژوویێکی ڕەشە. لەم سەردەمەشدا قەدەغەکردنی کتێب لە وڵاتە جیاکانی جیهان و لەبەر هۆکاری جیاوازی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و فکری و ئەخڵاقی کتێب هەیە. بڤەترین قەدەغەش سڕینەوەی فکر و بۆچوونی جیاوازە.

ئەم قەدەغەکردنە لە وڵاتە هەر دیموکراتەکانیش هەیە. ئەمەریکا سەرکردایەتی جیهان بەناوی دیموکراسی و ئازادی بڵاوکردنەوە و جیاوازی ئایین و بیروباوەڕ و ڕێزگرتنی ڕەگەز جیاواز چاپ و بڵاوکردنەوە دەکات، لەهەمان کاتیشدا ململانێ و ناکۆکی سیاسی و فکری و کۆمەڵایەتی و کەلتووری لەنێو ئەم وڵاتە هەیە، گروپ و هێزی سیاسی و کۆمەڵایەتی جیاواز بانگەشەی قەدەغەکردنی کتێب بە پاساوی هەمەجۆر دەکەن.

چ جۆرە کتێبێک لەم وڵاتە قەدەغە دەکرێت، چیرۆکی ئەم ململانێ و ناکۆکیانە (زیندانی و نانبڕین) و هەڕەشەی (سووتاندنی کتێب) و (جیاوازیی و ناکۆکی کەلتووری) تێدایە. بێگومان هەر کردەیەک بەستراوتەوە بە (لۆژیک و ململانێی عەقڵانی فکری و کۆمەڵایەتی) ناچێتە نێو (کردەی وەبەرهێنانی ئاژاوە).

لە ئەمەریکا هەنووکە ئەم بابەتە بڵاوە و هەواڵی ململانێ و ناکۆکییەکان لەبارەی کەلتووری (خوێندنەوەی کتێبی سێکسی و ڕووت لە قوتابخانەکان) هەیە و دواتر نموونە دەهێنمەوە، بەڵام (ئاژاوەی تێدا نییە، چونکە گفتوگۆ و لێکدانەوەکان و بڕیارەکان)

بەستراونەتەوە بەپێشینەی لۆژیک و گوتارێکی بەرهەمهێنی پەیوەست بە (دابینکردنی ئاسایشی تاک و کۆمەڵگە)ی پێوە بەستراوەتەوە. هەر تەنیا سیاسییەکان گفتوگۆی لەبارەی ئەم بابەتە هەستیار و کاریگەرە ناکەن، خێزان و تاک و کۆمەڵگەش ئامادەی گفتوگۆیە، ئەم گفتوگۆیە ڕەوشەکەی بەرەو ئارامی و دوور کەوتنەوە لە (ئاژاوە و توندبیرکردنەوەی) دەبات. پێچەوانەی ڕۆژهەڵات لەبەر ئەوەی بەکردەوە (گفتوگۆ) ئامادە نییە، یان (گفتوگۆکان دەستکردن و بۆ شاردنەوەی تووڕەییە) بەئاسانی (ئاژاوە دەست پێ دەکات، ئاژاوە بەپێی وەسفی دەسەڵاتداران و شۆڕش و ڕێگرتن لە سانسۆر و چاکسازیی بە پێی گوزارشتی کۆمەڵگە).




https://www.google.com/search?q=books+are+banned+in+the+United

**کۆمارییەکان کتێب سانسۆر دەکەن**

بەپێی ئەو زانیاریانەی لە میدیای ئەمەریکی بڵاوکراونەتەوە "کۆمارییەکان لەئەنجوومەنی پیران کتێبە (ڕووتەکان/ سێکسی) دەکەنە ئامانج و دەیانەوێت لە کتێبخانەی قوتابخانەکان لاببرێن و سانسۆر بکرێن. ئەمە ئەو زانیاریانەیە (ئاریانا فیگوێروا) لە ٢٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ بڵاوی کردۆتەوە و لە درێژەی ئەم باسە دەڵێت: ئەو کتێبە قەدەغەکراوانە لە واشنتن دی سی نمایش دەکرێن و کۆمارییەکان و دیموکراتەکان لە کۆنگرێس لەبارەی سانسۆر و قەدەغەکردنی هەندێک کتێب کە نێوەڕۆکیان ئاماژە بە بابەتی ڕووت دەکات لە کتێبخانەی قوتابخانە حکوومییەکان دابەشی دوو بۆچوونی جیاواز بوون.

**دیموکراتەکان داکۆی لەم کتێبانە دەکەن**

کۆمارییەکان لەگەڵ ئەوەن ئەم جۆرە کتێبانە لاببرێن و دیموکراتەکانیش ڕاشکاوانە دەڵێن ئەمە شەڕی کەلتوورییە و ئەمە دەبێتە هۆکار بۆ قەدەغەکردنی کتێب. کۆمارییەکان بێژن ئەمە قەدەغەکردن نییە، بەڵکو لە کتێبخانەی قوتابخانەکان لادەبرێن، بەڵام دەتوانرێت لەشوێنی دیکەدا بکڕدرێن. واتە مەبەستیان ئەوەیە تەنیا لە قوتابخانەکان لەژێر دەستی قوتابی نەبێت.

سیاسییەکانی سەر بە (ماگا) بانگەشەی یاسای سانسۆر دەکەن، بەو بیناوەی ئەمە دەبێتە ڕێزگرتن لە مافی دایک و باوک.

## ١٤٠٦ کتێب قەدەغە کراوە

لە بەرنامەیەکدا (سۆزان بۆمانیچی) لە (ئۆریگۆن) ئاماژەی بەوە کرد "قەدەغەکردنی ئەم چەشنە کتێبانە پتر لە فلۆریدا ڕوویداوە، لەکاڤێکدا (ئارۆن بین)ی نوێنەری کۆمارییەکان ڕاشکاوانە گووتیەتی ئێمە لە هەر ویلایەتێک بین، هانی دایک و باوکان دەدەین لە کۆبوونەوەکاندا بەگژ ئەم کتێبانەدا بچنەوە کە نێوەڕۆکیان بابەتی (ڕووت و سێکسی) لەخۆگرتووە. بۆ خوێندنی ٢٠٢٢-٢٠٢٣ پتر لە ٪٤٠ی ئەمەریکییەکان لەگەڵ قەدەغەکردنی ئەم جۆرە کتێبانە بوون. بەپێی ڕاپۆرتێکی (PEN America ) ئەم گرووپە تایبەتە بە بەرەنگاربوونەوەی قەدەغەکردنی کتێب، ١٤٠٦ کتێب قەدەغەکراون.

(بین) نوێنەری کۆمارییەکان نایشارێتەوە ئەم کتێبانە قەدەغە نەکراون، دەتوانی لە ئەمازۆن بیانکڕی و بۆ ڕۆژی دوایی لە ماڵەکەتدا بەردەستە. ئەمانە کتێبی نەشیاون و لەکتێبخانەی قوتابخانەکاندا هەیە، ناوەڕۆکیان ئاماژە بە بابەتی ڕووت دەکات. دەبێژێت زۆربەی کتێبە قەدەغەکراوەکان بە فراوانی لە ئەمازۆن بەدەست دەکەون.

بەپێی ئەو زانیارییە فەرمیانەی بڵاوکراونەتەوە لە چەند ساڵی بووری شەپۆڵێکی بێوێنەی قەدەغەکردنی کتێب و سانسۆر لەنێو ویلایەتە جیاوازەکانی ئەمەریکا ڕوویداوە، ئەمەش بە هاندانی دایک و باوکان و گرووپە ڕاستڕەوەکان بووە.




https://www.google.com/search?q=books+are+banned+in+

**سانسۆر چەند ساڵێکە فراوانتر بووە**

(جۆناسان فریدمان) بەڕێوەبەری ڕادەربڕینی ئازاد و بەرنامەکانی پەروەردە لە (PEN America) دەڵێت "دەتوانم بڵێم ئەم سانسۆر و قەدەغەکردنە تەنیا لەسێ ساڵی بووری دەستی پێکردووە و شتەکان گۆڕان و بزووتنەوەیەک بۆ هاندانی خەڵک لەپێناو سانسۆری زانیاریی و شتە هزرییەکان دەستی پێکردووە، یەکێک لەم گروپانەی ئەم کارانە دەکات (لیندسی سیمس)ە سەرۆکی بەشی دایکان لە ناوچەی (مۆنتگۆمێزی لە ویلایەتی مێریلاند) و سەر بە کۆمارییەکانە. دوو لەو کتێبانەی کۆمارییەکان سەرنجیان لەسەری چڕ کردۆتەوە کتێبی (هەموو

کوڕان شین نین/ نووسینی جۆرج جێم جۆنسۆن) و کتێبی (جێندەر کەیر/ نووسینی مایا کۆبابی)ە. کتێبەکەی (جۆنسۆن) ئاماژە بەوە دەکات وەکوو کەسێکی ڕەشپێست چۆن لە نیوجەرسی و ڤەرجینیا گەورە بووە و باسی خۆشەویستی دەکات و لەبەشێکی کتێبەکەی ئاماژە بەوە دەکات، چۆن لەلایەن یەکێک لە ئەندامەکانی خێزانەکەی لە زارۆیی دەستدرێژی سێسکی کراوەتە سەر. کتێبەکەی دیکەش لەبەر ئەوە ڕەت دەکەنەوە کە ئاماژەی بۆ سێکسی دەم و ددان تێدایە.
https://marylandmatters.org/2023/10/21/u-s-house-/republicans-target-explicit-books-in-school-libraries

### ١٤ کتێب لە ڤەرجینیا لا دەبرێت

لە ڕاپۆرتێکی دیکەدا لە ٢٩ی ئازاری ٢٠٢٣دا سەربارەت بە ١٤ کتێب، کە هەمان ناوەڕۆکیان هەبووە قەدەغەکراون. قسەکردن لەبارەی کتێبخانەکانی قوتابخانەی ناوچەی (سپۆتسیلڤانیا لە شاری فرێدریکسبێرگی ویلایەتی ڤێرجینیا). (تۆنی کینێت) کە ستوونووسی ڕۆژنامەی دەیلی سیگنالە و پێشکەشکارێکی ڕادیۆیە لە کەناڵی WIBC لە شاری ئیندیاناپۆلیس. دەبێژێت: "سەرپەرشتیاری نوێی خوێندنگەکانی ڤێرجینیا بڕیاریدا ١٤ کتێبی سێکسی لە کتێبخانەکانی قوتابخانەکان لاببات و بیبەخشێتە سیستەمی کتێبخانەی گشتی حکوومەتی خۆجێی.

ئـەو ڕۆمـان و کتێبـانـەی بۆ گـەنجان نووسراون و قـەدەغـەکراون بـریتیـن لـە:

1. “All Boys Aren’t Blue: A Memoir-Manifesto” by George Johnson
2. “Like a Love Story” by Abdi Nazemian
3. “Dime” by E. R. Frank
4. “Sold” by Patricia McCormick
5. “Out of Darkness” by Ashley Hope Perez
6. “Beloved” by Toni Morrison
7. “America” by E. R. Frank
8. “Looking for Alaska” by John Green
9. “The Perks of Being a Wallflower” by Stephen Chbosky
10. “Water for Elephants” by Sarah Gruen
11. “Neanderthal Opens the Door to the Universe” by Preston Norton
12. “More Happy Than Not” by Adam Silvera
13. “The Bluest Eye” by Toni Morrison

14. “Nineteen Minutes” by Jodi Picoult

لەم کتێبانەدا دیمەن و ئاخاوتن و وێنە و گێڕانەوەی هەمەجۆری تێدایە، کە کاریگەریی لەسەر هەستی سێکسی لای منداڵان دروست دەکات، بۆیە خانەوادەی ئەم ناوچانە نارازیبوون و ڕاپۆرتیان لەبارەی نێوەڕۆکی کتێبەکان پێشکەش بە بەرپرسانی پەروەردە و قوتابخانە کردووە.


https://www.dailysignal.com/2023/03/29/virginia-school-/district-removes-14-sexually-explicit-books

**جەنگی کەلتوور**

(ڕاندی واینگارتن) سەرۆکی فیدراسیۆنی مامۆستایانی ئەمەریکی، کە دووەم گەورەترین سەندیکای مامۆستایانە، ئەم قەدەغەکردنانە بە "جەنگی کەلتووری ناو دەبات و پێی وایە ئەم سانسۆر و هەلمەتانە بەپلەی یەکەم بۆ ئەوە دانراوە کۆنەپەرستان بەشداری بکەن". (واینگارتن) بەرگریی لە ڕۆمانی گرافیکی (گەنجی پێگەیشتوو) دەکات، کە وێناکردنی منداڵێک لەخۆدەگرێت سێکسی دەم و ددان دەکات لەگەڵ پیاوێکی بەساڵاچوو.
کۆمارییەکانی تۆمەتبار کرد بە قەدەغەکردنی کتێب و هەروەها ئەوانی بە هۆکاری وازهێنان و بەجێهێشتنی ژمارەیەک مامۆستا لە پیشەکەیان دانا. (یەکێتی ئازادییە مەدەنییەکانی ئەمەریکا) لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠٢٢دا سکاڵای یاسایی لە دژی

خوێندنگەکانی ناوچەی (وێنتزڤیل لە ویلایەتی میزۆری) تۆمارکرد، چونکە کتێبی "شینترین چاو"ی (مۆریسۆن) لە کتێبخانەکان لادرابوو. مانگێک لە پاش ئەم سکالایە دەستەی قوتابخانەی (وێنتزڤیل) دەنگی بۆ گەڕاندنەوەی ڕۆمانەکە دا.
پێشتر قوتابخانەکانی ئەم ناوچەیە زیاتر لە ۳۰۰ کتێبیان قەدەغەکردبوو و لە کتێبخانەکانیان لابردبوو. ئەمەش دوای ئەوە هاتووە، کە ئەنجوومەنی یاسادانانی میزۆری پرۆژە یاسایەکی پەسەندکرد و بڕیاردرا کتێبی سێکسی لە قوتابخانەکان قەدەغە بکرێت.
https://www.dailysignal.com/2023/03/29/virginia-school-district-removes-14-sexually-explicit-books/

چیرۆکی بیرکردنەوە لە قەدەغەکردنی کتێب و ڕێگەپێدانی جۆرە بەرهەمێک کە پەیوەندی بە (بابەتی ڕووت و سێکسەوە) هەیە، درێژەی هەیە. وەکوو گوتمان گفتوگۆیەکی کەلتووری و سیاسی و یاسایی لەچوارچێوەی (خانەوادە و قوتابخانە و حکوومەت) دەکرێت، گفتوگۆیەکی عەقڵانی مەعریفییە، دوورە لە ئاژاوە، هەرچەندە لەژێر هەژموونی سیاسیش دایە. (کۆمارییەکان) دژی بوونی ئەم جۆرە کتێبانەن لە قوتابخانەکان و (دیموکراتەکانیش) بە ئاسایی دەزانن و پێیان وایە ئەمە بەشێکە لەململانێ کەلتووری و ئاساییە لە کتێبخانەکانی قوتابخانە حکوومییەکان دابنرێن.




https://www.google.com/search?q=books+are+banned+in

**تکساس ٥٠ کتێب قەدەغە دەکات**

لە ویلایەتی تکساس ٥٠ کتێب خراونتە نێو لیستی کتێبە بڤەکان، دایک و باوکی قوتابییەکان دەیانەوێت لە قوتابخانە قەدەغە بکرێن. ناونیشانەکانیان پەیوەندییان بە بابەتی ڕەگەزپەرستی، ڕەگەز یان سێکسەوە هەیە. (مایک هیکنبۆگ) لە کەناڵی (ئێن بی سی) لە ٢ی شوباتی ٢٠٢٢ گووتیەتی: "دایک و باوکە کۆنەپەرستەکان لە چەند مانگی ڕابردوو لەکۆبوونەوەکانی دەستەی قوتابخانەکانی ویلایەتی تەکساس و سەرتاسەری وڵات داوای لابردنی ئەو کتێبانەی نێو کتێبخانەکانی قوتابخانەیان کردووە، کە باس لە ڕەگەز، ڕەگەزپەرستی، سێکس دەکەن. هەندێک لە دایک و باوکەکان هەنگاوێکی زیاتریان هاویشتووە و نامایەکی داواکارییان

پڕکردووەتەوە بۆ ئەوەی بە فەرمی بە گونجاوی کتێبی کتێبخانەکان بژمێردێن و وردبینیان بۆ بکرێت و کارگێڕانی قوتابخانەکان ناچار دەکەن پێداچوونەوە بەم لیستانە بکەن. بەپێی زانیارییەکانی ئەم سەرچاوە ئەمەریکییە لە ١٠٠ ناوچەدا هیوستن، دالاس، سان ئەنتۆنیۆ و ئۆستن داوایان کردووە ئەم کتێبانە قەدەغە بکرێن دوو ساڵ پێش ئێستا ٨٦ داواکاری فەرمی بۆ لابردنی کتێب لە کتێبخانەکاندا پێشکەش کراوە. https://www.nbcnews.com/news/us-news/texas-library-books-banned-schools-rcna12986

**یاسا و قەدەغەکردنی کتێب**

(مادیسۆن فیتزجێراڵد) لە ١٩ی حوزەریانی ٢٠٢٣ ئاماژە بەو دەکات ، کە لە ویلایەتی ڤەرجینیا یاسایەکی نوێ پەسندکراوە و داوا لە قوتابخانەکان دەکات دایک و باوک ئاگادار بکەنەوە کاتێک کەرەستەی سێکسی لە پۆلدا بەکاردەهێنرێت. هەندێک کەس لە ناوچەکاندا ئەو یاسایە وەک بنەمایەکی شەرعی بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی پتر بەرەو پێش هەنگاو بنێن لەپێناو قەدەغەکردنی تەواوی هەندێک کتێب لە قوتابخانەکان. داواکارانی قەدەغەکردنی کتێب لە سەرانسەری ویلایەتەکە گەلێک جار ئاماژە بە یاسای ڤێرجینیا دەکەن، کە (پار ٢٠٢٢) لەلایەن حکوومەتی کۆمارییەکان واژۆکراوە. سیناتۆری کۆمارییەکانی ویلایەتی ڤێرجینیا (سیۆبان دوناڤانت) کە کاتی خۆی ئەو پرۆژە یاسایەی پێشکەش کردووە، گووتیەتی هەرگیز

مەبەست لە یاساکە، ئەوە نەبووە ببێتە بیانوویەک بۆ قەدەغەکردنی کتێب لە کتێبخانەکانی قوتابخانەکان و لەسەر ڕەفەکانی پۆلەکان لاببرین.
https://www.edweek.org/teaching-learning/school-districts-struggle-to-implement-new-laws-on-sexually-explicit-books/2023/06

**له شوێنێکی دیکه ئازاده**

بەپێی ڕاپۆرتێکی (دامیان فیشەر ئیمەیڵ) لە ١٥ی ئازاری ٢٠٢٣ بڵاوبۆتەوە، ئاماژە بەوە دەکات کە ویلایەتی ( هامپشایر) ئەم جۆرە کتێبانە و ئەوانەی وێنەی ڕووتی ئابڕووبەرانەیان تێدایە لەسەر ڕەف و کتێبخانەکانی قوتابخانە ناوەندییەکان بەئاشکرا دەست دەکەون و قەدەغە نین، هەروەها دەتوانرێت لە ڕێگەی ماڵپەڕەکانی قوتابخانەکان ئەم چەشنە کتێبانە دەست بخرێن.
(ڕۆن دیسانتیس) وەکوو حکوومەتی فلۆریدا نیشانی دا، مەسەلەکە ئەوەیە و کتێبەکان ئەوەندە گرافیکن، وێنەکانیان ناتوانرێت لە تەلەفزیۆنەکان پەخش بکرێن، یان لە ڕۆژنامەیەکی کۆمەڵایەتیدا بڵاوبکرێنەوە. (دیسانتیس) لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی سەبارەت بە یاسا نوێیەکەی ویلایەتەکەی لە ڤیدیۆیەکیدا، کە وێنەی ئەو کتێبانەی تێدابوو، کە وەکوو کتێبی قەدەغەکراوی قوتابخانەکان باسیان دەکرێت. ئەو ئاماژە دەکات ئەو کتێبانە بڤەن، کە "زمانێکی ئاشکرا، یان

وێنەی کۆئەندامی زاوزێی نێر و مێ، کردەوەی سێکسی جیاوازی تێدایە و لەحاڵەتێکدا ڕێنمایی سەبارەت بە دەستدرێژی سێکسی نیشان دەدەن" قەدەغەن. https://nhjournal.com/sexually-explicit-books-are-available-in-nh-middle-schools/

ئەم بابەتە یەکێکە لەو باسە گرنگانەی ئەمڕۆ لەنێو کۆمەڵگەی ئەمەریکا لەبواری پەروەردە و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و پاراستنی شیرازەی خانەوادە و خۆدوورگرتن لە کێشەی هاوڕەگەزبازیی و کردەی سێسکی کە دەبێتە هاندەر بۆ توندوتیژی. لە زۆبەری ویلایەتەکان گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت، هەندێک ئەم سانسۆر و قەدەغەکردنە دەبەستنەوە بەکەلتووری کۆمەلایەتی و مافی تاک، هەشە ئەمە بە مەترسی دەزانێت، بۆیە داوای لادان و قەدەغەکردنیان لە کتێبخانەی قوتابخانەکان دەکەن.

لەم گفتوگۆیە فراوانەدا دایک و باوک و خانەوادە و قوتابخانە و دامەزراوە پەروەردەییەکان و کەلتوورییەکان و گرووپەکانی داکۆکی لە ئازادی دەربڕین بەشداری دەکەن، بەلام ئەمە وەکوو بابەتێکی مەترسیداری سەر کۆمەڵگە وەسف ناکەن، تەنیا ئەو شتانە دەخەنە ڕوو کە مەترسین، یان مافێکی ئاسایی تاکە بۆ ئەوەی ئەم چەشنە کتێبانە وەکوو بابەتێکی ڕۆشنبیریی و کەلتووری بەکاربهێنن.




نمایشێکی ئەو کتێبانەی کە لە شوێنە جیاوازەکاندا قەدەغە کراون لە شوێنێکی
کۆبوونەوەی کۆمەڵایەتی لە
واشنتۆن دی سی نمایش دەکرێت (گێتی ئیمەیج/ (Getty Images)

**پوختەی قسە:**

**یەکەم:** گوتاری ئەم گفتوگۆیە ئەوە نیشان دەدات، کە بیروبۆچوونی جیاواز لەبارەی بەکارهێنانی کتێب لەنێو کۆمەڵگە و قوتابخانە بەتایبەتی هەیە، گفتوگۆکان پشت بە لۆژیک و عەقڵ و لێکدانەوەی جیاواز دەبەستن. گوتاری گفتوگۆ لە جیاتی گوتاری ڕەتکردنەوە و توندوتیژانە بەکاردێت.
**دووەم:** قەدەغەکردنی کتێب لە سەردەمی گلۆبالیزم و کرانەوە و دیموکرسی لەژێر ناو و پاساوی هەمەجۆر درێژەی هەیە. کتێب

قەدەغەکردن لە زۆر وڵاتدا هەیە، هەر یەکەشیان پەنا وەبەر هۆکار و شێواز و ئامانجێکی جیاواز دەبەن.


**سێیەم:** گوتاری کۆمەڵایەتی و کەلتووری ڕەنگدانەوەی لەنێو کردە و ڕەفتاری گروپ و لایەنەکان هەیە، بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی بڕیار لەبارەی کتێب.

**چوارەم:** لەهەندێک ویلایەت چارەسەری گوتاری قەدەغەکردنی کتێب بە بڕیاری یاسایی دەبەستنەوە و هەنگاو بەرەو دەرکردنی یاسا بۆ لابردنی کتێب لە کتێبخانەی قوتابخانەکان دەبەن. لەهەمان کاتدا هێزێکی دیکە ئەم شێوازی چارەسەرە ڕەت دەکاتەوە.

**پێنجەم:** گوتاری میدیای ئەمەریکا کێشەکە دەبەستێتەوە بە بیرکردنەوەی (کۆنەپەرستانە و مۆدێرن)، واتە (کۆمارییەکان و دیموکراتەکان)، کە لەکردەوەدا ئەمە گوتارێکی فکری سیاسییە.

# ئەمەریکا هاک بکرێت، هەرێمی کوردستان فشەیە!!

(19)




https://www.google.com/search?q=vote+United+States+cartoon&sca

لەهەڵبژاردنی پێشووی ئەمەریکا کۆمارییەکان ڕاشکاوانە گووتیان ڕوسیا لەڕێگەی دەستوەردانی ئەلەکترۆنی هاوکاری (ترەمپ)یان کردووە، ئەم مەسەلەیە تاکوو نووکەژی گفتوگۆ و قسەی لەبارەوە دەکرێت. لە هەڵبژاردنی ٢٠٢٤، کە هەنووکە پرۆسەی بانگەشە و ململانێی ڕکابەرەییەکە بەجددی نرکەی دێت و زانیاری ورووژێنەر، ترسناک، سەمەرە بڵاودەکرێنەوە، کە ئێران و هاکەری ئێرانی دەستناپارێزن و تەنیا غافلکوژییەکەی (ترەمپ)یش وا مەزەندە دەکرێت دەستی ئێرانی تێدا بێت.
با قسە لە گۆترە نەکەین، یان لەگیرفانی خۆمان دەری نەهێنین، من لەبارەی پرسی هەڵبژاردن و ڕۆڵی ئێران، کە بریتییە لە "ئاژاوە و چڕکردنەوەی سەرنج لەسەر لایەنێک لەنێو ئەمەریکا" دەئاخڤم. نە (ترەمپ) و کۆمارییەکان حەز لە ئێران دەکەن و نە دیموکراتەکان و (بایدن)یش حەز لە ڕوسیا دەکەن. (ئێرانییەکان و گرووپە چەکدارە توندڕەوەکانی سەر بە ئێران) حەز لە چارە و دەموچاوی (ترەمپ) و (کۆمارییەکان) ناکەن و ڕوسیاش بەهەمان شێوە دڵی بە دیموکراتەکان خۆش نییە، وەکوو چۆن ڕوسیا لە قازانجی (ترەمپ) هەڵسوکەوتی کرد، (ئێران)یش دەیەوێت هەمان شت لە قازانجی دیموکراتەکان بکات. واتا لامان ئاشکرایە ئەگەر دیموکراتەکان ببەنەوە، ئەوە لەئێستاڕا (ترەمپ) و کۆمارییەکان دەبێژن، خەڵکینە نەمانگوت لەلایەن ئێرانەوە گەمە بە ئاکامەکانی دەنگدان کراوە و دەستکاری ئەنجامەکان کراوە. پێشگریمانە نییە، تەنیا گریمانەیە و ڕەوشەکە بەرەو ئەوە دەچێت، کە دەنگدەر و لایەنە سیاسییەکان گومان لەهەموو شتێک بکەن.

لە ڕاپۆرتێکی (نیوز ویک)ی ئەمەریکی لە ڕۆژی چوارشەممەی ١٤ حوزەیرانی ٢٠٢٤دا هاتووە: (دۆناڵد ترەمپ) سەرۆکی پێشوو و کاندیدی ئێستای کۆمارییەکان بۆ سەرۆکایەتی ئەمەریکا لەم دواییانەدا بانگەشەی ئەوەی کرد، هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی هاککراوە، ئەمەش دوای ئەوەی مایکرۆسۆفت ڕایگەیاند گروپێک هاکەری ئێرانی لە مانگی حووزەیران هەڵیانکوتایە سەر ئەکاونتی بەرپرسێکی پلە باڵای هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکا. جگە لەوەش (پۆلیتیکۆ) ڕۆژی شەممە بڵاویکردەوە کە "ئیمەیڵیان لە ئەکاونتێکی بێناوەوە وەرگرتووە و بەڵگەنامەکانی ناو ئۆپەراسیۆنەکەی (ترەمپ)یان تێدایە".
هاکەکان بۆ ئەم یەک و دوو مانگەی پێش دەنگدان ئاماژەیەکی باش نین، هەروەها ئاماژەن بۆ ئەوەی کە کاریگەریی ئۆنلاینەکانی بیانی لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنەکان دەبێتە هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر دیموکراسیەت لە ئەمەریکا و لەهەمان گاڤدا ئەوەشمان پێ دەڵێت توانای تەکنەلۆژی ئەم وڵاتە لەپاراستنی پرۆسەی دەنگدان و تێکدان لەبەردەم پرسیار و مەترسییە. (ڕایان ئێلیس) مامۆستای یاریدەدەر لە زانکۆی نۆرس ئیستەرن، کە لێکۆڵینەوە لە یاسا و سیاسەتی پەیوەندییەکان و سیاسەتی ژێرخانی ئابووری و ئاسایشی ئەلیکترۆنی دەکات، لە بەیاننامەیەک ڕایگەیاندووە: "ڕەنگە ئەمە کاریگەرییەکی بەرچاوی چاوەڕواننەکراویان لێ بکەوێتەوە. کۆکردنەوەی زانیاری هەواڵگری لەسەر ئەکتەرە بیانییەکان لەسەردەمی کۆنەوە هەر هەبووە و بەردەوامیشە. ئێمە زۆربەی ئەو شتانەمان لەژینگەی ئەم ڕەفتار و کردەوانە بینیوە.

هەڵمەتەكانی هاككردن و دزەكردن نوێ نین، بەڵام لەهەڵبژاردنێكی نزیكدا دەتوانن زۆر دەرەنجامیان هەبێت".
(ستیڤن چیونگ) وتەبێژی هەڵمەتی هەڵبژاردنەكانی (ترەمپ) لە لێدوانێكیدا بۆ پۆلیتیكۆ گووتی: "ئەم بەڵگەنامانە بە شێوەیەكی نایاسایی لە سەرچاوە بیانییە دوژمنەكانی ئەمەریكاوە وەرگیراون، بەمەبەستی دەستوەردان لە هەڵبژاردنەكانی ساڵی ٢٠٢٤ و چاندنی ئاژاوەگێڕی".
ئەم زانیاریانەم بۆ ئەوەیە، ئەگەر ئەمەریكای مەزن، ئەو ئەمەریكایەی خۆی خودانی مەزنترین كۆمپانیا و وزەی ئەلەكترۆنی بێت، بەم شێوە ئاسانە و لە هیكرا لەلایەن (چین و ڕوسیا و ئێران) هاك بكرێت، بێگومان وڵاتەكانی دیكە، ئەوانەی كە خۆیان خاوەنی كۆمپانیای كۆمپیوتەر و پرۆگرام و ئەنتەرنێت نین، ئەوە لەبەردەم كردەی بەفشە و ئاسان هاككردنن و هیچ توانایەكی بەرگریان لەخۆپارێزی نابێت. هەرێمی كوردستانیش كە دەوڵەت نییە، پێم وایە ئاسانترین شوێنە بۆ دەستوەردان و سەرباری بەئاشكرا دابەشبوون بەسەر بەرەی هەرێمایەتی، لە كاتێكدا ڕەنگە و پێشگریمانەی ئەوەش دەكرێت لایەنێك خۆی دەستپێشخەری بۆ هاككەرانی بیانی بكات، ڕەوشی دەنگدان و ئاكامی هەڵبژاردن بگۆڕن.
ئەم بۆچوونە لەخۆڕا و بۆ تاوانباركردنی هیچ لایەنێك و گروپێك نییە، بەڵكو هەقیقەتە، بەڵام ئەمجارە لە هەرێمی كوردستان، كە كۆمیسیۆنی بەغدا كراوتە خودان، واتا ئەگەری دەرفەت بۆ یاریكردن بە ئەنجامی هەڵبژاردن زۆر فرەترە و گرەنەتی بۆ هەندێك لایەن تێدایە، لاشمان ڕوونە هەر دەستكارییەك بە

مانای شکاندنەوەیە بەلای گرووپەهای نزیک لە ئێران و توندڕەوەکان.
دووەم هیچ گومانی تێدا نییە، کە یەکێتی لە بەرەی ئێران و گرووپە ئێرانییەکان و شیعەیە، نابێت بدۆڕێت، نەدۆڕان بەمانای سەرکەوتن نایەت. ئەمەش پەیوەندیی بەوە هەیە نیازی ئەوەیان نییە و ناهێڵن هیچ ناوەندێکی بڕیار و هێزێک بە تەنیا لە کوردستان حووکم بکات، ڕەوشەکە بەتەواوی دەگۆڕێت.
ئەمەش زەمینەسازیی و ئاسانکارییە بۆ دەستوەردان لەئەنجامی هەڵبژاردنی ئەلەکترۆنی. دەستکاری ئاکامی دەنگدان بەهەژماری دەست، چەندە ئاسان بوو بێت، دەستکاری هەڵبژاردنی ئەلەکترۆنی لەچاو ئەوی دیکە ئاوخواردنەوەیە.
ئۆباڵ لەستۆی (هەڤاڵ ئەبوبەکری) پارێزگاری سلێمانیی، لە ڤیدیۆیەک دەڵێت لە کونسلخانەیەک پێیان گووتین نزیکەی ٢٠٠ هەزار دەنگی تۆ لە هەڵبژاردن دەستکاری کراوە. واتە یەک لەسەر سێی دەنگەکانی فتکراوە و خراوەتە خزمەت کەس و لایەنی دیکە.
ئەگەر ئەمەریکا بەم ئاسانییە دزە بکرێتە نێو ئەکاونت و پێگەی ئەلەکترۆنی بەرپرسەکانی و دەزگا فەرمییەکانی، هیچ گومان و لێکدانەوە و خەمی ناوێت، لە هەرێمی کوردستان مەسەلەکە، کورد گوتنەی (فشەیە!!) واتە لە ئاسان ئاسانترە.
نابێت فلانە لایەن بکەوێت، واتە ئاساییە هەموو دەستکارییەکی ئاکامی هەڵبژاردن لەپێناو بەخاوەن قسە هێشتنەوەی ئەو لایەنە دیارکراوە بکرێت، فلانە لایەن نابێت یەکەمی بێ ڕکابەر

بێت، واتە دەبێت دان بەوەدا بنێت کە دەستکاری هەڵبژاردن دەکرێت و پێویستە بە نارازیبوونەوە قبووڵی بکات.
پرسیاری ئێمە ئەوەیە، ئەگەر ئەمەریکای مەزن و بەهێز و خودانی گەورەترین توانای ئەلەکترۆنی بەم شێوەیە لەلایەن ئێرانەوە دزە بکرێتە نێو بوارە ئەلەکترۆنییەکانیان، واتا هیچ شوێنێک و پێگەیەک و ئەکاونتێك لەسەرتاسەری دونیا خودانی ئاسایش و پارێزراو نییە و لەبەردەم مەترسی و هەڕەشەی دەستوەردانە.
بەڕای مردن ئەوانەی بەرپرسن لە مردار کردنەوەی پەرلەمانی کوردستان و کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان پێویستە دادگایی بکرێن، خۆتان دەزانن بۆ؟. ئەمە واتا هەڵوەشانەوەی هەرێم. لەبەر ئەوەشە هیچ بەدوور نازانرێت دەستکاری و دەستوەردانی ئەلەکترۆنی لە ئەنجامی هەڵبژاردن بکرێت.

## (ترەمپ): من سەلامەتم، بەڵام لێرە پشیلە و سەگ دەخۆن

(18)




https://www.google.com/search?q=TRUMP%3A+I%27m+safe%2C

بۆ جاری دووەم ڕۆژی ١٥ی ئەیلوولی ٢٠٢٤ کاک (ترەمپ) کاندێدی کۆمارییەکان بۆ سەرۆکایەتی ئەمەریکا تووشی هەولێکی دیکەی غافلکوژی بوو، ئەم دیاردەیە یەکەم جار نییە ئەنجام دەدات، بەڵام درێژەدان بە هەوڵی تیرۆری کەسێک و لەجارێک پتر کەم جار ڕوویداوە. لەسەرەتای بڵاوبوونەوەی هەواڵەکەدا (ستیڤن چیونگ) گووتەبێژی کەمپینی هەڵبژاردنی (ترەمپ) گووتی: "دۆناڵد ترەمپ سەلامەتە." لەکاتی ڕووداوەکە کاندێدەکەی کۆمارییەکان لە یاریگەی تایبەتی خۆی خەریکی یاری گۆلف بووە و هەر لەگەڵ بیستنی دەنگی تەقەکە شوێنەکەی جێهێشتووە. پاشان بەماوەیەکی کەم (دۆناڵد ترەمپ) گووتی، "من سەلامەت و باشم. هیچ شتێک من خاو ناکاتەوە و هەرگیز خۆم بەدەستەوە نادەم". گوتارەکە دوو جۆر پەیامی تێدایە، یەکەمیان بۆ لایەنگرانیەتی کە خۆی تەسلیم ناکات و بە ناحەز و ڕکابەرەکانیشی دەڵێت ئەم شتانە خاوم ناکەنەوە و من هەر گورجم.

پێ دەچێت ئەم دیاردەیە هەم زۆر جددی بێت و ببێتە هۆی مەترسی بۆسەر ژیانی (ترەمپ) هەمیش یارییەکی سیاسی و گەمەیەکی هەڵبژاردنیش بێت بۆ بەدیهێنانی گۆڕانکاری لە ڕێژەی دەنگەکان و هاندانی لایەنگرانی (ترەمپ) بۆ بەشداری باشتر لە پرۆسەکە و زیادکردنی خۆشەویستی ئەو لەنێو هاندەرانی خۆیدا و لاوازکرنی پێگەی ڕکابەرەکەی (هاریس کامێلا). کاردانەوەی ڕوسیا لەم ئاخاوتنە بەرجەستە بوو، کە (دیمیتری پێسکۆڤ) گووتەبێژی (کرێملین) ڕاشکاونە لە دووشەممە ١٦ی سپتێمبەری ٢٠٢٤ گووتی: سەبارەت شتانەی

پەیوەندییان تیرۆری (دۆنالّد ترەمپ)ەوە هەیە، و بەستراوەتەوە بە پەیوەندیی شتەکان لەگەڵ ئۆکرەین، ئەوە نیشان دەدات کە (یاریکردن بە ئاگر) دەرئەنجام و کاردانەوەی دەبێت. بەپێی لێکدانەوەکانی ئاژانسی ڕۆیتەرز، پێ دەچێت ئەو کۆمێنتە ئاماژە بێت بۆ پاڵپشتیی ئۆکرەین لەلایەن ئەمەریکاوە و لەهەمان کاتدا  دژایەتی ڕوسیاش بێت. دەستوبرد (ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز و فۆکس نیوز و سی ئێن ئێن) بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی سەر زاری بەرپرسانی ئەمنی بڵاویان کردەوە: "تۆمەتبارەکە ناوی (ڕایان وێسلی ڕۆت تەمەن ٥٨ ساڵ)ە، خەڵکی هاوایە و لە ئەکاونتەکانی سۆشیال میدیا دەرکەوتووە بەڕوونی لەپۆستەکانی پشتگیری ئۆکرەینی لە شەڕی دژی ڕوسیا کردووە. ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)یش زانیاری ئەوەی بڵاوکردۆتەوە، کە پار چاوپێکەوتنی لەگەڵ (ڕۆت) هەبووە سەبارەت بەو ئەمەریکییانەی خۆبەخشانە هاوکاری جەنگی ئۆکرەین دەکەن و ئەو کات بە ڕۆژنامەکەی ڕاگەیاندووە: "سەفەری ئۆکرەینی کردووە و لە ساڵی ٢٠٢٢ چەند مانگێک لەوێ بووە، هەوڵیش دەدات هەندێک سەربازی ئەفغانستان، کە لە دەسەڵاتی بزووتنەوەی تاڵیبان لە وڵاتەکەیان هەڵاتوون، لە ئۆکرەین شەڕ بکەن".

**چۆن تۆمەتبار ئاشکرا بوو**

بەپێی زانیارییەکانی نێو میدیا ئەمەریکییەکان ئاشکرا بووە: ”دەزگای نهێنی هەوڵگری  لە دارستانەکانی نزیک یاریگای گۆڵفی نیشتمانی (ترەمپ) کەسێکیان بینیوە و تفەنگێکی ئەی

کەی ٤٧ی پێبووە. لە دوای تەقەکردن لێی، تاوانبارەکە بە ئۆتۆمبێلێکی ڕەش خۆی دەربازکردووە. دوای تەقە کردنەکە چەکدارەکە دەمانچەکەی و دوو جانتای پشتیی و کەلوپەلی دیکەی فڕێداوە و بە ئۆتۆمبێلێکی ڕەشی نیسان هەڵاتووە. بەڕێوەبەری پۆلیس ئاماژەی بەوەشکردووە، شایەتحاڵێک چەکدارەکەی بینیوە و هەر ئەو کەسە وێنەی ئۆتۆمبێلەکەی گرتووە".

**بۆ ڕوسیا و ئێران**

ناوهێنانی (ڕوسیا و ئێران) لە کردەی غافلکژییەکان دژی (ترەمپ) و دەستوەردان لە پرۆسەی هەڵبژاردن هۆکاری سیاسی لەپشتە و پەیوەندی بەتێڕوانین و لێکدانەوەی سیاسی و دیپلۆماسی و ترس لە دەستوەردانی هەڵبژاردن و ناکۆکی و بۆچوونی سیاسی و ستراتیژی سیاسی هەردوو حزبی کۆماری و دیموکراتی لە نێوەخۆی ئەمەریکا هەیە. ئایا ئەمەریکا دەسەڵات و مافی ئەوەی هەیە بێ هۆکار و بەڵگە دوو وڵاتی دیکە بە دەستوەردان و هەوڵی غافلکوژی تۆمەتبار بکات؟ ئایا بەڕاستی ئەم کارانە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەلایەن ئێران و ڕوسیا بۆ تێکدانی ڕەوشی هەڵبژاردن و دەستکاری ئاکامەکانی لەنێو ئەمەریکا ئەنجام دەدرێن؟.

ئایا ئەمانە هیچ کاریگەرییان لەسەر دۆخی دەروونی و بڕیاری دەنگدەری ئەمەریکایی دەبێت؟ ئایا ئەم غافلکوژیانە پێگە و جەماوەی (ترەمپ) زیاد و بەهێز دەکات؟. دوای هەڵبژاردن

کەسی براوە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم واقیعە دەکات، کە نەک دەستوەردان، بەڵکو پەیوەندییان بە غافلکوژیشەوە هەیە و دەیانەوێت پەیوەندییە باوە دیموکراتییەکەی ئەم وڵاتەش ئیفلیج بکەن و بیشێوێنن.




https://www.google.com/search?q=TRUMP%3A+I%27m+safe%2C+

ئێمە دەزانین (ترەمپ) دژی جەنگی ئۆکرەینە و (بۆتین)یش بەکەسێکی لێوەشاوەی بە توانا دادەنێت و پێی سەرسامە و دەڵێت من سەرۆک بم، ئەم شەڕە بە چاونووقانێک کۆتایی پێ دەهێنم و قسەکانیشی لەکردەوە لەقازانجی ڕوسیایە و ئۆکرەینی تووشی دڵەڕاوکێ و ترس کردووە.

ئێرانیش پێیان وایە دەرچوونی (ترەمپ) دۆخی ئەوان ئاڵۆزتر دەکات و دیموکراتەکان بە نەرمی لەگەڵیان دەجووڵێنەوە، بۆیە وا لێک دەدرێتەوە قازانجی ئەوانە (ترەمپ) و (کۆمارییەکان) لە هەڵبژاردنەکە سەرکەوتوو نەبن و بدۆڕێن. هاوکێشە و نەخشەڕێگای هەڵبژاردن چەندین شتی دژ بەیەک و لەهەمان کاتدا پڕ لە گریمانەی تێدایە.

**چیرۆکی پشیلە و سەگەکان!**

دوا قسەکانی (ترەمپ) لەبارەی خواردنی پشیلە و سەگ لە شارێکی ئەمەریکا، بەچەندین شێوە کاردانەوەی تووندی هێنایە ئاراوە و شارەکەش تووشی فشارێکی دەروونی و سیاسی بووە.
بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جۆرناڵ) شاری سپرینگفیلد قوتابخانەکانی چۆڵکردووە و هۆڵی شارەوانی بەشێوەیەکی کاتی داخستووە.بەرپرسانی ئەم شارە چەندین جار ئەم بانگەشەیان ڕەتکردۆتەوە، کە گوایە گیانەوەری ماڵی لەم شارە دەخورێت، بەپێچەوانەوە گیانەوەرە ماڵییەکان لەم شارەدا سەلامەتن. لەم هەواڵانە دوو شت ئاماژە بەسەلامەتیان دەکرێت (ترەمپ) و (گیانەوەرەکان).
بەپێی قسەکانی (ترەمپ) کۆچبەرە هاتییەکان ئەم شارەیان داگیر کردووە و پشیلە و سەگ دەدزن و دەیانخۆن، بەهۆی ئەم بانگەشەیە شارەکە ڕووبەڕووی هەڕەشەی تەقاندنەوەی شارەوانی شارەکە بە بۆمب بۆتەوە و گوتایانە ببینن قسەی

بەرپرسێک چۆن بۆتە سەرچاوەی تێکچوونی شیرازەی ژیان لەم شارەدا.

بەپێی زانیاریی ڕۆژنامە ئەمەریکییەکە قسەکانی بەرپرسێک بۆتە سەرچاوەی ئازاردانی تەواوی شارەکە، بۆیەشە بەهۆی هەڕەشەی بۆمبڕێژکردن لەڕۆژی چوارشەممە قوتابخانەکان و ڕۆژی پێنجشەممەش هۆڵی شارەوانیش بەهەمان شێوە داخران.

لەساڵی ٢٠٢٠ەوە نزیکەی ١٥ هەزار هاووڵاتی هایتی ڕوویان لە شاری سپرینگفێلد کردووە و زۆربەیان ئەو بەرنامەیە بەکاردەهێنن، کە بۆ ماوەیەکی کاتی لە دیپۆتکردنەوە دەیانپارێزێت. کۆنگرێس لە ساڵی ١٩٩٠ ئەو بەرنامەیەی پەسندکردووە، بەرنامەکە بریتییە لەپێدانی دەسەڵات بە بەرپرسانی کۆچبەریی، تاکوو لەڕووی یاساییەوە پارێزگاریی لەمانەوەی ئەم کۆچبەرانە بکەن، کە لەوڵاتەکانی خۆیان هەڵاتوون و هەڕەشەیان لەسەرە و ناتوانن بگەڕێنەوە.

(دۆلاند ترەمپ) لەبەردەم ٥٧ ملیۆن بینەر لە کاتی گفتوگۆ لەگەڵ (هاریس) ئەم قسەی کرد، ئەو کات هەندێک ئەم بانگەشەیان بەدرۆ وەسفکرد، دواتر کاردانەوەی زۆری لە سۆشیال میدیا و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەدوای خۆیدا هێنا، تا کار گەیشتە ئەوەی هەڕەشەی بۆمبڕێژکردنی هەندێک شوێنی شارەکە بکرێت. ئەمەش وەکوو هۆکارێک بۆ هێرشکردن دژی کۆچبەران دادەنرێت. بەپێی زانیارییەکانی (کۆمپانیای نیوزگارد) کە بەدواداچوون بۆ زانیاری ناڕاست لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، دەبێژێت ئەم هەواڵە سەرەتا لەلایەن ئافرەتیك بڵاوکراوەتەوە و ئەویش لە دەستی سێیەم وەریگرتووە

و گوایە لەدەرەوی ماڵێکی هایتی پشیلەیەک بینراوە لەتوپەل کراوە و بۆ خواردن ئامادەکراوە. باسی ئاژەڵ و بەرگری لە ئاژەڵانیش لەم چەند ڕۆژە گەرم بوو، نزیکەی یەک ملیۆن و دووسەد هەزار پۆست بڵاوکرۆتەوە.

ئەمەش وەکوو بەشێک لەململانێی سیاسی و بانگەشەی هەڵبژاردن دادەنرێت و دیموکراتەکان گاڵتە بەم جۆرە بانگەشەیە دەکەن و پێیان وایە ئەمە هۆکارە بۆ ئەوەی کۆمەڵگە بکەوێتە ژێر هەڕەشە و فشار. (ترەمپ) ڕۆژی هەینی لەبارەی (سپرینگفێلد) گووتیەتی: "بۆمبەکان هەڕەشە نین، بەڵکو سنوورەکان هەڕەشەی ڕاستەقینەن و بەرنامەشی هەیە ژمارەیەکی زۆری کۆچبەران لەم شارە بگەڕێنێتەوە وڵاتی خۆیان".

بەپێی ڕاپرسییەکان و ئەو زانیاریانەی بڵاودەکرێنەوە نوێنەری دیموکراتەکان پێچەوانی (جۆ بایدن) توانی بە بەرنامەیەکی پتەو هێرش بکاتە سەر نوێنەری کۆمارییەکان و پێشکەوتنێکی بەرچاو بەدەست بهێنێت. ئەمەش وایکردووە (ترەمپ) بە گرژی و تووڕەیی قسە بکات. دوای یەکەمین دیداری ڕاستەوخۆی نێوان ئافرەتێک بۆ سەرۆکایەتی ئەمەریکا و سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا گۆڕانێکی گرنگ لەقازانجی دیموکراتەکان ڕوویداوە، هەرچەندە دور نییە ڕووداوەکان کاریگەریی لەسەر ڕەوشی هەڵبژاردن و مەزاجی دەنگدەر و گۆڕانکاریی لە قەناعەت و ڕێژەی بەشداربوونی گەنج و ئافرەتان دروست بکات، وەکوو دەڵێن ئەم هەڵبژاردنانە شتی لەناکاو و سەرسوڕهێنەریشیان تێدایە.

بەرنامەی هەڵبژاردن وەکوو بنەما و سیاسەتی بنەڕەتی کاندیدەکان سەیر دەکرێت، کاندیدەکان ژمارەیەک شت بەڕاشکاوی و بەرجەستەی بینراو پێشکەش دەنگدەر دەکەن و دوای هەڵبژاردنیان جێبەجێیان دەکەن، واتە هەر تەنیا قسە و گفتی سەرپێی و فریودەرانە و بانگەشەی هەڵبژاردن نییە، بەڵکوو بەرنامەیە و شتی دیار و بەرجەستە لەخۆ دەگرێت و هەقیقییە. بۆ نموونە بە کورتی دەڵێین:

+ دیواری لەسەر سنوور دروست دەکەین.

+ کۆچبەران دەنێرینەوە وڵاتەکانی خۆیان.

+ باج کەم دەکەینەوە، یان زیاد دەکەین.

+ یەکێکیان داکۆکی لە بارچواندنی کۆرپە دەکات و ئەوی دیکەشیان دژی ئەم یاساییە.

+ یەکێکیان هاوکاری بزنسی بچووک و مام ناوەندییە، ئەوی دیکەش پاڵپشتی بزنسی گەورەیە.

+ بەرنامەی بیمەی تەندروستی و کۆمەڵایەتی هەر یەکێکیان ڕوون ئاشکرایە، یان هاوکاری قوتابیان لە بەدستهێنانی بڕوانامەی زانکۆ... تاد. ئەوان قسەی زۆر ناکەن، قسە و بەرنامەکایان دیار و ئاشکرایە و لێکدانەوەی جیاواز هەڵناگرێت.

**هاریس و ((بایدن)) سەرچاوەی تووندوتیژین**

(ترەمپ) هەر وا بەئاسانی خۆی ڕادەستی ئەو فشارانە ناکات، کە نزیکەی چوار ساڵە لەدژی پیادە دەکرێت و لە ڕۆژی یەکشممە

١٦ی سپتێمبەری ٢٠٢٤ ڕایگەندووە كە، "هۆكاری سەرەكیی جووڵەی ڕوس دژ بە من، گوتارەكانی (هاریس) و (بایدن)ە، ئەو جۆرە گوتارانەن كە دەبنە هۆی تەقەكردن لێم. ئەو دوو كەسە گەورەترین هەڕەشەن بۆ سەر دیموكراسیەت. ئەو جۆرە قسەكردنە كە (هاریس و بایدن) هەیانە، هانی توندوتیژی دەدەن، من توانام لەوان پترە، لە بەكارهێنانی ئەو جۆرە زمان و قسەكردنە، بەڵام من ئەو كارە ناكەم". كورد گوتەنی (ترەمپ) خۆی یەكێكە لەوانەی هەمیشە هێرش دەكات و لەهیچ ناگەڕێتەوە و هەرچی لە دڵیەتی دەیلێت، وكو دەڵێن قسەكانی ئابڕووبەرە.

تا پتر لە ڕۆژی دەنگدان نزیک ببنەوە ڕووداوەكان و ململانێ و ناكۆكییەكان قورس و ئاڵۆز و سەختر دەبن، قسە و هێرشكردنە سەر یەكتر توندتر دەبێت. هەرچەندە هەوڵی كوشتن و تیرۆر دیاردەیەكی زۆر قێزەون و مەترسیدارە، هەڕەشەیە بۆ سەر دیموكراسیەت، بەتایبەتی لە وڵاتیكدا، كە دەیەوێت ئەم سیستەمەی لەبواری دیموكراسی هەیەتی بەسەر تەواوی دونیادا بڵاوبكاتەوە. ئەوەمان پێ دەڵێت هیچ شوێنێک لە جیهاندا خودانی دیموكراسیەتێكی بێ غەش نییە، ئەم سیستەمەش ناتوانێت وەكوو پێویست چارەسەری كێشە بنەڕەتییەكان بكات. لەبەر ئەوە پێویستە گریمانە و پێشبینی سیستەمێكی باڵاتر و دادپەروەرتر و پتەوتر و نەرمتر لە بەڕێوەبردن و درێژەدان بە ناكۆكی و ململانێ سیاسی بكرێت.

ئەمە سەرەتای بانگەشە و ململانێیە، دەبێت بڕوامان بە شتی لەناكاو و نەبیستراو و چاوەڕوان نەكراو بێت.

# ئەمەریكا بیرۆكەی بەكارنەهێنانی چەكی ئەتۆمی ناگۆڕێت..؟!!

(19)



https://www.google.com/search?q=The+United+States+will+not


لەدوای هەڵگیرسانی جەنگ و هێرشی ڕوسیا بەمەبەستی داگیرکردنی ئۆکرەین، ئەم وڵاتە جاری یەکەم نییە جەنگ و کوشتاریان ڕووبەڕوو دەبێتەوە. لەسەردەمی ستالینیش جەنگی خوێناوی گەورەیان لەنێواندا ڕوویداوە. (گرانی سوور) بەهۆی نەبوونی ژمارەیەکی زۆر هاووڵاتی ئۆکرەین مردن. سەرۆکی وڵات (بوتین) ناوە ناوە هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکی (ئەتۆمی) دەکات. ئەم هەڕەشەیەش بەردەوامە وەکوو فشار و ترساندن و سنووردار کردنی ئەمەریکا و ئەوروپا لە هاوکاری سەربازی ئۆکرەین بەکارهێنراوە. گوتاری بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی سەرەتا بە جددی وەرگیرا، دواتر گۆڕا.

لەم ڕۆژانە و لەناوەڕاستی مانگی نۆڤێمبەری ٢٠٢٤ (جۆ (بایدن) دەسەڵاتی بە ئۆکرەین دا موشەک بۆ هێرشکردنە سەر ئامانجەکان لەنێو خاکی ڕوسیا بەکار بهێنێت. ئەمە لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت:

لەنێوەخۆی ئەمەریکا پێیان وایە (بایدن) بەم بڕیارەی قووڕێکی خەستی بۆ (ترەمپ) گرتەوە و ئاسان نابێت، بیرۆکەی ڕێککەوتن دژی ئۆکرەین لەگەڵ (بۆتین) جێبەجێ بکات. واتە بڕیارەکە دەبەستنەوە بە ناکۆکی و ململانێی نێوان کۆمارییەکان و دیموکراتەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی، ئاڵۆزکردنی دۆخەکە و لە قووڕ چەقاندنی بیرۆکەکانی (ترەمپ) لەچۆنیەتی چارسەرکردنی کێشەی ئۆکرەین.

دووەم لەئاستی دەرەکییە، ئەمەریکا ئەمە دەبەستێتەوە بە بەشداری ئەم دواییانەی سوپای کۆریای باکوور و هاوکاری ڕوسیا لەدژی ئۆکرەین. واتە چۆن لایەنی دەرەکی بە سوپا هاوکاری

ڕوسیا دەکەن، ئەمەریکاش بەهەمان شێوە بڕیاری دا موشەک لە دژی ئامانجەکانی ڕوسیا لەنێو خاکی ئەم وڵاتە بەکاربهێنرێت. بەمەش ناکۆییەکان گەیشتۆتە ئاستێکی مەترسیدارتر.



https://www.google.com/search?q=The+United+States+will+not

بەرپرسانی ئەمەریکا لە کۆشکی سپی ڕایانگەیاند ئایا بەم هەنگاوەی ڕوسیا و هەڕەشەکانی "ئەمەریکا پێویستی بە پێداچوونەوە و دارشتنەوەی بڕیارێکی نوێ دەبێت لەپێناو بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی؟". بەتایبەت دوای ئەوەی ڕوسیا

(موشەکی دەنگبڕی) لە ئۆکرین بەکارهێنا. (کارین جان) بەناوی کۆشکی سپی دەڵێت "دوو ساڵە ڕوسیا گوتارێکی نابەرپرسانە بەکار دەهێنێت". ڕوسیا بەردەوام هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی دژی ئۆکرەین دەکات. ڕوسیاش ئەمەریکا بەوە تۆمەتبار دەکات، کە ڕێگەی بە سوپای ئۆکرەین داوە، نێو خاکی ڕوسیا موشەکباران بکات. لەکردەوەدا ئەوەی ڕوسیا بانگەشەی ئاشکرا و ڕاستەوخۆی بۆ دەکات لەسەرەتای جەنگەوە هەیە، بڕیار و هاوکارییەکەی ئەمەریکاش تەنیا چەند هەفتەیەکە.

هەموو دونیا بە نیگەرانی و ترسەوە لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا دەڕوانن، پێ دەچێت ئەوروپا بەهۆی گەڕانەوەی (ترەمپ) بۆ دەسەڵات ترسیان گەیشتبێت، کە وەکوو خووڵی یەکەم پەیوەندییەکانی ئەمەریکا لەگەڵ ئەوروپا بەرەو خراپی بباتەوە. لەهەمان کاتدا بەئاشکرا نایشارێتەوە کە سەرسامی (بۆتین)ە و مەیلی بۆ تێگەیشتن لە چارەسەرکردنی شەڕ لە ئۆکرەین لەگەڵ ڕوسیا گەلێک بەهێزە.

هۆکاری دووەمی نیگەرانییەکانیان (بەشداری کۆریای باکوورە لەم جەنگە و هاوکاری سوپای ڕوسیا دەکات)، دوای ئەوەش بڕیارەکەی ئەمەریکایە وەکوو کاردانەوە دژی ئەم هاوکارییە سەربازییەی لەنێوان ڕوسیا و کۆریا باکوور هەیە، وایکردووە دەسەڵات بە سوپای ئۆکرەین بدات هێرشی موشەکی دژی ئامانجە روسییەکان لەنێو خاکی ئەم وڵاتە ئەنجام بدات.

ئەمەریکا هێشتا بیری لە گۆڕین و دەستکاری بەرنامە و سیستەمی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی نەکردۆتەوە و پێیان وایە هێشتا زووە بۆ دەستکاری و پێداچوونەوەی (بیرۆکە و

چۆنیەتی و پێدانی دەسەڵاتی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی)، دوای ئەوەی ڕوسیا (موشەکی دەنگبڕ)یشی بەکارهێنا و بەردەوام هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی کردووە و کۆڕیاش ڕاستەوخۆ هاتۆتە نێو کێشەکانەوە. ڕوسیا تۆمەتی ئەوە دەداتە پاڵ ئەمەریکا، گوایە (نیشانە و هێماکانی بەجیهانیبوونی جەنگەکە لەئارا دایە).

بەرپرسانی وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا ڕایانگەیاند کە ئەوان لەگەڵ فراوانبوونی کێشەکان نین، بەڵام ئیدارەی (بایدن) کە ماوە بەسەرچووە بەردەوام دەبێت لە هاوکاری سەربازی ئۆکرەین و ڕوسیا بەهۆکار و سەرچاوەی گەشەکردن و فروانبوونی پتری کێشە و قەیرانەکان دەزانێت. ئەمەریکا بەنیگەرانیی و ترسێکی زۆرەوە چاودێری گوتارە مەترسیدارەکانی مۆسکۆ دەکەن.


قەیرانەکان و کێشەکان بەرەو توندی پتر دەچن، هەمووو جیهان دوای بردنەوەی (دۆنالد ترەمپ) چاوەڕوانی شتە نەبیسترا و نەکراوەکانی سەرۆکی نوێی ئەمەریکان، کە بەوە ناسراوە لە ناکاو و بێ مەزەندە و پێشینە بڕیار دەدات، کەسێکە بۆ ناوەندەکانی بڕیار ناگەڕێتەوە و حەز لەوە دەکات خۆی خودانی شتەکان بێت و ڕاوێژکارەکانی نابنە سەرچاوە بۆ بڕیارەکانی.

پێ دەچێت پێش ئاشتی و ڕێککەوتن و کۆتایی هێنان بەجەنگ ڕوسیا بیەوێت ئەوەی دەتوانێت بیکات و دەستکەوتی دیکە لە جەنگ بەدەست بهێنێت و ئەمەریکاش هاوکاری سوپاسی ئۆکرەین دەبێت، بۆ ئەوەی دەسەڵات و هێز بۆ ئۆکرەین پەیدا بکات، واتە پەرەسەندنی ناکۆکییەکان هەم (فشارە بۆ

زەمینەسازیی لەپێناو ئاشتی) و هەم (بەدەستهێنانی دەستکەوتی سەربازییە).

# له ئەمەریکاش یاسا بۆ خزم خزمانێ بەکاردێت

(20)





https://www.google.com/search?q=biden+and+his+son+cartoons&sca

لە ڕۆژی ١ی دیسێمبەری ٢٠٢٤ کە (جۆ بایدن) لەدواین ڕۆژەکانی دەسەڵاتە و چەند هەفتەیەکی ماوە و دەبێت کۆشکی سپی بە فەرمی ڕادەستی (دۆنالد ترەمپ)ی براوەی سەرۆکایەتی ئەمەریکا بکات. بەپێی سەرچاوە هەواڵە فەرمییەکانی نێو ئەمەریکا (بایدن) بڕیاری لێخۆشبوونی بۆ (هانتەر)ی کوڕی دەرکرد، کە چاوەڕوان دەکرا دادگا حووکمی سزادانی لەدژ دەربکات بە تۆمەتی خۆدزینەوە و ساختەکاری باج و هەڵگرتنی چەکی ئاگرینی بێ مۆڵەت.

(بایدن) ڕایگەیاند هیچ کەسێکی خودان عەقڵ بڕوا بەم تۆمەتانە ناکات، ئەوەی ڕوودەدات دژی (هانتەر)، چونکە ئەوەی کراوە تەنیا لەبەر ئەوەیە کە ئەو کوڕی منە. "ئەمەش لەباربردنی دادپەروەرییە" لە ئەمەریکا. ئەو ڕاشکاوانە دەڵێت پێشتر گووتم دەست لەکاروباری وەزارەتی داد وەرنادەم، بڕیارەکەی خۆمم جێبەجێ کرد، بەڵام کە بینیم کوڕەکەم بەشێوەیەکی ناڕەوا بە ئامانجگیراوە و نادادپەروەرانە دادگایی دەکرێت، ئەم بڕیارەم دا. ئەم مەسەلەیە کاتێک بەرەو تووندتر چوو، کە ژمارەیەک ناحەزی من لە کۆنگرێس ئەم کێشەیان بۆ لێدان و شکاندن و هێرشکردنە سەر من بەکارهێنا. ڕاشکاوانە لە گوتارەکەیدا گووتیەتی " باوەڕم بە سیستەمی دادوەریی و دادگا هەیە، بەڵام پێم وایە ئەمە فۆرمێکی چەقبەستووی سیاسییە، پرۆسەی دادگاکەیان گەیاندۆتە ئەم خاڵە و بۆیە ئەمەش دەبێتە هۆکار بۆ لەباربردنی دادپەروەریی. ئەمە قسەکانی سەرۆکی

ئەمەریکایە، بۆ دادکۆکی و دەربازکردنی کوڕە تاوانبارەکەی لە سزای دادگا و لێپێچینەوە.
ئەو هیچی لەبەردەم نەما، لە دواین ساتدا ملکەچی بیرکردنەوە لەبەرژەوندی خانەوادە و کوڕەکەی نەبێت، بۆیە بڕیاری لێبووردنی وەکوو (باوک و کوڕ) دەرکرد و نایشارێتەوە کوڕەکەی بەهۆی ئەو خراوەتە ژێر فشارەوە و دەیانەوێت دادگایی بکەن، ئەمەش دوورە لە دادپەروەریی. ناتوانم ئەوە بشارمەوە، کوڕەکەی لە دادگا دانی بەهەموو تاوانەکانی خۆی ناوە. بۆیە هەندێک لە ڕاگەیاندنەکانی ئەمەریکا ئەم هەڵوێست و ڕەفتارەی (بایدن) بە کردەیەکی درۆزنانە وەسف دەکەن.
لەم گوتارەدا (بایدن) لە بنەڕەت و بەشێوەیەکی سەرەکی پەنای وەبەر کردەی پاساوهێنانەوە بردووە، پاساوهێنانەوە بۆ دەرکردنی بڕیاری لێخۆشبوونی کوڕەکەی بەکار دەهێنێت و ئەم پاساوەشی لەچەند خاڵێکدا چڕ دەکرێتەوە:
یەکەم: پاساوی لاوازبوونی دادپەروەریی.
دوەم: بڕیاری دابوو دەست لەکاروباری داد وەرنەدات و نەشیکرد.
سێیەم: هەنتەر لەبەر ئەوەی کوڕی ئەوە بۆیە کراوتە ئامانج.
چوارەم: دادگایی کردنی کوڕەکەی پەیوەندی بەململانێی سیاسییەوە هەیە.
پێنجەم: لەبەر بەسیاسی کردن و لاوازبوونی دادپەروەریی، ناچار بوو لەکۆتایدا ئەم بڕیارە بدات.
سەرۆکی ئەمەریکا دەسەڵاتی خۆی لەپێناو پاراستنی کوڕەکەی و دەربازکردنی لەسزای دادگا بەکارهێنا، واتە لەسەرتاسەری

دونیا بۆتە کارێکی ئاسایی، کە هەندێک دەسەڵاتی سیاسی و حووکمڕانی لە گەشەسەندووترین وڵاتی دیموکراسی و خاوەن دەسەڵاتی مێژوویی لە دادوەریی بۆ بەرژەوەندی تاکەکەسی و خاوەنەوادەیی و خزمایەتی و پاراستنی برادەرە نزیکەکانی خۆیان بەکاربهێنن.




https://www.google.com/search?q=biden+and+his+son+cartoons&sca

(هانتەر) لەبەردەم دادگا دانی بە هەر نۆ تۆمەت نا، ئەم دادگایەش لە ویلایەتی دێلاوێر ئەنجام درا، سەربارى ئەوەش (هانتەر) بە درۆکردن لە بارەی بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر لەو کاتەی چەکی ئاگرینی کڕیوە تۆمەتبار کرا، ئەمەش تاوانێکی گەورەیە.

ئەوەی (بایدن) دەیکات لەچوارچێوەی یاسا و دەسەڵاتی فەرمی وڵاتەکەیەتی، کە وەکوو سەرۆک مافی لێبوردنی لە چەند کێشە و کەسێک هەیە، بەڵام ئەو لەپێناو پاراستن و دەربازکردنی کوڕەکەی لە سزا و بڕیاری دادگا دەسەڵاتی خۆی بەکارهێنا و لە گوتارەکەشیدا پاساوی هێناوەتە لەبەر چی ئەم دەسەڵاتەی هەتا دواین هەفتەی دەسەڵاتداریی خۆی بەکارنەهێناوە. لە دیماهیدا دەبێژێت، ناچارم چونکە دۆزی کوڕەکەی لەدادگا وەکوو فشار و ململانێ سیاسی بەکارهێنراوە، بۆیە ناچارە ئەم بڕیارە بدات.

بێگومان ئەم کۆتایی یارییە سیاسییەکان و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دادگا و سسیتەمی دادپەروەریی نییە، هەر زوو (ترەمپ) لەڕێگەی گوتەبێژەکەی (ستیڤن چێونگ) وەکوو هەنگوینی لەدار دۆزیبێتەوە لە ڕۆژنامەی (زی هێل) ئاشکرای کرد "ڕاوکردنی جادووگەرە شکستخواردووەکەی دژ بە سەرۆک ترەمپ سەلماندی، وەزارەتی داد لەژێر کۆنترۆلی دیموکراتەکان دایە و داواکاری گشتیش توندڕەوە و سسیتەمی دادوەرییان پەکخستووە. بۆیە پێویستە چاکسازیی لەسیستەمی دادپەروەریی بکرێت، دەبێت پرۆسەی یاسایی بۆ هەموو ئەمەریکییەکان

بگەڕێندرێتەوە، ئەمەش ڕێک ئەوەیە، کە سەرۆک ترەمپ دەیکات، کە دەگەڕێتەوە کۆشکی سپی". لەبیرمان نەچێت (ترەمپ) زۆر لە (بایدن) پتر مەیلی بەلای خزم خزمانێ و لایەنگریی دۆستەکانیەتی.

ئێمە دەزانین لە زۆر وڵاتی دونیادا دادگا و دادوەری گشتی و سیستەمی دادوەری گومانی زۆریان لەسەرە و هەمیشە ئەم بوارە لەلایەن دەسەڵاتداران و لایەنە بەهێزە سەربازی و سیاسی و ئەمنییەکان بەکار دەهێنرێت و لەهەندێک کۆمەڵگەشدا هێزی چینایەتی کاریگەریی لەسەر ڕەوشی دادگا هەیە. ئەمەریکا بەوە ناسراوە، کە یاسا لەسەرووی هەموو شتێک و دەسەڵات و کەسێکەوەیە و لەپیادەکردنیش بنەمای یەکسانیی و دادپەروەریی هەیە، ئەوەی هەنووکە دەیبینین بەشێکە لەو پرۆسە سیاسی و ململانێ سەختە حزبییەی کۆمەڵگەی دووچاری گومان و لاوازیی لەسیستەمی دادەپەروەریی و دادگا و هەتا پرۆسەی دیموکراسیش کردووە.